# ناسیونالیزم و دژەکانی

# ناسیونالیزم و دژەکانی

سمكۆ محەمەد

٢٠٠٩

لیژنەی سەرپەرشتیاری زنجیرەی چاپ:
**ئەحمەد تاقانە**
**محەمەد سەعید زەنگەنە**
**یوسف لەتیف**

**ناسیونالیزم و دژەکانی**
**سمکۆ محەمەد**

**لە زنجیرە کتێبی دەزگای شەفەقی رۆشنبیری ژمارە (٢٤)**

دیزاینی بەرگ: **لوقمان رەشیدی**
چاپخانە: **ئاراس ـ هەولێر**
ساڵی دەرچوون : **٢٠٠٩**
تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە (٥٤٧)ی دراوەتێ

پێشکەشە بە

کلارای کچم

# فەهرەست

پێشەکی ........ ٩

**چاپتەری یەکەم**

تیئۆرەکانی سیاسەت و دەوڵەتی نەتەوەیی ........ ١٧
تیئۆری سیاسی یۆنان لە ئەفلاتوونەوە بۆ ئەرستۆ ........ ٢٤
تیئۆری سیاسی رۆژئاوا ........ ٣٠
دیاردە سیاسییەکان ........ ٣٤
تیئۆری سیاسی سەدەی ١٨ و ١٩ ........ ٤٣
تیئۆری رەخنەیی سەدەی ٢٠ ........ ٤٨
نەتەوەکان و چەمکی ناسیۆنالیزم ........ ٥٠
ناسیۆنالیزم بیرێک بۆ بەرز راگرتنی رۆژئاوا ........ ٥٥
ئیدیۆلۆژیای ناسیونالیزم ئێمە و ئەوان ........ ٦٣
مێژووی چەمکی ناسیونالیزم ........ ٧٠
پێناسەی نەتەوە بەپێی دەوڵەت ........ ٧٥
نەتەوە و ئاین ........ ٩٠
هەڵبژاردنی شارستانیەت ........ ٩٧

شارستانیەتەکان ..... ١٠٢
زمان و نەتەوەکان ..... ١٠٥
ناسیونالیزم کارتێک بۆ بەدەسهێنانی شوناس ..... ١١١

## چاپتەری دووەم

ڕژێمی ناسیونالیستی وەک دیاردەیەکی سیاسی ..... ١١٩
پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی لەکوردستانی عێڕاق ..... ١٢٦
ڕژێمی کوردی لەسیاسەتدا ..... ١٣٣
تێکەڵ کردنی ئاین و عەلمانیەت ..... ١٤٠
دابەشکردنی کار لەڕژێمی کوردیدا ..... ١٤٤
توندو تیژی نێو بزووتنەوەی ناسیونالیستی ..... ١٤٩
سەرەنجام ..... ١٧٠

## پێشەکی

مێـژووی بزووتنـــەوەی سیاســی لەسەراســەری جهانــدا، بریتیــە لەوچیرۆکانەی کەلەئەنجامی کێبەرکێی گەلان و چینەکاندا نوسراوەتەوە، لەمڕاستایەشــدا بۆ بەدەســهێنانی دەســەڵات کۆمەڵێک چەمکی جیاواز خزاونەتە نێو سیســتمە سیاســیەکانەوە، بۆهەر یەکێک لەو چەمکانەش بیانوویەکــی بۆدۆزراوەتــەوە و لۆژیکێک لەباگراوندیدا راوەســتاوە و بەرگری لێدەکات، بەپێچەوانەشــەو ە تیئۆریستینە فکری و سیاسیەکان هەم بەرچاو روونیان خستۆتە روو، هەم بەتێڕوانینی جیاواز ئاڵۆزتریان کــردووە. بــەڵام سیاســەت هــەر بەیەک مانــا نایەت، چونکە بەشــێکە لەزانســت و یاســا، یان بە میتۆدی جیاواز لــق و پۆپی جیاوازی لەخۆ گرتووە کەتیئۆریزەکارانی ئەم بوارە بنەماکانیان داناوە.

دابەشبوونی وڵاتان و پەرشوبڵاوبوونی نەتەوەکان بەسەر داگیرکەران لەئەنجامی جەنگە جهانیەکانەوە، هەروەها دروســت بوونی ســنووری

جوگرافی بۆهەر نەتەوە یەک، بەپێی کولتوور و خەسڵەتی کۆمەڵگەکان لەســەردەمێکەوە بۆســەردەمێکی تر کەڵکــی لێوەرگیــراوە، ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی بەرسیبەر و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن وەکو یەک چاوی لێکراوە، بەڵام دواجار دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو چەمکانەدا گەرمکراوە کەبزووتنەوە سیاسیەکان و رەهبەرانی ئەو بزووتنەوانە خوازیاری بوون، هەڵبەت بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەوڵاتێکەوە بۆنەتەوەیەک جیاوازی هەیــە، ئەگەرچی لەهەناوی هەریەکێک لەو سیســتمانەی کەلەمێژووی سیاســیدا بوونیان هەبووە، ناســیۆنالیزم کەڵکــی لێوەرگرتووە و لقێک بووە لەو سیســتمە، بەڵام جۆن ســتیوار ت میل کەتیئۆریستێکی لیبراڵ سیاسیە، پێی وایە پێکهێنانی ئەو جۆرە دەوڵەتە ناکارن کەلەسەر بناغەی نوێنەرایەتی کولتووری جیاواز دروســت بوون ، ســتێنر ١٨٠٦_ ١٨٥٦ کەتیئۆریســتێکی ئەڵمانیــە و دژە بۆچونــی هەیە لەگــەڵ میل، رەخنەی توندی لەسیستمی لیبرالیزمی سیاسی و سۆسیۆلۆژیای بەشەری هەیە، ئــەم جیاوازیانە لەبەرامبەر چەمکی سیاســی و ناســیونالیزم و خودی نەتەوەکان، جیاوازە لەتیئۆرەکانی کانت و میکاڤیلی کەلەپراکتیکدا زیاتر دەبینرێت ..

ناسیونالیزم ئەو چەمکەی بۆنەتەوە ژێردەستەکان جێکەوتەبووە و بوو بەئیدیۆلۆژیایەکی رووت، باشــتر بڵێم نەتەوەخــوازی کردە مەتڵەبێکی سیاسی، بەو ئاراستەیەی کەنەتەوەی ژێر دەست لەژێر چەپۆکی نەتەوەی سەردەست نەمێنێ، سەرەنجام رژێمێکی سیاسی خوڵقاندووە کەهەندێ جــار زۆر دوور کەوتۆتــەوە لەســتراتیژی نەتەوەیــی. تائەو جێگەیەی کەرەوایەتی داوە بەدەســتەبژێرێکی بەناو سیاسی و جۆرێک لەبازاڕی سیاســی گەرم کــردووە، هەروەها ئەم چەمکــە بەرادەیەک توندڕەوی بەرهەمهێناوە کەدواتر پاشــگری ئیزمی بۆهەر یەک لەرژێمە فاشــی و

ناسـیزی و شـۆڤێنیزم و هتد هێنایە ئارا و جەنگێکی تری خوڵقاندووە، هەرئەوەی کەئێستا وەکو ئەزموونێکی ناحەز و نابوت تەماشای دەکرێت، بیروبـاوەڕی ئینتەرناسـیونالیزمیش کەبیرکردنەوەیەکـی پێچەوانـەی ناسـیونالیزمە، هەنـدێ جـار بەهـۆی کێبەرکێی سیاسـی و بەتایبەتی کێبەرکێی نێوان ئامریکا و سۆڤیەتی کۆن کەجەنگی ساردی چەند ساڵ درێژکردەوە، دواتریش بەسەرکەوتنی ئامریکا و سەرمایەداری کۆتایی هـات، هەروەها خراپ کەڵک وەرگرتن لەچەمکی ئینتەر ناسسـیونالیزم و کۆمۆنیـزم و رووبەڕووبونـەوەی ریژیمـی سـەرمایەداری، لەپەنـا ئەمەشـدا تێنەگیشـتنی کۆمۆنیستە سـوننەتیەکان لەنێو کاری حزبیەت و ئیدیۆلۆژیـای مارکسـی بوون، هەرچـی زیاتر رێگە خۆشـکەر بوو بۆئـەوەی بیـری ناسـیونالیزمی سـەرهەڵبداتەوە، ئـەم مەشـغەڵەتە سیاسـیە کەلەو دەوڵەتانەوە دەسـتی پێکرد کەلەسۆڤیەت جیابوونەوە و سـەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، رێگەی بۆئەو نەتەوانەش خۆش کرد کەبچنە نێو هاوکێشـە سیاسـیەکانەوە، نەتەوەی کـورد کەیەکێکە لەو نەتەوانەی بەدرێژایی مێژووی خۆی سەربەخۆیی بەخۆیەوە نەبینووە، لەپەراوێـزی ئـەم چەمکـەدا هەرچی زیاتـر کەڵکی لێوەرگـرت، بەڵام کوردەکان نەیانتوانی لەسەر هێڵی راستی ئەو ناسیونالیزمە رێگە ببڕن کەتیئۆریستینەکان باسـی دەکەن، بۆیە تائێستا موناقەشەی زۆر لەنێو رۆشـنبیران و سیاسـیەکانی نێو بززوتنەوەی کوردی هەیە کەخاوەنی گوتـاری ناسیونالیسـتی نین، بەبیانـووی ئـەوەی کەتایبەتمەندی ئەم نەتەوەیـە لـەرووی جوگرافی و کولتوور و زمانـەوە، جیاوازی زۆری لەگەڵ گەلانی تر هەیە کەئێستا خاوەنی دەوڵەتن و سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە...

قەناعەت پێکردنی کۆمەڵگە لەلایەن دەستەبژێرێکی سیاسیەوە بۆئەوەی

لەپەراوێزی  چەمکی ناسیونالیستیدا هاوکاری سیاسیەکان بکەن، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە چارەنووسی کۆمەڵێک خەڵک بەجیاوازی کولتوورەوە لەکێشە بنەڕەتیەکانەوە کورت کراوەتەوە بۆکێشەیەکی جوگرافی، لەبەرامبەر دەوڵەتانی تر و هێزی سیاسی باڵادەست لەو ناوچانەدا کەچەند نەتەوەیەک هەن و تەنها نەتەوەیەک حاکمە، کەچی دواجار ئەم چەمکە لەچوارچێوەی ئیدیۆلۆژیایەکی حیزبیدا چڕ دەکرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە ناسیونالیزم بۆتە ئیدیۆلۆژیایەکی حزبی و تەنها بەرژەوەندی حزبی لەبەرچاو گرتووە، هەروەک ئەوەی کەلەنێو دەستەبژێری سیاسی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و گەلانی تردا  دەبینرێ، بۆیە هەڵگرانی شوناسی ئەو نەتەوانە، بنکە جەماوەریەکەیان ئینتمایان بۆی نەماوە کەئەمە یەکێکە لەو کێشانەی بزووتنەوەی سیاسی کوردی دووچاری بووە، کەچی دەبینین چەپەکان پلاتفۆرمی لەبارتریان پێشکەش کردووە کەلەپەراوێزی مرۆدۆستی و سۆسیالیزمدا هاتووە، وەکو ئەوەی هیچ نەتەوەیەک نابێت ژێر چەپۆکی نەتەوەیەکی تر بێت، سابا هەر بیانوویەکی سیاسی و جوگرافی لەپشتەوە بێت...

موناقەشە کردن لەسەر ئەم چەمکە و پێشکەش کردنی پلاتفۆرمێکی سیاسی تر، یاخود جیاکردنەوەی لەگوتاری سیاسی حزبی و گواستنەوەی بۆگوتارێک کەبەرژەوەندی کۆمەڵگە زیاتر لەبەرچاو بگرێ، یان هۆشیار کردنەوەی خەڵک لەکەڵک وەرگرتن لەوگوتارە کەکراوە بەئیدیۆلۆژیا، جگە لەچەپە توندڕەوەکان کەشوهەوایەکی وەهای نەخوڵقاندووە کەمافی چارەنووسی گەلان جیابکرێتەوە لەمافی حزبی، باشتر بڵێم ئەو موناقەشەیەی کەلەگەڵ حزبە بەناو ناسیونالیستەکان کراوە، موناقەشەیەکی نالۆژیکی جێگەی گرتۆتەوە، بۆیە کەقسە

لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم چەمکە دەکرێت، راستەوخۆ ئەوانەی خاوەن بیروباوەڕێکی ناسیونالیستین، دژایەتی ئەو پلاتفۆرمە دەکەن کەچارەنووسی نەتەوەیەک دەخاتە بەردەم مەرحەمەتی دەستەبژێرێکی بەناو سیاسی، بەو بیانووەی گوایە هێشتا کێشەی نەتەوەکان کێشەیەکی زەق و هەڵواسراوە لەنێو هاوکێشە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکان..

ئەم پێشەکیە کورتکراوەی هەندێک لەو هێدلاینانەیە کەلەنێوەڕۆکی باسەکاندا تائەو جێگەی پێویست بووبێت موناقەشە کراوە، دەمەوێ ئەوەش لەم پێشیەکەدا بەبیر بهێنمەوە کەسەرەتا گەرەکم بوو تەنها لەسەر چەمکی ناسیونالیزم کار بکەم، بەلام دواتر بەناچار خزامە نێو چەمکی سیاسیەوە و بوو بەمیحوەرێک لەکتێبەکە، میحوەرەکانی تریش ناسیونالیزم و چەمکی دەوڵەتە، میحوەرێکی تر بزووتنەوەی سیاسی کورد و ناسیونالیزمە کەنەدەبوو خۆم لەم لایەنە بەدوور بگرم، روونکردنەوەیەکی کەمی ئەو بیانووەیە کەناسیونمالیزمی کوردی کەڵکی لێوەرگرتووە.

ئەوەی کەزۆرترین ئیشکالیاتی تەوەرەکانی بۆخوڵقاندم، یان هەندێ لەو باسانەم دووبارە کردۆتەوە کەلەلایەن نوسەرانی ترەوە هاتوون، نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بوو بەچەمکی ناسیونالیزم، جگە لەو چەند بیرمەندەی وەکو (فیختە و هێردەر و ئەرنست رێنان و لینین و ستالین و مارکس) هیچ دەقێکی تر نەبوو تایبەت بێت تەنها ئەوە نەبێ کەلەپەراوێزی باسێکی سیاسی یان فکری هاتووە و موناقەشە کراوە، یان ئەو موناقەشانەی کەلەسەر تاکە نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک کراوە تا ئەو شوێنەی شۆڤێنیەتی پێوە دیارە، ئەگەر هەر کەموکوڕییەک هەبێت داوای لێبوردن دەکەم و مەودای کارەکەم هەر ئەوەندە بووە، هیوادارم شتێکم کردبێت جیاواز لەو باسانەی تر کەپێش من کراوە سەبارەت

بەسیاسەت و سیستمە سیاسیەکان، هەروەها چەمکە سیاسیەکانی تری وەک (ناســیونالیزم و ئیدیۆلۆژیا و حزبیــەت و رەهەندەکانی تری ئەو باسانە...

**سمكۆ محەمەد**
**٢٠٠٩/٢/١**

# چاپتەری یەکەم
## "تیئۆر"

# تیئۆرەکانی سیاسەت و دەوڵەتی نەتەوەیی

**« سەربەخۆیی ئەوەنیە**
**دوژمنەکانمان وەدەرنێین،**
**بەڵکو ئەوەیە فێربین**
**چۆن خۆمان بەڕێوەبەرین»**

**گاندی**

١: سیاسەت
ا: تیئۆرەی یۆنانی ئەرستۆ
ب: تیئۆرەی رۆژئاوا
سەرەتایەک لەبارەی سیاسەتەوە

سیاســەت (politiqe) وەکو پێناسە بەمانای وشە ئەوەیە کەلەعەرەبیدا (الســوس) ە، سوســیش بەمانای ســەرۆکایەتی کردن بۆبەرژەوەندی کەسـێک، یان چەند کەسـێک، یـان کۆمەڵگەیەک یـان دەوڵەتێک دێت، لەزمانــە فەرانساییەکەشــدا بەمانــای (دەولــەت و شــار و هاولاتیانی دانیشتوو دێت). لەپێناسەیەکی تردا سیاسەت مانایەکی تری بۆداتاشراوە کەلەزمانــی عەرەبیــدا (فن الممكنــات) واتە (هونەری بەدەســت هێنان) یاخود بەمانایەکی تر (هونەری شتە رێتێچووەکان) بەکاردێت کەئەمەیان لەرووی پڕاکتیکیەوە دێت، نەک لەڕووی زانستی سیاسیەوە. ئەمە جگە

لــەوەی کەسیاســەت لەهەموو کایەکاندا وەکو نەخشــە ڕێگایەک کاری پێدەکرێت و زۆربەی کایەکانی تری لەپێکەوە لکاندووە.
بەبڕوای (جۆن ڕۆڵز) کەلەکتێبی (تیۆرەی داد) نوســیویەتی (سیاسەت ئەوەیە کۆمەڵێک کەس کەباوەڕ و بیرو ڕای جیاوازیان هەیە بەیەکسانی ملکەچــی کۆمەڵێک یاســا و پرنســیپ دەبن)، یەعنی بەم شــێوەیە ئێمە دەچینە بەردەم چەند جۆرێک لە سیاسەت، بۆنمونە (سیاسەتی ئابوری، سیاســەتی نێوخۆیی، سیاســەتی دەرەکــی و نێودەوڵەتی، سیاســەتی فەرهەنگی، سیاسەتی ئیدیۆلۆژی، سیاسەتی ئاینی و هتد) ...
بــەڵام ئێمــە لەم باســەدا ناچینە ســەر هەندێــک لەو چەمــک و زاراوە داتاشــراوانەی کەهــەر یەکێــک لەبیرمەندانــی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا بەشــێوەی جیــاواز پێناســەیان کــردووە، ئەگەرچی هــەر یەکێک لەو چەمکانــە کۆمەکمان دەکەن و لەشــوێنی خۆیــدا کاری پێدەکرێ، بەڵام کەمتــر پەیوەنــدی بەباســەکەوە هەیــە و گرنگی هەیــە، لەکاتێکدا هەر یەکێک لەو چەمکانە هەم فکری و فەلســەفین، هەم سستمێکی جیاوازن لەیەکتر..
لەباری شیکردنەوەشــدا سیاســەت ئەو چەمکەیە کەهەم لقێکە لەلایەنە جیاوازەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی، هەم فکرێکی کۆنە و هەم پرسیار گەلێکە لەسەر عەقڵ و لۆژیک، هەروەها میتۆدێکی زانستی ترە بەهەموو بۆچوونــە جیاوازەکانەوە، بــەو مانایەی کە نزیکایەتــی لەنێوان هزری سیاســی و ژیانی سیاسی دروست دەکات، بەڵام لەدەرەوەی زانست و میتۆد و سیستمە جیاوازەکان، ئەم چەمکە توانیویەتی هەموو کایەکانی ترلەهەنــاوی خۆیدا جێگــە بکاتە و کۆنترۆڵیان بکات، هەروەها مشــت و مڕێکە لەســەر کێبەرکێی نێوان هێز و فکری سیاســی، مشــتومڕێک کەلەنێوان پێناســەیەکی کلاسـیکی و هاوچەرخدا، لەگەڵ سەرهەڵدان و

هاتنە ئارای فکری نویٚ، شـێوازی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیشی گۆڕیوە بۆبارێکی تر کەپێشتر بەشێوەیەکی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، سابا ئەو بەدەســتهێنانە بۆدروســت کردنی دەوڵەت بوو بێت، یان جێکەوتە کردنــی هــەر بیرێکی سیاســی تر بێــت کەســەرەتا تەنها فەلســەفەی پەروەردەکردنی کۆمەڵگە و هۆشیاری لەپشتەوە بوو.

چوار مشــتومڕی جەوهەری هەن کەلەمەڕ "نەتەوەکان و ناسیونالیزم" دێنە نێو توێژینەکەمان و پەیوەندی راســتەوخۆیان هەیە بەم باســەوە، بەر لەمەش پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن چەمکی ناسیونالیزم بخەینە نێو زاراوە و سیستمە سیاسیەکانەوە، هەروەها چۆن ئەم زاراوەیە هەڵکۆڵین و لــەڕووی ئەکادیمییەوە کۆمەڵە چوار چێوەیەکی هەمەچەشــنەیان بۆ پێشنیار کراوە، یاخود چۆن بتوانین مامەڵەیان لەتەکدا بکەین و پەخشی بکەیــن بەســەر کولتــوور و ئایــن و جوگرافیا و زمانــەوە، ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە بەشێکی زۆر لەپانتایی باسەکەیان داگیر کردووە..

هەڵبــەت ئەم چاپتەرەمــان بۆیە بۆ چەمکی سیاســی تەرخان کردووە، چونکــە دەمانــەویٚ لانی کــەم باگڕاوندێکــی سیاســی مێژوویی گەلان وەربگرین و چەمکە سیاســیەکان لەم باســەدا جیٚ بکەینەوە، هەروەها لەڕێــگای بۆچوون و موناقەشــەی بیرمەندانەوە، جیاوازیەکان پیشــان بدەین کەهەر یەکەیان لەزەمەن و جوگرافیایەکی جیاواز قسەی لەسەر کردووە..

بەر لەوەی باس لەتیئۆرە سیاسیەکان بکەین، هەروەها لەپەراوێزی ئەو تیئۆرانە قســە لەسەر ســەرهەڵدانی بیری ناسیونالیزم بکەین، پێویستە پێناســەیەکی ســەرەتایی دەوڵەت شــار بکەیــن، چونکە بەشــێوەیەک لەشێوەکان دەوڵەت شار ناسیونالیزمی ئەو سەردەمە بووە، ئەگەرچی ئەم سیســتمە دەوڵەتییە لەڕووی مێــژووەوە چیرۆکی زۆری تێدایە و

باسـێکی زۆری لەسـەر کراوە، بەڵام بەپێی قسـەی (برتراند رسل) کە بۆچۆنێکـی ترە لەدەرەوەی شـیکردنەوەکانی تر و کتێبەکانی ئەفلاتۆن و ئەرسـتۆ، ئەم جۆرە دەوڵەتە بنکەیەکی گەورەی چالاکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بووە، بەشێکیشـە لەو هۆکارانەی کـە دەوڵەتی نەتەوەیی دروسـت کردووە، لەلایەکی تریشـەوە کێبەرکێی دەسـەڵاتی سیاسـی بووە لەشـارێکی دیاریکـراودا، جگـە لـەوەی کەدامەزراندنی دەوڵەت شـاری سەربەخۆ و مێژووی دروستبوونی گریک هۆکارێکی سەرەکی بـوو، هەروەهـا کێبەرکێ و جەنگی نێوان فارس و یۆنان سـەلمێنەری ئەم بۆچوونەن..

لەسەروەختی خۆیدا ئەسینا روبەرێکی فراوانی نەبووە تاکو هاوڵاتیەکانی یەکتر نەناسـن، چونکە هەر یەک لە (سـپارتا و ئەسـینا) و ناوچەکانی تر، وەکو دەوڵەتی سـەرەتایی خاوەن ئابوریەکی سەربەخۆبوون، بەم شـێوەیە لەباری سیاسیەوە ئامادە نەبوون ملکەچی هیچ هێزێکی تربن لەناوچەکـە، دەوڵەتـی ئەسـینا کەبچوکترین شـاری یۆنانـە و خاوەن سـیمایەکی تایبەت بووە، لەرووی هزری و سیاسـیەوە کەسوکرات و ئەفلاتون پێشـەنگەکانیان، وەکو دەزانرێ کە دانیشـتوانەکەی بەسـەر سێ چینی جیاوازدا دابەش بوون کەستراکتۆری ئەم شارەبووە، لەوانە چینی (کۆیلەکان و بێگانە و هاوڵاتیانی ئازاد) بوون..

ئـەوەی کـە پەیوەندی بەکۆیلەکانەوە هەبوو لەمافی سیاسـی بێ بەش کرابـوون، تائـەو رادەیـەی کڕیـن و فرۆشـتنیان پێدەکرا، نـە پیاوان بۆیـان هەبـوو ژن بهێنن و نەژنـان بۆیان هەبوو مێـرد بکەن، چونکە هاوڵاتی نەبوون بەپێی یاسـای دەوڵەت، چینـی بێگانەکانیش ئەو چینە بـوون کەنەخۆیـان و نەباوک و دایکیان لەئەسـینا لەدایـک نەبوون و بەپێی پەروەردەی ئەسـینایی گەورە نەبـوون، هەرچی چینی هاوڵاتیە

ئازادەکانیش بوو، هەموو جۆرە مافێکی بەشـداری سیاسـی و سوپا و وەرگرتنی پۆستی وەزیفەی دەوڵەتیان پێدرابوو، چونکە ئەسینا خاوەنی چەند دەزگایەکی گرنگ بووە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەو ڕێسـا و یاسانە کاری کردووە.

دەزگای یەکەم: کۆنگرەی گشتی کەتەنها هاوڵاتیانی نێرینەی وەردەگرت و لەتەمەنی ١٨_ ٢٠ سـاڵی بوو و کۆبوونەوەکانی (١٠ ) سـاڵ جارێک گرێدەدا.

دەزگای دووەم: ئەنجومەنـی پێنج سـەدی، ئەم ئەنجومەنە بریتی بووە لەپێنج سـەد کەس و نوێنەرایەتی ئەو دە هۆزەیان دەکرد کەلەئەسـینا دەژیان، لێپرسـراوێتیەکەیان تەنها ئەوەبوو، پێشـنیاری یاسایی بخەنە ژێر دەسـتی کۆنگرە و سەرپەرشتیشیان دەکرد، هەروەها بڕیاردەر و جێبەجێکەری فەرمانەکانی دادگا بوون، جگە لەمەش باج و سەرانەشیان کۆدەکردەوە و چاودێری دارایی دەوڵەتیشیان دەکرد، سەرباری هەموو ئەمانەش ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو هەم جەنگ رابگەیێنێت و هەم ئاشتی بەرقەرار بکات.

دەزگای سـێهەم: دادگا بـوو، ئـەم دەزگایە لەرێگـەی هەڵبژاردنێکەوە بوو کەلەنێو دامودەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەتەوە دەکرا، دەبوو شەسـت کاندیـد هەبێت بۆشـەش هەزار ئەنـدام، مافی ئەوەیان هەبوو دەسـت لەکارو باری دەوڵەت وەربدەن تەنها سوپا نەبێ.*

سـپارتە شـارێک بوو دراوسێی ئەسـینا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تەواوی بیری ناسیونالیسـتی یۆنان هەبووە، هەر ئەمەش وای کردووە لەشـەڕدا بەسەر ئەسـینادا سـەرکەوێت، لەحاڵێکدا لەرووی سیستمی

*.(تاریخ الفلسـه، برتراند رسـل. الفلسـفه القدیمه، ترجمه. زکی نجیب محمود. دار النشر القاهره. ل١٦٠ ل١٦٢ ل١٦٣ ).

دەوڵەتەوە هیچی وەهای جیاواز نەبوو لەگەڵ ئەسـینا، بۆنموونە چەند دەزگایەکـی هەبـوو بۆبەڕێوەبردنـی دەوڵەت، لەوانـەش بریتی بوون لـە سیسـتمی دوو پاشـایەتی و ئەنجومەنی پیـران و کۆمەڵەی گەل و راوێژکاران.

دەزگای یەکـەم دووپاشـایەتی: ئەم سیسـتمە تەنها لەسـپارتە هەبوو، دووکـەس بەڕەچەڵـەک لـەدوو بنەماڵـەی جیـا بەمیرات پاشـایەتیان بۆماوەتـەوە و دەبـوون بەپاشـای دەوڵـەت، هەردووکیـان لەجەنگدا سـەرکردایەتی سـوپایان دەکـرد. هەروەهـا سەرپەرشـتی سـرووتە ئاینییەکانیشـیان دەکـرد، بەتایبەتـی لەکاتـی ئاشتیشـدا دەسـەڵاتیان سنوردار کرابوو.

دەزگای دووەم: ئەنجومەنـی پیرانـە و لەبیسـت و هەشـت کـەس لـە چینە سـەر بە ئەرسـتۆ کراتـەکان پێک دەهات، هەر یـەک لەئەندامانی ئەم ئەنجومەنە دەبوو تەمەنیان لەشەسـت سـاڵ کەمتر نەبێ، ئەرکیان یەکلایـی کردنـەوەی تاوانـەکان و هەروەها بەرێوەبردنـی کاروباری بازرگانیش بوو..

دەزگای سـێهەم، دەزگای کۆمەڵـەی گەل بوو، ئـەم دەزگایە لەهەموو هاوڵاتیـان پێکدەهات و هەمـوو مانگێک کۆدەبوونەوە، هەروەها لەبری هەمـوو گەل پۆسـتەکان بۆ ئەو کەسـانە دیاریدەکـران کەبەڕێوەبری کارگێڕی بوون، بڕیاری جەنگ و ئاشـتی و ئەو کێشانەی رووبەرووی سەرۆک دەبووە وە، ئەرکی سەر شانی ئەم کۆمەڵەیە بووە.

دەزگای چـوارەم: دەزگای راوێـژکاران بـوو، ئەم دەسـتە راوێژکاریە لەپێنج ئەندام پێکدەهات و لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە هەڵدەبژێردران، ئەرکیان ئەوەبوو کەبەلانسـێک لەنێوان دەسـەڵاتەکانی هەردوو پاشـا بکـەن کەسـوێندیان لەبـەردەم ئـەم ئەنجومەنە دەخوارد، سـەبارەت

بەپاراستنی دەستوری سپارتە، هەروەها ئەم دەستەیە دەیتوانی دادگایی پاشـاکانیش بکات لەئەگـەری ئەنجامدانی هەر سـەرپێچی و تاوانێکدا دەرهـەق بەدەوڵـەت، ئەم دەزگایە هێندە باڵادەسـت بـوو کەدەیتوانی بەنهێنـی دەزگای پۆلیـس دروسـت بـکات و چاودێـری فەرمانبەرانی دەوڵەت بکات لەرایی کردنی کاروباری خەڵک.

ئەمە کورتەیەک بوو لەپێکهاتە و ژیانی سیاسـی و یاسایی و سیستمی هـەردوو دەوڵەتـی ئەسـینا و سـپارتە کەپەیوەنـدی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی بەتیئۆری سیاسـی یۆنانەوە هەیە. هەروەها پەیوەندی بەسـتراتیژی ئەم باسـەوە هەیە کەگرێدانـە بەبیری ناسـیونالیزمەوە لەکۆنەوە تائێستا، هەر لە پێکهێنانی دەوڵەت شار و دامودەزگا حکومی و یاسـاییەکانەوە بگرە، تا دەگاتە جەنگی نێوان ئەسـینا و سـپارتە و کێبەرکێی شارسـتانی و دابەشـکردنی هاوڵاتیان بەسەر چەند چینێکی جیاوازدا، سـەرەتای باسـێکی کۆنی مێژوویین کە کۆمەکی تەواو بەم لێکۆڵینەوەیە دەدەن کەشیکارییەکی جیاوازە لەو شیکاریانەی پێشتر بۆ ناسـیونالیزم کراوە، بەو پێیەی کە پشـتگیری لە بۆچوونی مارکسیانە دەکات کەناسـیونالیزم وەک دەرەنجامی بیرێکی کۆن تەماشـا دەکات، بەم شێوەیە سیستمی سیاسی بە پشتگیری هزر و فەلسەفەی سیاسی گەشـەی کردووە و لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەک بۆتە مۆدێلێکی تری سیاسی بۆ زیندوو کردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەکان، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کەتائێستا خاوەن قەوارەی دەوڵەتی نین..

## تیئۆری سیاسی یۆنان
## لەئەفلاتۆنەوە بۆ ئەرستۆ

هەڵبــەت ناکرێ بــاس لەتیئۆرەی سیاســی یۆنان بکەیــن، یاخود باس لەتیئۆرەکانی ئەرســتۆ بکەین، ئەگەر باسی ئەفلاتۆن نەکەین. ئەفلاتون کەلەســاڵی (٤٢٧_٣٤٧) ژیاوە ســەرەتا قوتابی ســوکرات بووە، دواتر پەرەی بەژیانی فەلســەفی و سیاســیداوە، ئەگەرچــی لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەکانی ســوقرات بووە، بەڵام بەجیاواز لەمامۆستاکەی بیری کردۆتەوە، دانەری ٣ کتێبە بەناوی (کۆمار و سیاسەتمەدار و یاساکان)، لەکتێبــی کۆماردا ئــەو بیرورایانــە دەخاتــە روو کەپەروەردەکردن و ئیرادەکردنــی تاکەکــەس لەســەر بنچینەی چاکــە و مەعریفەت بونیات دەنرێــت. هــەر لەم راســتایەدا حکومەت و دەســەڵات بەدەســت دێت، ئەم کتێبە شــرۆڤەیەکی رەخنەیی دەوڵەت شارە و دواتریش هەرخۆی هێرشی دەکاتە سەر، بۆیە پڵاتفۆرمی فەلسەفی دەخاتە روو و پێشکەشی دەکات. دواتر لەکۆمارەوە بیر لەدانانی یاساکان دەکاتەوە، «ئەو لەدوای (برکلیس) لەخانەوادەیەکی ئەسینایی لەدایک بووە، خاوەن ئاراستەیەکی سیاســی لیبراڵــی بووە، ئیدی بیری لەوە کردۆتــەوە کەبە چ حوکمێکی دیموکراتیانە دەوڵەتی ئەســینا حوکمی مردن بەسەر سوقراتدا دەدەن، لەکاتێکــدا لەژێــر کاریگەری ســوکرات بــووە وەک قوتابــی، هەروەها لەلایەن سافستاییەکانەوە دژایەتی زۆر دەکرا، بەمەش ئەفلاتۆن گرنگی بەبەرژەوەندی گشتی دەدا لەبری بەرژەوەندیەکانی تاک، بیری لەوەش

کردۆتــەوە کەکۆمارەکەی بەیاســایی بکات، هەروەها پرســیاری لەوە دەکرد فەیلەســوف کێیە ئەگەر خاوەنی زانســت و مەعریفەی ئینسانی و مەعریفــەی خێــر نەبێت، یاخــود نەزانــێ بەرژەوەندی تــاک دەبێتە هــۆی دابەشــبوونی کۆمەڵگە بەســەر دووچینی هــەژار و دەوڵەمەند، ئەمە جگە لەوەی کەگرنگی تەواوی بەپەروەدە دەدا، پاشــان ســێ جۆر سیســتمی لەیەکتر جیاکردەوە کەهەریەکەیان لــەوەی تر جودابوون و سیستمەکانیش بریتی لەمانەی خوارەوە..

یەکەم: سیستمی سۆفۆکراسی. ئەم سیستمە لەلای ئەفلاتۆن سیستمێکی نموونەیی سیاسیە و خزمەت بەکۆمەڵگە بەگشتی دەکات.

دووەم: سیستمی ئۆلیگارشی. ئەم سیستمەی بەسیستمی دەستەبژێرێک زانیوە کەدەســەڵات لەچەند کەسێکدا کۆدەکرێتەوە و خەڵکی عەوامیش دەســەنەخواری ئــەو دەســتەبژێرە سیاســیە دەبــن. هەروەهــا هێزی ســەربازی لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا دەبێت، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەمەند و پارەدارەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و خەڵکەکەی تریش بەهەژاری دەمێننەوە.

ســێهەم: سیستمی ئەریســتۆکراتی دیموکراتی. رەخنە گرتنی ئەفلاتۆن لەم سیســتمە لەوێوە ســەرچاوەی گرتبوو کەخەڵک بــەزۆری ناتوانن لەکاتی دەستنیشانکردنی فەرمانڕەواکاندا، ببن بەکارەکتەری سیاسی و کۆمەڵگە بەگشتی تێیدا بەهرەمەند بێت. *

هەڵبــەت خاڵی هاوبەشــی نێوان نەتــەوە و دەوڵەت لەســەرەتاکیانەوە دەســتپێدەکات کەدواتر لەچاپتەرێکی تردا دەبێتە موناقەشەی سەرەکی ئەم باســە واتە (چەمکی ناســیونالیزم)، قوتابخانەیەکی فکری گەورەی

* تارخ الفکر السیاســی. من المدینە الدولە الی الدولە القومیە.جان جاک شــوفالیە. ترجمە د. محمد عرب صاصیلا ل٣٧ و ٣٨

دیکــە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن فکرە هەمیشــەییەکان کەداکۆکی لەســەر ئــەوە دەکەن نەتەوەکان بەدرێژایــی زەمەنێکی زۆر دەڕۆن، هەرچەندە لەخاڵــە جیاوازەکانی مێژوو فۆڕمی جیاواز شــێوەگێر دەبن، دواتریش هەرچــی دیاردەی سیاســی هەیە و ناســیونالیزم بەتایبەتــی، لەدیاردە سیاسیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەپراکتیک قسەی لەسەر دەکەین، ئەوەش کەدامەزراندنی دەوڵەتی کرد بەیەکێک لەسەرقاڵیە سیاسیەکان و رەگداکوتانی دەســەڵات، مەسەلەی چەمکی سیاسەت ناسی بوو، ئەم میتــۆدە کەمیحوەرێک بوو لەفەلســەفەی یۆنان، وەکو نموونەیەکی باڵا و دەوڵەت شــاری بەرهەمهێنا و (ئەرســتۆ تاڵیس) تیئۆریزەی کردووە، بــەڵام ئەو ئیشــکالیاتە نێوخۆییانەی کە لەدوای ئەڕســتۆ هاتنە ئاراوە، بەشێکی بیروباوەڕەکانی ئەفلاتون بوو، مەسەلەی ئیمتیازات بۆهاوڵاتی و لەئەستۆگرتنی ئەرکی سیاسی و بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەرووی سیاســیەوە لەلایــەک، چەمکی ئەخلاق لەدەوڵەت شــار و قۆرخ کردنی سەروەت و سامان بۆکەمینەیەک، نەک چینە هەژارەکانی وەک جوتیار و کرێــکار و پیشــەوەر لەلایەکــی تــر، بەشــەکەی تری شــاڵاوەکانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بوو بۆسەر بەربەرەکان، لەمبارەیەوە د. غانم لەکتێبی بیری سیاســیدا دەڵێ "لەئاکامی ئەو شــاڵاوانەی ئەسکەندەری مەکدۆنــی بیــرو باوەڕێک هاتە ئــاراوە کەرەگەزی مرۆیــی یەکەیەکی دانەبڕاوە لەیەکتر، چیتر ئەو دڵسۆزیەش بۆدەوڵەت شار نەما کەپێشتر هەبــوو، ئەم تیئۆرە نوێیە بووە هۆی کارلێکــی یۆنانی لەگەڵ رەگەزی بەربــەر"* لەلایەکی تــرەوە ســەبارەت بەکەڵک وەرگرتنــی هەردووڵا لەیەکتــر د. غانــم دەڵــێ "ئەمانە کە مەبەســت لەبەربەرەکانە، شــتێکی زۆریان لەزانستەکانی یۆنان وەرگرتووە و یۆنانیەکانیش بەهەمان شێوە

* بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست . د. غانم محەمەد سالح، وەرگێڕانی سەلام کەریم ل٢٠١ و ل٢٠٢

کەڵکی زۆریان لەئەفسانەکانی بەربەر وەرگرت، بەمجۆرە شارستانیەتی یۆنانی هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لەڕووبەرێکی فراوانتردا لەرووی ناوەرۆکەوە مۆرکە یۆنانیەکەی رووی لەکاڵ بوونەوە کرد"** سەبارەت بەوەش کەلەرۆژهەلاتی ناوەڕاست هەبووە، جگە لەوەی لەسەردەمی فیرعەونەکانیش ئەم ئیشکالیاتە هەبووە کەکارلێکی لەگەڵ دەرەوەی خۆی کردووە، بۆنمونە لەگەڵ ئاسیای بچوک و سوریا و میسر و بابل و فارس و سەمەرقەندیش، مەسەلەی دەوڵەت شاریان بەرەو پوکانەوە برد". ***

مەبەست لەهێنانەوەی ئەم چیرۆککەلە لەیۆنان و دەوڵەت شار و کاریگەری لەسەر تیئۆری ئەرستۆ وەک پێشەکیەک بۆدەوڵەمەند کردنی باسەکە، روونکردنەوەی ئەو ئالوگۆڕە بوو کەلەتیئۆری سیاسی یۆناندا روویدا، بەڵام دیسان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بەهەموو جیاوازیەکانیەوە کەلەگەڵ یۆنان هەیبوو هاوکاتی یەکتریش بوون، دواتر کەڵکی لێوەرگیرا و ئەم جۆرە دەوڵەتە زیاتر لەسەردەمی خەلافەتەکانی ئیسلامەوە سەریهەڵدا، پاشان کەڵک لەو ئەزموونە وەرگیراو گەشەی کرد.

ئەوەی کەلەیۆنان بوو لەرێگەی فەلسەفەوە دروست بوو کەدواتر بەفەلسەفەی سیاسەت ناسرا، هەروەک باسمان کرد و دواتر بەتایبەتی باسێکی لەسەر دەکەم، سەرەتا ئەرستۆ لەمیتۆدەکەی خۆیدا رووبەڕوی چەندین جۆر ئیشکالیاتی سیاسی بۆتەوە، بۆنمونە "زۆرێک لەسیستمە سیاسیەکانی بەشێوەیەکی رێژەیی لاپەسەند بووە، لەکاتێکدا ئەفلاتۆن پێشتر رووبەڕووی ئەم بیرو بۆچوونە دەبێتە و داوادەکات تەنیا یەک شێوە لەسیستمی ئیدیال هەبێت بەبێ گوێدانە گۆڕانی بارودۆخ و هەمە

** هەمان سەرچاوەی پێشوو

*** هەمان سەرچاوەی پێشوو

چەشنەیی وڵاتان".*

ئــەوەش کــە لەسیســتمی دەوڵەتــی رۆمەکانــەوە بەجــێ مــاوە وەکو کولتوورێکــی سیاســی، ئەوەیــە کەتەنهــا بنەما یاســاییەکانی بەمیرات بۆبەجێماوەتەوە نەک تیئۆری سیاســی، چونکە سیستمی سیاسی رۆما بەســێ قۆناغدا تێپەڕیوە، (قۆناغی پاشــایەتی و کۆماری و ئیمپراتۆری بووە)، هەرچی ئەوەی کەلەرۆژهەڵاتی ناوەراستیشــدا هەبوو، جگە لەو سیســتمەی کەلەســەروەختی فیرعەونەکاندا پەیڕەو دەکرا، مەســەلەی تەختی پادشایەتی نەمری بوو تائەندازەی خۆ بەخوازانین بوو، هەرچی ئەوانــی تربوون کۆیلە بوون و هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک لەو سیســتمەدا پەیڕەو نەکراوە تاکۆتایی هاتن بەحاکمیەتی فیرعەونەکان، بەڵام ئەوەی کەلەدوای سیســتمی کڵێسای مەســیحیدا دەرکەوت و نمونەیەکی نوێ لەنێو عەرەبدا و بەتایبەت لەفکری ئیســلامدا چەکەرەی کرد، دروســت کردنی پەیوەندی نێوان دەق و ریوایەتەکان بوو کەپێویســتی دەوڵەتی دروست کرد بەزەرورەت، هەروەها کەڵک وەرگرتن لە زانست و فکری گریک..

لەم نێوەندەشــدا بیرمەندانی وەک (فارابی و ئیبن روشد و ئیبن سینا و غەزالی)، هەروەها وەرگێرانی ئەو دەقە یاسایی و فەلسەفیانەی یۆنانی کــۆن و دامەزراندنــی دامەزراوەی وەرگێران بۆســەر زمانی عەرەبی، فارابی کەلەساڵی ٧٨٠ تا ٩٥٠ ژیاوە، یەکێکە لەو بیرمەندانەیە کەزەمینەی بۆیۆنانیە هاوچەرخەکانی خۆی خۆش کردووە کەباشــتر لەفەلسەفەی خۆیــان تێبگەن، ئەوەی کە(فارابی) بەناوی (مدینە الفاچلە) واتە شــاری چاکــە نوســیویەتی، ئــەوەش کە(ئیبن روشــد) لەســاڵی ١١٢٦ تا١١٩٨ ژیاوە و بەدیارترین شــیکەرەوەی بیری سیاســی ئەرســتۆ ناســراوە،

* بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست. د. غانم محمد سالح. وەرگێڕانی. سەڵام کەریم ل١٩٩

دوای چەندین ســەدە کاریگەری بیری ئەفلاتۆنی لەفەلسەفەی عەرەبیدا زینــدوو کردەوە، تائــەو جێگەیەی کەزەمینەی بۆبیرکردنەوەی قەشــە (تۆماس ئەکوینی) خۆش کرد، بۆئەوەی کەڵک لەکولتوور و فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ وەربگرێت، هەروەها (ئیبن سینا و غەزالیش) بەهەمان شــێوە کاریان لەســەر چەمکی میتافیزکای ئەرســتۆ کردووە، تەنانەت رۆژئــاواش کەڵکیــان لێوەرگرت کەرەخنە بوو لەفکــری عەرەبی کۆن، ئەمەو جگە لەو رەخنانەی کەلەدەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەبی گیراوە، هەرلەســەردەمی خەلافەتی ئیســلامەوە، تادەگاتە دەوڵەتەکانی عەباسی و ئەمەوی ئەکەدی و هتد..

## تیئۆری سیاسی رۆژئاوا

لەچاپتــەری پێشــتردا بەتیژتیپــەڕ باســمان لەتیئــۆری سیاســی کرد، زۆربیرمەندی سیاسی لەبارەی تیئۆری سیاسیەوە بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی دەوڵەت و سیســتمی بەڕێوەبردن خستۆتە بەردەست، (ژولین فرۆنــد) سیاسەتناســی فەرانســاییە، لەپێشــەکی کتێبەکەیــدا بەنــاوی (سیاســەت چیــە) دەڵــێ "سیاســەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتیە و پشــت ئەســتوورە بەزەبــرو زەنــگ و بەپێی مافــەکان، ئاسایشــی دەرەکی و رێکخســتنی نێوخۆییە و یەکەیەکی سیاســی تایبەت دەستەبەر دەکات" هەروەها دەڵێ "سیاسەت تەنها لەخزمەت کۆمەڵدا نیە، بەڵکو لەخزمەت تاکیشــدایە، بــەم پێیە چالاکیــە سیاســیەکان هیچیان بەســەر کردەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی وەک چالاکی ئابوری و هونەری و ئەخلاقی و زانستیەوە نیە، بەڵکو لەگەڵ ئەوان لەمامەڵەیەکی بەردەوامدایە".*

هەروەهــا (کلــۆد برنارد) یەکێکە لە تیئۆریســتە سیاســیەکانی ئامریکا کەگرنگی بەچەمکی سیستمی دەوڵەت داوە و وەک دیاردەیەکی سیاسی مێژوویــی تەماشــای دەکات. ئــەو پێی وایە هەر دیاردەیەکی سیاســی لەژێر تاقیکردنەوەدا بوو دەبێتە تیئۆر، هەردیاردەیەکی تر کەچووە نێو لۆژیکەوە دەبێتە رژێمی سیاسی.**

ئەم بۆچوونەی (برنارد) لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەهەر دیاردەیەکی

---

* پێشەکیەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، د. ئەحمەد نەقیب، و. مەسعوود رەواندۆست، ل٣٣ ل٣٤

** علم السياسي. د. حسن الصعب. دار العلم للملايين. دار النشر بيروت. ١٩٨٥

سیاســی لەسیاقێکی مێژوویدا دەناسرێت، بۆنمونە رژێمی خێڵەکی جگە لەپاراســتنی بنەماڵە و دەوروپشــتی خۆی، هەروەهــا جگە لەجیاوازی چینایەتــی هیــچ مەهامێکی تری نەبووە، بۆیــە رەنگدانەوەی ئەم جۆرە تێگەیشــتنە لەســەروەختی خۆیدا، لۆژیکێکی تایبەتی هەبووە و بنەماڵە و خێزانە ئەشــرافەکان، تەنها لەپێناو خۆیاندا رەعیەتی خەڵکیان دەکرد، هەم بۆئەوەی ببن بەســەرداری خەڵک، هەم بۆپاراســتنی ســەرمایە و بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان لەسیستمی فیوداڵی ئەوکاتدا.

هەڵبــەت ئــەوەی کەسیســتمی فیوداڵی لەســەر پێ راگرتبــوو، بوونی ســەردارێکی خــاوەن زەوی و خــاوەن دەســەڵاتی فەرمانڕوایی بوو، جوتیاریش وەکو کۆیلەی زەوی و بەشێک لەئابوری کشتوکاڵی ژیانیان دەکرد، ئەم پایانە و خاوەن موڵکە گەورەکانی هەرچی زیاتر دەسەڵاتی گەورەتــر کردووە، باج ئەســتاندن و پاراســتنی پاشــا وەک ســەرۆک دەوڵەتی فیوداڵیزم، هەروەها ســەربازگیری بۆپاراســتنی سیســتمەکە و جوگرافیای دەســەڵاتدارێتی، ئەو هێزە چەکــدار کراوەش بریتی بوو لــەو جوتیارانەی کەکۆیلەی زەوی و زارەکانیان بوون کەبە سیســتمی بێگاری پێکردن گەشەی کردبوو..

رژێمــی کۆیلەیەتیش کەبەر لــەو قۆناغە هەبووە، رژێمی دابەش کردنی ئینســانی سەردەســت و بندەســت بــووە، تادەگاتــە بــازاڕی کرین و فرۆشتنی ئینسان لەکۆیلەدارێکەوە بۆکۆیلەدارێک، هەروەها فرۆشتنیان لەدەوڵەتێکەوە بۆدەوڵەتێکی تر، رژێمی دەرەبەگی یەکێک لەقۆناغەکانی رژێمی سیاســی بوو و هیچ دیاردەیەکی تر و ســتایلێکی تری دەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا بەرهەم نەهێنا، یەعنی هیچکام لەو رژێمانە پشتیان بەدەزگا تەشــریعی و تەنفیزییەکان نەدەبەست و هاوڵاتی کەجوتیارەکان بوون، تەنانەت مافــە مەدەنیەکانیشــیان نەبوو کەبریتی بــوون لەهەڵبژاردنی

ســەرۆک و دامەزراندنی دەزگای تایبەتــی بەڕێوەبردن، یەعنی رژێمی دەزگاکان نەبوو جگە لەو ســێ پایە گرنگەی کەباســمان کرد، هەرچی رژێمــی ســەرمایەداریە لەگــەڵ خۆیــدا ســتایلی جیــاوازی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو و تائێســتا لەخۆ نوێ کردنەوەدایە، جگە لەو هەڵدانە تەکنۆلۆژیایەی کە کەڵکی لەپاشماوەی فیوداڵی وەرگرتووە..

یەکێــک لــەو دەرهاویشــتانە کەخاڵێکــی پۆزەتیڤــە لەگــەڵ قۆناغــی ســەرمایەداری هات، ســەرهەڵدانی حزب و رزگارکردنی ئینســان بوو لەدەســت بنەماڵــە و خێڵ و نەریتی ســەرکوت کردن و خۆســەپاندن، بەپێچەوانەوە ئینسانی سەرپشک کرد لەوەی چۆن بتوانن مافی دەنگدان و خــۆ هەڵبــژاردن و مافی هاوڵاتی بوونیان هەبێت، هەروەها بەشــدار بن لەپرۆســەی سیاســی و بونیاتنانــی دەوڵەت، ئەم دیــاردە مۆدێرنە جگــە لەســەرهەڵدان و گەشــەی تەکنۆلۆژیــا، چەنــد دەرگایەکی تری بەســەر دونیای سیاســەتدا کردەووە، هەر لەدیموکراسیەتی مۆدێرن و سیستمی پارلەمانتاری و رۆژنامەگەری و مافی ژنان و منداڵان و مافی کرێکار و یاســای مۆدێرنەوە بگرە وەکو لایەنە پۆزەتیڤەکەی، تادەگاتە دەمارگرژی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەرستی و داگیرکاری دەوڵەتان و نەتەوە بێهێزەکان، بەپێچەوانەشــەوە نەتەوە و دەوڵەتە بێهێزەکانیشــی هەندێــک جار سەرخســتووە بۆ هێــزی گەورە و بوونــە بەداگیر کەر، ئەو نمونانەش کەبەشــێکن لەمێژووی پێکهاتەی ئەو سیســتمە سیاسیە (شــۆڤێنیزم و راســیزم و نازســیزم و دیکتاتۆریــەت و دیموکراســی بەهەموو جۆرەکانیەوە) وەکو لایەنە نێگەتیڤەکەی.

لەکاتێکدا پۆست مۆدێرنە و مارکسیستەکان سەبارەت بەم بابەتە، دەکەونە نێو مشــتومڕێکی فراونترەوە، رەنگــە قوتابخانەی نوێگەریش دیارترین مشتومڕی فکری ئێستا بێت، ئەم بیریارانە نەتەوە بەدیاردەیەکی تەواو

مۆدێرن و بونیادنراو دەبینن، چونکە کێشــەی نەتەوەکان وەکو کێشــە رەســەنەکەی خۆی تەماشا نەکراوە، بەقەد ئەوەی ئەو گروپانە لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆتە ماتریالێکی گرنگ بۆ دەوڵەمەند کردنی هاوکێشــەی سیاسی و ئابوری جهانی..

دوا بــەدوای ئــەو مێژووە پــڕ خوێناویەی سیســتمی ســەرمایەداری کەبەســەر سیســتمی فیودالّیدا ســەرکەوت، دوای چەندیــن کێبەرکێی سیاســی و جەنگــی جۆراوجــۆر، بیرۆکەی بەرگری کــردن لەهاوڵاتی و نەتــەوەکان هاتنە پێشــەوە، بۆنمونــە بیرۆکەی (عصبــە الامم) واتە کۆمەڵەی گەلان و مەسەلەی جاڕنامەی مافی مرۆڤی داهێنا، ئەم رژێمە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ریشــەیی خۆیدا دەزگای جــۆراو جۆری بەرهەمهێنا، لەحاڵێکدا ســەرهەڵدانی بیری سۆســیالیزم کە قۆناغێکە بۆدامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستی و کودەتایەکە بۆسەر رژێمی سەرمایەداری، گوایە لەئەنجامــدا ئەم رژێمە خۆی گۆڕ بۆمردنی خۆی هەڵدەکەنێ، رژێمێکی سیاســی گشتگیر(شــمولی) بــوو، واتە ئەوەی کەلەســۆڤیەت و چین و کۆریا و وڵاتانی تر بینیمان شکستی هێنا، بەهەموو خراپەکاریەکانیەوە کەســەرمایەداری دەوڵەتی بوو، نەک سیســتمی سۆسیالیستی وەک لە پەراوێزی فەلســەفەکەی مارکسدا هاتووە، لەگەڵ هەموو رژێمەکانی تر جیاوازی هەبوو کەئەمەش بەرهەمی ســەرمایەداری دەوڵەتی بوو نەک ئــەو رژێمــەی کە(مارکس و ئەنگڵــس) ئیدیاعا و پێشــبینیان بۆدەکرد، بــەڵام جۆرێک لۆژیکی تێدابــوو کەئەویش وەکو یەک تەماشــا کردنی هاوڵاتیــان بــوو بەپێــی فکری مارکــس و نەمانــی موڵکیەتــی تایبەت، لەبەرامبەریشدا موڵکیەتی گشتی کەدەوڵەتی بەرابەری بەڕێوەی دەبرد کەدواتر لەبەرامبەر سیســتمی ســەرمایەداری شکستی خوارد و مافی مرۆڤ و دیموکراســی و بازاڕی ئازاد وەکو چەند دروشمێک و هیچی

تر نەک بەپراکتیک جێگەیان گرتەوە، ئەوەی کەلێرە بەدواوە دەبینرێ و جۆرێکی تری ناعەدالەتیە، بەشــێکی بچووکی ئەو رەهەندە سیاسیانەیە کەدیاردەی تری زۆر سەیرو سەمەرەتر لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێ ...

## دیاردە سیاسیەکان

دیاردەی سیاســی کەیەکێک لەمیکانیزمە سەرەکیەکانی کۆمەک کردنە بەدەوڵەت و رەوایەتی دەسەڵات، لەبیروبۆچوون و تێفکرینی رۆمەکانەوە ســەرچاوەی گرتووە، بەپێچەوانەی گریک کەدەوڵەت شــاریان هەبوو سیســتمێکی تەواو فەلســەفی بوو، تەنها شــێوەیەکی سیاســی یاسایی بوو، ئەوان بەردەوام بیریــان لەوەدەکردەوە چۆن قەوارەی دەوڵەتێک دروســت بکەن کەیاســارێژ کرابێت، دواتریش ئەم یاســایە بۆهەمیشە وەک بناغەی دەوڵەت بناسرێتەوە و بمێنێتەوە، بۆنمونە پاشایەتی وەک دەسەڵاتێکی رەها، ئەنجومەنی پیران وەک دەزگایەک هاوشانی پاشا و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەنجومەنی گەل کەئەنجومەنێکی سەربازی بوو بۆبەرگری کردن لەدەوڵەت، دواتر ســەردەمی کۆماری کەدوای نەمانی سیســتمی پاشایەتی ســەریهەڵدا، ئەمانە بەشــێکی زۆریان دەرەنجامی بیرکردنــەوەی (شیشــرۆن) بــووە کەبیرمەندێکی یاســایی و سیاســی رۆمەکان بووە، هەروەها لەسەر وەختی خۆیدا دامەزرێنەری بنەماکانی دەوڵەتی رۆما بووە.

ئەگەرچــی گریکەکان یەکەمیــن کۆمەڵگەبوونە بیریان لەدەوڵەت شــار کردۆتەوە، بەڵام لەپاڵ ئەمانیشــدا فارســەکان لە ساڵی ٣٣٠ دەوڵەتیان دروست کردوو و لەشکرێکی بەهێزیان پێکهێنا کە (دارویشی ئاشوری) سەرۆکایەتی دەوڵەتی دەکرد، لەرووی تیئۆریشەوە سەرەتا لەسەدەی ١٦ و ١٧ لــەلای هەریەک لــە (نیکۆلا میکاڤیلی و جۆن بودان و تۆماس

هۆبــز) ەوە، دەوڵــەت وەکو چەمــک و تیئۆرەیەکی سیاســی وەرگیرا، دواتر لەســەدەی ١٨ لەلای هەریەک لە(رۆســۆ و سیس) بوو بەجێگای خوێندنــەوە، یــان باشــتر بڵێیــن بــوو بەجێــگای گرنگیــدان بەچالاکی سیاســی لەدەرەوە و ناوەوە، ئــەوەی کەمیکاڤیلی کردی لایەنێکی تری بیرکردنەوەی ئەرِســتۆ بوو کەزانســتی سیاســی بوو، رەگەزەکەی تر کەمیکاڤیلی دۆزییەوە، مەسەلەی ئەخلاق بوو کەفەلسەفەی یۆنانی پەی پێنەبردبوو، هەرئەوەی کە بڕوای وابوو ئینسان شەڕانگێزییەکی تێدایە لە رەفتارەکانی، یەکێک لەو یاســایانەی کەدایهێنا دەڵێ "کاتێک ئینســان گەرکیەتی کارێکی باش بکات، تووشی دڵتەنگی دەبێت وەختێک دەبینێ کەوتۆتە نێو کۆمەڵێک خەڵکەوە کەچاکەیان نیە، بۆیە پێویســتە میر فێر بێت چۆن لەچاکە و خێر و لەوحاڵەتانە دوور کەوێتەوە کەرووبەرووری دەبنەوە"*، هەروەها (جان بودان) یەکێکی ترە لەتیئۆریستینە سیاسیەکان کەلەسەدەی شــانزە لەئەوروپا ژیاوە، ئەم بیرمەندە بەیەکێک لەخاوەن میتــۆدە سیاســیەکان هەژمار دەکرێت و وەک ئەرِســتۆیەکی ئەوروپی تەماشــای دەکرێــت، لەکتێبێکدا بەنــاوی (لەبارەی کۆماریەوە) ســاڵی ١٥٧٦ نوســیویەتی، لــەو کتێبەدا رەخنــە لە رێگەچارەی سیاســیانەی میکاڤیلی دەگرێت، پێی وایە کەلەنوســینەوەی مێژوودا نابێ سیاســەت جیابکرێتــەوە لەئەخــلاق، هەروەها نمونەی (ســیزار بورجیای) حاکمی فلۆرەنســا دێنێتەوە کەمکاڤیلی بەپاڵەوانی خۆی داناوە و کاری لەسەر کــردووە و بەهەوڵێکی کەم وبێ بایەخ تەماشــای دەکات، دواتر بودان ئەو میتۆدە پراکتیک دەکات ســەبارەت بەمێژوو و ئابوری و جوگرافی لەبارەی دەوڵەتەوە، (تۆماز هۆبز) کە بەخوای فەلسەفەی هەق ناسراوە و فەیلەســوفێکی ئینگلیزیــە و پەیمانــی کۆمەڵایەتــی داهێنــاوە، یەکەم

* بڕوانە کتێبی (علم السیاسە. د. حسن الصعب. دارالنشر العلم للملایین. ساڵی ١٩٨٥ بیروت.

تیئۆری لەدوای ئەڕستۆ لەسەر سروشت و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ داناوە، لەساڵی ١٦٥١ بەرگری لەحکومەتە رەهاییەکان کردووە، وەک تاکە ئەلتەرناتیڤێکی ئاژاوەگێڕی لەکۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت، هەروەها رای وابوو کە "حکومەتێکی سەرکوتکەر باشترە لەنەبوونی دەوڵەت و حوکمڕانی"، ئەم بۆچوونەی کاریگەرییەکی نێگەتیڤی کردە سەر شاهەکانی ئەو سەردەمە..

لەرۆژئاوادا کەسێکی وەک (دیڤید هیوم) کەلەساڵی ١٧١١_ ١٧٧٦ ژیاوە، لەئەزمونی خۆیدا باس لەکەمتەر خەمی هۆکار و تێبینیەکانی خۆیدا دەکات سەبارەت بەخوێندنەوەی دیاردە سروشتی و ئەخلاقی و سیاسیەکان، (کانت) کەیەکێکە لەفەیلەسوفەکانی ئەڵمان و لەساڵی ١٧٢٤_١٨٠٤ ژیاوە، گرنگیەکی سەرەکی بەئەخلاق داوە لەنێو کایەی سیاسەتدا، ئەو پێی وابوو یاسای عەقڵ لەچەند شوێنێکەوە لەنەرێییەتی دەکۆڵێتەوە، گرنگترینیان مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەوانیتر، نەک لەناوەندێکە هەمووشت بەسەر تاکدا زاڵ بێت، ئازادی مرۆڤ لەلای ئەو بریتیە لەئازادی ئەخلاقی و عەقڵانی، ئەم تێزەشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری لیبراڵی دانا، ئەگەرچی لەلای (کانت) ئازادی بریتیە لەهەردوو چەمکی ئازادی ئەخلاقی و عەقڵانی، لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابوو کەعەقڵ و ئازادی پێکەوە رێگرن لەسەر هەڵدانی جەنگ، هەر ئەم تێزەی کانت کەجیاوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنێک بوو لەگەڵ تێزەکەی میکاڤیلی بۆچەمکی سیاسەت کە بەپێچەوانەوەی میکاڤیلی بڕوای بەئەخلاقیاتێک نەبوو لەنێو کایەی سیاسەتدا و گرنگی پێنەدەدا، هەڵبەت (جۆن ستیوارت میل) کەلەساڵی ١٨٠٦_١٨٧٣ ژیاوە و بەیەکێک لەدامەزرێنەرانی لیبرالیەتی سیاسی دادەنرێت، خاوەنی چەندین کتێبە لەبارەی ئابوری سیاسی و خوێندنەوەیەک بۆفەلسەفەی هاملتۆن و

مەنفەعەتی سیاسی) .
هەڵبەت کاریگەری بیرکردنەوەکانی (میل) کەمتر نەبوونە لەبیرمەندانی سیاسی و فکری ئەو سەردەمە، لیبرالیزم کەیەکێکە لەچەمکە سیاسیەکان و تائێستاشی لەگەڵدابێت زۆر لەحزبە رۆژئاواییەکان لەژێر ئەم عینوانەدا بەشداری سیاسیانەیان هەیە..
ئەوەی کەلەسەدەی ٢٠ دەوڵەت ناسی و سیاسەت ناسی لەیەکتر جیاکردەوە، مەسەلەی مافی هاوڵاتی بوون بوو وەک تاکێک لەنێو کۆمەڵگەدا، لەمبارەیەوە (جان جاک رۆسۆ) تیئۆرەیەکی پێشکەش کردووە سەبارەت بە هاوڵاتی بوون، بۆئەمەش بیرۆکەی ئاینی مەدەنی و هاوڵاتی نیشتیمانپەروەری پێشنیار کرد، هەروەها موناقەشەی ئەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی هاوڵاتی بوون کەبەشێک بووە لەبناغەی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بەتایبەت بۆفەرانسا کەرۆسۆ لەپێشەکی کتێبی ئەمیلدا نوسیویەتی.. لەئەوروپاش بیرمەندەکان کەوتنە بیری ئەوەی موناقەشە لەسەر دەوڵەت و سیستمی کەنیسە بکرێت و هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش پەیوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت، هەروەها پەیوەندی نێوان هاوڵاتی ئاسایی و سیاسیەکان، پەیوەندی نێوان کڵێسا و ئیماندارەکان هاتە کایەوە، ئەم سیستمە ئاینییە کەدواجار سیستمی سیاسی هێنایە ئارا، کاریگەری خستە سەر ئیسلام و دەوڵەتی خەلافەتی تاسەردەمی عەباسیەکان برد و دواتر عوسمانیەکان کەڵکیان لێوەرگرت، بۆنمونە تائێستاش ئاسەواری لەهەندێ شوێنی عەرەبستان جێهێشتووە.
بەسەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ بۆ مومارەسەکردنی سیاسەت و دەوڵەت بەڕێوەبردن، بیرمەندە نوێخوازەکان فکری سیاسیان بەزانستی سیاسی رابردووەوە گرێدا، یان باشتر بڵێین لەسەر بنەمای ئەو

سیستمانەی رابردوو کەمێژوو دەیگێڕێتەوە، دەوڵەتیان لەرێگای فکر و یاساوە سیستماتیک کرد و لەهەندێ شوێنی ئەوروپا شۆڕشی لەپێناودا کـرا، هەروەک ئەوەی کەباس لەرێنیسـانس دەکرێت، یان وەک ئەوەی ناوی لێنرا زانسـتی سیاسـی یان دەوڵەتناسی، بەومانایەی کەدیاردەی سیاسـەت بەشـێکە لەرێکخسـتنی دەوڵەت، ئەمەش یاسا و سەروەری خـاک و پەیوەندیە جیاوازەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان و دەسـەڵات بەگشتی لێبەرهەمهات.

جێگای سەرسـورمانیش نیە کە سـێهەم مشتومڕ لەسـەر ناسیونالیزم بـووە کرۆکی ئـەوەی چۆن و بەچ شـێوەیەک نەتەوە و ناسـیونالیزم پەڕەی سـەندووە، ئەگەر نەتەوە بەسروشـتی روو بـدات، ئەوا هۆکار گەلێکی کەم هەن کە چۆنیەتی لەدایک بوونی رۆشن بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر مرۆڤ نەتەوە بەبونیادنراو ببینێت، ئەوا گرینگە بتوانێت هـۆکار و چۆنیەتی پەڕەسـەندنەکەی روون بکاتەوە، دواجار زۆربەی تێکستە رەسەنە کلاسیکیەکانی سەبارەت بەناسیونالیزم لەسەر حیسابی ئەزموونی غەیرە ئەوروپیەکان، جەختیان کردۆتەوە سەر ناسیونالیزمی ئەوروپی، ئەمە رێگەی بۆ مشـتومڕێکی دیکە خۆش کردووە سەبارەت بەوەی ئاخۆ ناسیونالیزم لەشوێنێکی وەکو چیندا گەشەی بەخۆی داوە، یاخـود ئایا بەدەگمەن بۆ وڵاتانی دیکەی وەکو هیند کە فرە کولتووری و ئاینییە دەپەڕێتەوە..

لەپەنـا ئـەم هەوڵانەشـدا بۆناسـاندنی ناسـیونالیزم دەکـرا، چەنـد بیرمەندێکـی پەیدابوون کەبەرگریان لەبیری سیاسـی میکاڤیلی دەکرد بۆنمونە "شـەپۆلێکی تر لەتیئۆریستە سیاسیەکانی ئەوروپا پەیدا بوون و گرنگیـان بەبۆچوونەکانـی میکاڤیلـی دەدا سـەبارەت بەدەوڵـەت و سیاسەتکارانەوە کەدەستەبژێرێکی دیاری کۆمەڵگە بوون، هەڵبەت ئەم

تــەرزە گرنگیان بەبژاردەخوازی دەدا و بوون بەدیاردەیەکی سیاســی، ئەوان کە بریتیبوون لەڤیلفەردی پاریتۆ ساڵی (١٨٤٨_ ١٩٣٠) و گایتانۆ مۆســکا ســاڵی (١٨٥٨_١٩٤١) رۆبێرت میخێلز ســاڵی ١٨٧٦_١٩٣٦) . هەرســێکیان پێیان لەســەر رۆڵی هاشــاهەڵنەگری بــژاردەکان دەکرد لەدیاری کردنی چارەنووسی کۆمەڵگە، ئەگەر ناوی پاریتۆ لەسەرەوەی قوتابخانــەی هەڵبژاردەخوازیدا دەدرەوشــێتەوە، بــەو هۆیەی کە هیچ کەس لەو روونتر و راشــکاوانەتر پێناسەی بژاردەی نەکردووە، لەبەر ئەوەبووە کە بژاردە کەســێکە کەلەخــودی خۆیدا خاوەنی پوانی هۆش و جەســتەیی و دەرونیەکە دەبێتە هۆی بەرزتر بوونی بەسەر کەسانی تردا"* ، لێرەوە تێدەگەین کەکار کردن لەســەر گروپ و دابەش کردنی گروپەکانــی کۆمەڵگە لەژێــر کاریگەری ئەفلاتوون بــووە، لەمبارەیەوە پارتیــۆس دەڵــێ "لەراســتیدا هــەروەک ئەفلاتــۆن مرۆڤەکانی بەســێ دەستەی (زێڕو زیو و ئاسن) دابەش دەکرد، لەم حاڵەتەدا ناسیونالیزمێک کەلەســەردەمی ئەســینادا هەبوو، لەسەر پشتی ئەو چینانە دەبینرێ کە دابەش کراوبوون، مەبەســت لەو چینە بوون کە کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا، (پاریتۆ) ســاڵی ١٨٤٨_١٩٣٠ مرۆڤەکانی بەدوو دەســتەی گشتی واتە (بژاردەکان و جەماوەر) دابەش دەکات کەلەنێو هەر کامێکیان، بەتایبەت دەســتەی یەکەمدا زۆر پلەی وردتر جێگە دەگاتــەوە، ئەم نابەرابەرییە لەنێو تەواوی گروپە کۆمەڵاتیەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوکەسانەی خاوەن بەهرە تر و لێهاتووترن رێبەری گروپەکە بەدەست دەگرن"**

"هەرچی (گایتانۆ مۆســکایە) ساڵی ١٨٥٨_١٩٤١ تیئۆری خۆی لەپێش

---

* پێشەکییەک بۆکۆمەڵناسی سیاسی، د. ئەحمد نەقیب زادە، و. مەسعود رەواندۆست، لەبلاوکراوەکانی دەزگای موکریان. ل ٤١ و ٤٢

** هەمان سەرچاوەی پێشوو

پاریتـۆدا پێشـکەش کرد، بەڵام پاریتـۆ کەڵکی لێوەرگـرت و ناوبانگی لەمبارەیەوە کەمترە، (مۆسـکا ) سێ بەرهەمی لەپاش جێماوە و بریتین لە (توخمەکانی زانسـتی سیاسـەت، نامیلەکەی مافی بنەڕەتی، مێژووی بیـروڕای قوتابخانـە سیاسـیەکان) لێـرەوە پنتێکـی تـری گرنگ دێتە بەرباس کەلەکتێبی توخمەکانی زانسـتی سیاسی کە برتین لەدوو خاڵ، یەکـەم ئەوەیە کەلەهەر کۆمەڵگەیەکدا دەکرێتە دووچین لەتاکەکان لێک جیابکرێنـەوە، (ئەوانـەی حوکم دەکەن و ئەوانەی حوکمیان بەسـەردا دەکرێت)، چینی یەکەم تەواوی فۆڕمی کۆمەڵگە رێکدەخەن و فۆرمێکی تایبەتی پێدەدەن، لەگروپی دووەم بێ هەست و بێ دەسەڵات تەسلیمی گروپی یەکەم دەبن"*

هەروەها لەشوێنێکی تردا دەڵی "لەراستیدا ئەوەی دەبێتە هۆی بەرزتر بوونەوەی گروپی کەمینە بەسەر زۆرینەدا رێکخراو بوونیانە، گروپێکی بچوکی رێکخراو، تەنانەت ئەگەر خاوەنی ئەو بەخششـە خواییانە نەبێ کە (پاریتۆ) دەیگوت، دیسان بەسانایی بەسەر زۆرینەیەکی رێکنەخراودا زاڵ دەبێ، هەرچی (میخێلزە) خاوەنی کتێبێکە بەناوی حزبە سیاسیەکان سەبارەت بەبژاردەکان پێی وایە، تیۆرانینی بۆخواستی ئۆلیگارشیەکان لەنێـو رێکخراوە دیموکراتیکەکاندا زۆربـەی ئەو حزبە ناودارانەی ئەو سـەردەمە کە زیاتر بەلای سۆسیالیزمدا دەیانشکاندەوە خستبووە بەر راڤە کردن، واتە حزبە سۆسیالیستەکان هەمیشە گروپێکی کەمن بەسەر زۆرینەدا زاڵن، ئەو پرۆسەیە تائەو جێگەیە دەچێتە پێش تەنانەت حزبە بەناو لاریبەر هەمیشـەییەکەی (بەرواڵەت هەڵبژاردە، بەڵام لەراسـتیدا هەتا دەژین) دەناسن، (وەکو ئەوەی حزبەکان شتومەکی سەرۆکەکانن، هەروەک چۆن لەنێوان ساڵەکانی ١٨٦٣ تا١٩٧٥ لەئەڵمانیا بەڕێوەچوو،

* هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

لەگەڵ ناوەکانی وەک (لاسـالەکان) ، بەناوی ریبەری حزب پیرلاسـال و مارکسیسـتەکان بەرەو رووبوونەوە، لەفەرانساش سۆسیالیستەکان گیدیسـتەکان بەنـاوی (ژول گید و ژوریسـتەکان بەناوی ژان ژورس) ناودەبران".*

سیاسەت ناسی و خەڵک ناسی و دەوڵەت ناسی و میژوو ناسی و ..هتد، ئەو چەمکانەن کەلەپەراویزی کۆمەڵناسـی سیاسـیدا هاتوون، ئەمەش بەرهەمی فکری و تیئـۆری بیرمەندانی خۆراوایە، بەلام بەبۆچوونی د. حسـن سەعب کە لەکتیبی (علم السیاسـە) هاتووە، بیرمەندانی سیاسی وەکو (روجیە سـۆلتۆ، جان دابن ، مارسـیل بریلۆ) بوون کەجیاوازیان لەنیـوان ئـەو دوو چەمکەدا کرد، یەعنی سیاسـەت ناسـی و دەوڵەت ناسـی وەکو دوو چەمکی جودا چاویـان لیکراوە، بەوپییەی کەدەوڵەت بۆهەموانـە و سیاسـەتیش بۆدەسـتەبژیریکی دیار، هـەروەک بریلۆ دەڵێ "دەوڵەت شـیوازیکی گرنگتر و کامڵتـرە لەژیانی کۆمەڵدا، چونکە تەنها شـتیک هەبێ ئیرادەی ئینسانە کەبەدوای چارەسەری کیشەکانی سیاسـەتەوەیە، هەرچـی دەسـتەبژیری سیاسەتیشـە تەنهـا کاریـان سیاسـەتە و سیسـتمی دەوڵەتیش بەئاقاری بیرورای ئەو دەستەبژیرە دەڕوات و دەوڵەتیـش هـەر بەو ئاقـارەدا بەڕیوەدەچێ"** سـەبارەت بەمەنفەعەتـی سیاسـی و کارکردن لەنیوان گروپـە کۆمەلایەتیەکان و دابـەش کردنـی کار. جۆن سـتیوار میل ١٨٠٦_ ١٨٧٣ فەیلەسـوف و ئابوریـناس و سیاسـیەکی لیبراڵ و ئەندامی پارلەمانـی بەریتانی بوو، ئەو پیی وابوو ئەوانەی کەسیسـتمی سیاسی گەلالە دەکەن (لەبەشەوە

---

* هەمان سەرچاوەی پیشوو ل٤٧.

** تاریخ الفکر السیاسی. جان توشار. لویس بودان. بیار جانین. جۆرج لافۆ. جان سیرینلی ترجمە. د. علی مقلد. الدار العلمیە للنشر والتوزیع. بیروت ١٩٨١.

بۆهەموو، لەهەمووەوە بۆبەشـێک) کاردەکەن، واتە خاڵی هاوبەوشـی تـەواوی کۆمەڵگە ئەوەیە کەگروپێک بۆهەمـوان کاردەکات، هەموانیش هاوکاری گروپێکی سیاسـی دەکەن کەدەوڵەت بەڕێوە دەبەن و خاوەن بڕیاری سیاسـین، لەنێو قەوارەی دەوڵەتیشـدا مەسـەلەی بوونی خاڵە هاوبەشەکانە واتە نەتەوە، لەوانەش کولتوری هاوبەش و زمان و خاک وەک شـوێنی نیشـتەجێبوون و مێژووی ئەو قەوارەیەی کەپێناسـەی کۆمەڵێک دەکات، ئیدی هەر لەوێشەوە ئەم کۆمەڵە کەخاڵی هاوبەشیان لەژیاندا هەیە بەدوای شوناسـەوەن، شوناسـێک کەپێناسـەیەک بدات بـەو کۆمەڵە خەڵکـەی کەبەجیاوازی کولتوورەوە، هەم ژیانی ئاسـایی بەڕێوەدەبەن، هەم بەشـداری لەژیانی سیاسی دەکەن، ئەم جۆرە ژیانە سیاسیە دەوڵەت بەرهەمی دێنێ و لەژێر ناوی نەتەوەیەک خۆی نمایش دەکات.*

ئەم بۆچوونە لەلای (فریدریک ماینک) کەتیئۆریستێکی سیاسی ئەمریکیە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەو نەتەوەی کولتووری و نەتەوە سیاسیەکان پۆلین دەکات و لەیەکتـر جیاوازیـان دەکات، بەڵام کاتێک لایەنە سیاسـیەکان مەبەسـت لەو حزبە ئیدیۆلۆژیانەیە کەکولتوورەکان پێکەوە گرێدەدەن، ئەوا ئەرک لەپێناو بەدەستهێنانی مافە سیاسیەکانی نەتەوەیەک زەحمەت دەبـن، هەروەک ئـەوەی کەلەحاڵی سیاسـی نەتەوەکانـی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێ....

*.. اسـس اللبراليه السياسـيه. جۆن سـيتوارت ميل. ترجمه د. امام عبدلفتاح. د. ميشيل ميتياس. مكتبه مدبولی.

## تیئۆری سیاسی سەدەی ١٨ و ١٩

### کارل مارکس (١٨١٨_١٨٨٣)

مارکس کۆمەڵناس و ئابوری ناس و سیاسیەکی جیاواز بوو لەو کەسانەی کەسیستمی سیاسیان پێکەش کردووە، ئەم فەیلەسووفە بیرکردنەوەی بۆفەلسەفە دابڕانێکی مەعریفی بوو لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کەلەو سەردەمەدا و پێش خۆی ژیاون، دوای خوێندنەوەی مێژووی سیاسی گریک و ئاسیا و ئەفریقیا لەرووی کۆمەڵایەتی و هۆکارە مادییەکانەوە بووە، خاوەن ئایدیایەکە کەبنەماکانی پرۆگرامی کۆمەڵایەتی یان ئابوری و سیاسی پێکدێنن، مارکس بایەخێکی تەواوی بەنامۆبوونی مرۆڤ داوە لەژێر سایەی دوونیای چینایەتیدا، لەبەرامبەر دەسەڵاتی رەها و کار و ریفۆرمی سیاسی کە (برۆدۆن و گۆتە و ئۆئن) خاوەنی هەریەک لەو تیئۆرانە بوون، لەلای ئەو باشترین کارەکتەری چالاکی سیاسی کرێکار بوو، بیرۆکە سیاسیەکانی شۆڕش بوو دژی سیستمی سەرمایەداری، هەروەها تاقیکردنەوەی مەرجە ئابووریەکان، یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کەبیر لەوە بکاتەوە سیستمی جێگیر، سیستمێکی ناگونجاو دابنێت و پێی وابوو دەبێ ئەو سیستمە بۆبارێکی گونجاو بگۆڕێ و هەموو ئینسان تێیدا بەهەرەمەند بێت...

ئەگەرچی مارکس لەژێر کاریگەری تیئۆریستینە سیاسیەکانی سەدەی نۆزدەی رۆژئاوا بووە، یەکێک لەوانەش هیگڵ بوو، هێگڵ لەبارەی مێژووەوە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو، لەلای ئەو مێژوو زەمینە

سـازی بوو بۆ بزاڤی بەرەو کامڵبوونی عەقڵ و لۆژیک، بەڵام مارکس بەپێچەوانـەوە مێـژوو زەمینەیـەک بوو دەرکەوتنـی ماتریالیزم و ئەو یۆتۆپیایەی کە لەخەیاڵ و فکری ئەو دابووە، هەروەها گۆڕینی روخساری جهان، لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـیکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و گۆشـە نیگای خۆی بۆ سیاسـەت ئاوێتـەی یەکتر کردووە، بۆیـە گوتوویەتی "ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیە و لەرووی سیاسـی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشـەوە ململانێیەکـە لەنێوان دووچینی جیـاواز لەیەکتر". ئیدی بەم تێڕوانینەی خۆی و دابڕانێکی مەعریفی سیاسی دروست کرد لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەی کە بۆسیستمی سیاسی دانراون.

جگە لەمانەش مارکس کێشەی ئاینی لەو سەردەمەدا کرد بەیەکێک لەباسە جدییەکانی و لەمەسەلەی ئاینە جیاوازەکانی کۆڵییەوە، بۆنمونە لەکتێبی (دەربارەی مەسـەلەی یەهودی) قسە لەسەر کێبەرکێی ئاینی مەسیحی و یەهودی دەکات کە دەیانەوێ سەربەخۆیی خۆیان هەبێت بەئاڵمانیا و وڵاتانی تر کەئەوکات ئاینی مەسیحی، ئاینی دەسەڵات بوو لەسەراسەری ئەوروپا. لەحاڵێکدا مارکس خۆی لەخانەوادەیەکی مەسیحی بوو، دواتر بوو بەیەهودی و پاشـان لەژێـر عینوانی ئاین ئەفیونی گەلانە رەخنەی لەئاین و لاهوتیەت گرت و بوو بەشـێک لەتیئۆرە سیاسـیەکانی، بەڵام خراپ کەڵکی لێوەرگیرا لەنێو فکر و کایەی سیاسـەتدا کە حیزبە بەناو کۆمۆنیستیەکان کاریان لەسەر کردوو دەسەڵاتیش ناشیرنی کرد.

## فریدریک ئەنگڵس (١٨٢٨_١٨٩٥)

ئـەم کۆمەڵناسـە سیاسـیە هاوڕێی بنەمـا فکریەکانـی مارکس بووە و هـەر لەژێـر کاریگـەری ئـەو خوێندنەوەی بـۆ کۆمەڵگە کـردووە، دوای ئـەوەی ئیدیۆلۆژیـای ئەڵمانی لەگەڵ مارکس شـرۆڤە دەکەن و

مانفێستی حزبی کۆمۆنیستی ئەو کات دەنووسنەوە، لەپێناو سوود و گەشەی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی لەسەدەی نۆزدەدا، دواتر ئەو مانیفێستە کاریگەریەکی زۆری خستە سەر سیاسیەکانی ئەو سەردەمە کەچەندین پارتی کرێکاری سیاسی بوو، پاشان بوو بەتارماییەک کە تەواوی دەسەڵاتەکانی سەرسام کردووە و ترساندوونی، هەروەها ئەنگڵس یارمەتییەکی تەواوی مارکسی داوە، تەنانەت خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵگەی بەشەری کردووە لەرووی مێژووییەوە، ئەویش بریتیە لەخێزان و کۆمەڵگەکان کەخوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی دیالیکتیکی بووە، هەروەها شیکردنەوەی ماددەی خزاندۆتە نێو خێزان و سیستمی دەوڵەتی بچووک کردۆتەوە بۆخێزان، ژنی وەکو چینی خوارەوە و پیاویش وەکو چینی سەرەوە تەماشا کردووە، جگە لەوەی کارەکانی مارکسی کۆکردۆتەوە، کتێبێکی گرنگی لەبارەی کۆمەڵناسی نوسیوە بەناوی (بنچینەکانی خێزان و موڵکداریێتی تایبەت و دەوڵەت) دواتریش پاش مردنی مارکس، تەواوی کارە گرنگەکانی مارکسی چاپ کردووە، لەوانەش کتێبی (سەرمایە) کەرەخنەیە لەسیستمی سەرمادارى و وڵامی تیئۆرەکانی ئادام سمیت و ریکاردۆ و تیئۆریستانی ئابوری ئەو سەردەمە ..

## **فلادیمیر ئیلیچ لینین (١٨٧٠_١٩٢٤)**

یەکێکە لەگەورەترین پراکتیک کەرانی فکری مارکس بۆ سیاسەت و دامەزراندنی دونیایەکی بێ چین و چەوسانەوە، توانی لەساڵی ١٩١٧ لەگەڵ ترۆتسکی و لەرێگای بزووتنەوەی بەلشەفیزم شۆڕش بکات و حکومەتی قەیسەر بڕوخێنێ و سیستمێکی تر بەناوی سۆسیالیزم یان سۆڤیەت دابمەزرێنێ، تاساڵی ١٩٢٤ سەرکردایەتی ئەم سیستمەی

دەكرد.
بەوپێیەی كەلینین جەختی لەســەر سێنترالیزمی حزبی دەكردەوە وەكو پرنســیپی حزبــی، ڕێگــەی بەبزووتنەوەی مەنشــەفیك نــەدا بەئازادی چالاكی سیاســی بكەن، ئەم سیاســیە بەناوبانگە خەونی ئەوەی هەبوو كەدیكتاتۆری پرۆلیتاریا بكاتە مۆدێلێك بۆهەموو جهان و باڵ بكێشــێ بەســەر تــەواوی دەوڵەتانی دونیا، بۆیــە دیموكراســیەتی هەڵبژاردنی ڕەتكردەوە كەسیســتمێكی پارلەمانتاری بوو، هەروەها بڕوای تەواوی بەمافی گەلان هەبوو كەلەكتێبی چارەنووسی گەلان ئاماژەی پێداوە، بەو مانایەی ڕزگار كردنی هەموو گەلێكی چەوســاوە بەشــێكن لەشۆڕشی سۆسیالیستی، باشترین كتێبی بەناوبانگی (ماالعمل) هەروەها (دەوڵەتی لینین و لینین و دەوڵەت) چەندین كتێبی تری هەیە لەوانەش دەربارەی بزووتنــەوەی ســۆڤیەت و هەڵبژاردەكانــی (المختارات لنیــن) كەلە دە بەش پێكهاتووە، هەروەها نامە فەلسەفیەكانی دەربارەی خۆشەویستی و ئەلتەرناتیڤــی سیاســی سۆســیاڵیزم و دەربــارەی بزووتنــەوەی ناسیونالیزم و ئیمپریالیزم و هتد.

## لیۆن ترۆتسكی (١٨٧٩_١٩٤٠)

بیرمەندێكی سیاســی ســۆڤیەت بوو، لەریزی بەلشــەفیەكان بەشداری شــۆڕی ئوكتوبەری كرد، ڕەخنەی لە ئینتەرناســیونالی دووەمی لینین گرت، جەختی لەســەر شۆڕشــی بەردەوامی كرێكاری دەكرد، كەدەبێ لەسەراسەری دونیا سیستمی سەرمایەداری نەمێنێ ئەوكات سۆسیالیزم بەقــەرار دەبێ، لەدوای لینین بەردەوامی دەدات بەسیاســەت و ڕەخنە لەســتالین دەگرێت و ناوی دیكتاتۆری سیاســی لێدەنێ، دواتر كتێبێك دەنووســێ بەناوی شــۆڕش و خیانەت لەســاڵی ١٩٣٦، دواتر لەســەر

هەڵوێســتی ناچار دەکرێــت هەڵبێت و بچێتە مەکســیک و لەوێ تیرۆر دەکرێت..

### ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٨٩١_١٩٣٧)

مارکســیەکی ئیتاڵی و تیئۆریستێکی کۆمەڵایەتی بوو، زۆرترین قسەی لەسەر رۆشنبیرانی سیاسی بووە و داوای هەڵوێستی سیاسی لێدەکردن، زۆر بەوردی تیشــکی خســتۆتە ســەر مارکســیزمی ئەرسەدۆکسی و هۆکارە ئابوریەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەبانگەشەی دامەزراندنی یەکێتی پرۆلیتاریای کردووە، بنچینە و بنەما سۆسیالیستیەکانی شرۆڤە کردووە، بەرامبەر بەفۆرمێکی ناتەواوی رۆشــنبیران کۆششی سیاسی رۆشــنبیرانی بەهەند وەرگرتــووە، هەروەها چەمکــی بلۆکی مێژوویی لەلای گرامشــی، بریتیــە لەکۆبوونەوەی کۆمەڵێک هێــزی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و رێکەوتنیان لەسەر بنەمایەکی سیاسی ئابوری کولتووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو، بەدەر لەو بۆچوونانەی گرامشی بۆماوەی چەند ســاڵێک زیندانی دەکرێت، لەســاڵی ١٩٢٩ تا١٩٣٥ کتێبی (یاداشــتەکانی زیندانی) نووسیوەتەوە..

## تیئۆری رەخنەیی سیاسی سەدەی ٢٠

تیئۆرێکــی تری سیاســی کەلەســەدەی بیســتەم ســەریهەڵدا، تیئۆری رەخنەیی سیاســی بوو کەئەویش قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو لەســاڵی ١٩٢٣ دامەزرا و لەساڵی ١٩٦٩ هەڵوەشایەوە، یەکێک لە پەیڕەوانی ئەم تیئۆرە رەخنەییە ماکس هۆکهایمەرە (١٨٩٥_١٩٧٣)

ئەم بیرمەندە دەروناســێکی سیاســی بوو، شیکردنەوەی بۆ سیستمی ســەرمایەداری لیبرالی کــرد کەلەســەرەتای دامەزراندنــی کۆمەڵگەی پیشەســازی بوو.. ســاڵی ١٩٣٥ هۆرکهایمەر وەک ئەوەی رەخنەی لە تیئۆری کلاســیکی گرت و دژایەتی پراگماتیزمــی کرد، ئەوەش کە پێی دەگوترێت گواســتنەوەی هیگڵ بۆمارکس، سەبارەت بە وێناکردنەکەی قوتابخانــەی فرانکفۆرت، ئەوە بوو کە دوو ســتایلی تیئۆری رەخنەیی بەدەردەخســت، یەکەم مەغــزای بەســەروەریکردنی ئیدیالیزمی هیگڵی بوو، مەبەست لەبڕوای فکری و درکی هەموو توخمە بنەڕەتیەکانی نێو بــوون کــردووە. دووەم حاڵەتێکی پۆزەتیڤ و عەقڵانی بوو کە تیئۆری ئیدیالیزمی دیاکتیک دەچێتە نێو کۆی تیئۆری کلاسیکی..

## هێربەرت ماکۆز (١٨٩٨_١٩٧٩)

ئەم فەیلەســوفە تیئۆریســتێکی سۆســیۆلۆژی ئەڵمانــی بوو، رەخنەی لەکۆمەڵگــەی پیشەســازی ســەرمایەداری گــرت و بەسیســتمێکی چەوســاندنەوەی لەقەڵەمــدا. هەروەها رەخنــەی لەمرۆڤی تاک رەهەند

گرت، پاشــان تەواوی فۆرمەکانی ئۆپۆزســیۆنی خســتە مشتومڕەوە، لەپــاڵ کرێکارانــدا کەمارکــس بەهێــزی یەکەمی ئاڵوگۆڕی سیســتمی سەرمایەداری دادەنا، خوێندکارانی بەپاڵپشتی کرێکاران لەقەڵەمدا وەکو توێژێکی کاریگەر و چالاک لەکۆمەڵگە . ..

**یۆرگن هابرماس (١٩٢٩**

تیئۆریستێکی سیاسی ئەڵمانیە و نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، کۆمەڵگەی ســەرمایەداری بەوەتاوانبار کردووە کەسەرچاوەی هەموو تەنگژەکانی مرۆڤە، ئەقڵانیەت لەلای ئەو بەشــێکی زۆری لەتیئۆرەکەی داگیــر کــردووە، هەروەها بارگرژیەکانی سیســتمی ســەرمایەداری و چەمکی دیموکراسی...

دواتــر ئاڵتۆســێر وەک شــرۆڤەکارێکی سیاســی مارکســی، رەخنەی لەسیســتمی ســەرمایەداری گرت، هەروەها رەخنــەی لەئیدۆیۆلۆژیای مارکسی گرت، رووبەرووی تەکنۆلۆژیا وەستایەوە کە لەئاست گەشەی تەکنۆلۆژیا کرێکار بۆتە کۆیلەی ئەم سیستمە بەروویەکی تردا..

## نەتەوەکان و چەمکی ناسیونالیزم

پەیوەنـدی چەمکی ناسـیونالیزم بەمێژووەوە، بەشـێکی ئەو سـیڤییە نوسراوەیە کەنەتەوەکان لەپێناو سەربەخۆیی و رزگار بوون لەدەستی سـتەم لافیتەیـان بۆهەڵـداوە، تیئۆریزەکـردن و کەڵـک وەرگرتن لەم چەمکە لەلایەن رۆژئاواییەکان و بەتایبەت لەلای هەر یەک لە (فیختە و هێردەر)، سـەرەتا لەئەڵمانەوە دەسـتی پێکرد و تەنها بۆخەڵکی ئەڵمان مەتـرەح کـرا کەلـە چوارچێوەی جوگرافیـای ئەڵماندا بوون، سـەرەتا فیختـە (١٧٦٢_١٨١٤) بەشـێوەیەکی نـەژاد پەرسـتانە ئـەم چەمکەی بەکارهێنـا، ئەو پێی وابوو کەدونیا بەرەو نەمان دەچێت، جگە لەئەڵمان هیـچ کۆمەڵگەیەکی تـر مافی بەدەسـتهێنانی نیە، جگـە لەمەش فیختە بـڕوای بەوە هەبوو "نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئیرادە هێزێکی بەزەبـری هەیـە، دەتوانێـت وڵات و ئابورییەکـی بەهێزیش دروسـت بـکات» هێردەر کەیەکێکی ترە لەو تیئۆریسـتانەی لەهاوشـانی فیختە دەبینرێت بڕوای وابوو" بناغەی نەتەوەیی کۆمەڵگەی سیاسی لەگوتارە جەماوەریەکاندا دەبینرێ "هەرچی ئێرنسـت رێنانیشە" دروست کردنی شوناسە نەتەوەییەکانی بۆمەبەستی سیاسی _ هەم بەهۆی رابەران و هـەم بەهۆی پەیڕەوانەوە بەشـتێکی بەدیهی دەزانی کەئەمرۆ لەپانتایی تیئۆرەی سیاسیدا فەرامۆشکراوە.*

ئەو تیئۆرە سیاسـیانەی کەلەلایـەن هێردەر و فیختـەوە هاتنە کایەوە

*، (دیڤید د. لیتین) گۆڤاری سەردەم ژمارە ٥٧ مەلەفێک لەسەر ناسیونالیزم و. رێبین هەردی

سـەبارەت بەچەمکـی نەتەوەیی و دەوڵەت، بەشـێوەیەک لەشـێوەکان دەمارگرژیەکـی نەتەوەیی و کاریگەریـە نیگەتیڤەکانی تری لێکەوتەوە، کەبەپێی ئەزموون رەهەندی تری ناتۆرالیی بوون، ئەوەبوو دواتر هیتلەر و نازیزمـی لێکەوتەوە، بەڵام هەروەک لەباسـەکانی تردا موناقەشـەی چەمکی ناسـیونالیزمم کردووە، رێنان بەو ئاراسـتەیە کاری نەکردووە کەناسیونالیزم وەک چەمکێکی تەسک لەبەرچاو بگیرێت و بەپیچەوانەوە لەهەندێک شوێک ئەم چەمکە هەڵدەوەشێنێتەوە.
ئەگەرچـی ئـەم چەمکـە موناقەشـەی زۆر لەسـەر کـراوە، حیزب و ئیدیۆلۆژیاش پێگەیەکی تری ناڕاسـتەوخۆ بوونـە بۆکۆمەک پێکردنی، یاخـود بەپێـی ئارکۆلۆژیایەکـی ئینترۆپۆلۆژیانـە کەبیرمەندانی نوێی ئەوروپا کردوویانە، دەرکەوتووە کەناسیونالیزم یاخوود نەتەوەخوازی، شـتێک نیـە ئەساسـی هەبـێ و نەتـەوەکان لەئەزەلەوە هەبـوون بن، بەڵکـو ئەوە سیاسـەت بـووە قەناعەتی بەبنەماڵە و خێڵـەکان کردووە کەلەیـەک قـەوارەدا ژیـاون و کردوونـی بەنەتەوەیـەک، ئەمەش هەم شـەرعیەتی بەقـەوارەی دەوڵـەت و جوگرافیا داوە، هەم شـەرعیەتی بەململانێ سیاسـیەکان داوە کەهەرچی زیاتر هێز و ماتریالی بەشەری بۆپەیداکردووە، بەڵام ئەوەی کەتونـدوو تیژیەکەی کەمێک رەواندەوە، (ئەنتۆنی سمیس) بوو کەلەکتێبەکەیدا بەناوی (رەگەزەکانی نەتەوە) باس لـەوە دەکات کە "نەتەوە مۆدێرنەکان بەهۆی وەرگرتنی سـێمبولیزم و ئەفسـانەی کۆمەڵگـە رەگەزییە مۆدێرنەکانی پێـش خۆیانە، کەئەو پێی دەڵـێ (رەگەزەکان). کەواتە نەتەوە لەمێژووەوە دروسـت بووە، یاخود رەگی داکوتاوە لەنێو زمان و کولتوور و کۆمەڵەکان بەگشـتی، ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کەبنەماڵە و خێڵەکان لەترسی لەناوچونی خۆیان و پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانیـان قەوارەی خۆیـان فراوانتر دەکردەوە

و پاســەوانیان لەکولتــووری خۆیان دەکرد، رەنگــە بۆماوەیەکی درێژ هەوڵی بەدەســتهێنانی دەوڵەتیان دابێت، یاخوود داوای ســەربەخۆییان کردبێت، بۆیە نەتەوە مۆدیرنەکان دێنە ئاراوە".*

بەڵام بەگوێرەی ویســتی مرۆڤ و سروســتی گەردونی، دەبێت نەتەوە ســنووری فەرهەنــگ و ئاین و کولتوور و ناوچــە ببەزێنێت و فراوانتر ببێتەوە، بەپێچەوانەوە هەســتی بەدەستهێنانی ناسنامەی ناسیونالیستی لــەلای هــەر کۆمەڵگەیەک و هــەر تاکێــک، ناتوانێ هەســتی مرۆڤێکی نۆرماڵ و ناتوندوتیژ و بەرژەوەندخوازی گشتی بەرهەمبهێنێ، ئەمەش مانای ئەوەنیە کەئەم بۆچوونە ئەنتی ناسیونالیستی بێت، بەقەد ئەوەی هەقیقــەت و ئامانجێکــی سیاســی ئاشــکرا دەکات کــە بەپێی ناســنامە مرۆڤــەکان دابــەش دەکات لەنێو یــەک کۆمەڵگەدا، مەگــەر ئەو حاڵەتە شەرعیەت بداتە ناسیونالیزم کەخۆی لەکۆلۆنیالیزم بپارێزێ، هەروەک چــۆن رەش پێســتەکان لەرێــگای جەختکــردن لەناســنامەی کولتوری ئەفریقیەوە، ئایدیای (گارڤێ) پەســەند دەکەن و داوای دەسەڵاتی رەش دەکەن...

## نەتەوە بێ خاک و بێ دەوڵەتەکان

موناقەشــەی تر لەســەر ئەوەیــە کەنەتەوەی بێ خــاک و بێ دەوڵەت هــەن و لەتەنیشــت نەتەوەکانی تر ژیــان دەکەن، رەنگــە هەندێک لەم کۆمەڵــە خەڵکــە کەبەبێ هەوڵدان بۆپەیداکردنی شــوناس و دروســت کردنــی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەخاتری ئەوەبێ کەنەتەوەی سەردەســت هیچ سانسۆر و توندتیژیەکی نیشان نەدابێت بەرامبەر نەتەوە بێ خاک و بــێ دەوڵەتەکان، بەڵام بەشــێکی تریان کەلەهەوڵی دروســت کردنی

* تیئۆری سیاسی. نوسینی ئاندرۆ هێیود. دەزگای ئاراس. و. گۆران سەباح. ل ١٦٦

دەوڵەتــن لەمدواییەدا، بەرمەبنــای ئەوەبووە کەنەتەوەی سەردەســت هەموو جۆرە سەرکوت کردنێکی سیاسی بەزۆری سەپاندووە و ڕێگەی نــەداوە مومارەســەی کولتوور و زمان و سیاســەت بکــەن، هەربۆیە لــەم دووایی‌یەدا ئــەو نەتەوانــە کەوتوونەتە خۆیان و بوون بەبەشــێک لەهاوکێشــە سیاســیەکان، هەندێکی تــر لەوانە کەنموونەیــان (چیک و ســلۆڤاکیا و چیچــان و کوردەکانــی هەرچوار پارچەی کوردســتان و دارفــۆر و خۆجیاکردنــەوەی هۆنــک کۆنــگ) و هتد، لــەدوای هەرەس هێنانــی بلۆکــی ســۆڤیەت بوو کەئامریــکا دوای نیوســەدە جەنگەکەی بردووە کە بەجەنگی ســارد ناســرابوو، ئەمەیان نموونەیەکی تری ئەو کۆمەڵانەن کەبێ خاکــی ڕزگار کراو و بێ دەوڵەتن، بەڵام کۆتاییەکەی هەر گەڕانەوە دەبێت بۆناوەندێتی دەوڵەت کەسیاســیەت سنوورەکانی بۆ دیاری دەکات، چونکە بۆئەم نەتەوانە باشــترین میکانیزنم بۆ درێژە پێدان بەسیاســەتێکی درێژخایەن و گەرمکردنی بازاڕەکان و کێبەرکێی سیاســی زلهێزەکان لەدونیادا کەجەنگی ئابوریان لەپێشــە، سیاسەتێک ناکەن کەلەهەناوی کۆمەڵگە بەگشــتیەوە گوتارەکــەی بەرهەمهێنابێت، بەپێچەوانەوە هەڵگری گوتارێکن کەلەدەســتی دەستەبژێرێکی سیاسی ئیدیۆلۆژیدایە ..

وەکــو گوتمــان لەگــەڵ هەڵوەشــاندنەوەی ســۆڤیەت و ســەرکەوتنی سەرمایەداری و هاتنی سیستمی جهانگەرایی و پۆست سەرمایەداریدا، مەبەست لەم سیستمە باوە جێگیربووەی ئێستایە لەسەراسەری جهاندا، کاری لەســەر ئــەم چەمکە کرد، بــەڵام بەپێچەوانەی پێشــووتر بەرەو ئاقارێکی تری بردوو هەرچی زیاتر کاڵتربۆتەوە، بەو بیانووەی کەبیری ناسیونالیســتی و تاک نەتەوەیی، هیچ کۆمەکێــک بەدەوڵەتی نەتەوەیی و سیســتمی دیموکراســی ناکات، بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی فرە نەتەوە

و فرە کولتوور بۆتە باو، ئەمەش باشـــترین ســـەلمێنەرە کەسیاسەت و خودی سیاســـەتکارانی هێزە نێودەوڵەتیەکان، لەهەر وەختێکدا جۆرێک مامەڵـــە لەتـــەک چەمکەکاندا دەکەن، یـــان هیچ نەبێ بیانووی یاســـایی نێودەوڵەتی بۆپەیدا دەکەن، هەروەک چۆن مامەڵە کردن لەتەک چەمکی دیموکراسیدا لەزەمەنی جیاوازدا شکڵ و شێوازی تری هەبووە، دروست لەتـــەک پێش خۆیدا جیاواز بووە، بۆنمونە دیموکراســـیەتی ســـەردەمی یۆنـــان زۆر جیاوازتـــرە لەدیموکراســـیەتێک کەمۆدێرنە لەســـەدەی ١٨ و ١٩ دێتە ئاراوە، یان دیموکراســـیەتێک کەلەدوای شکســـتی ســـۆڤیەت و بوونـــی دونیـــا بەتـــاک جەمســـەری دێتـــە ئـــاراوە، لەمـــەش واوەتر بزووتنـــەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی مۆدێـــرن کەلەهەزارەی دووەمدا ســـەریهەڵدا، بوونی کۆمەڵگەی یۆتۆپیایی بەبوونێکی نێگەتیڤ تەماشـــا کردووە، چونکە لەســـەدەی نۆزدەدا هەمـــوو ئامانجی ئەم بزووتنەوانە بەدەســـتهێنانی دەوڵەت بـــوو، نمونەی بەرەی رزگاریخـــوازی ڤێتنام و نیکاراگوا و فەلەستین و جەزائیر و هتد..

ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستانە ئامانجی نەتەوەییان بۆنەریتێکی سیاسی جیاواز گۆڕی، ئیدی ئازادی نەتەوەیی بەکەڵک وەرگرتن لەبیری ئینتەر ناســـیونالیزم بوو بەلقێک لەفکری مارکســـی، هەروەها داواکانی نەتەوە لەلابردنی ستەم و چەوسانەوە چووە دەرەوەی سیاسەت، ئەم پرۆسە سیاســـیە مۆدێرنە هەم گوتاری سیاسی گۆڕی لەلایەک، هەم لەلایەکی تر ئاستی هۆشیاری نەتەوەکانی گۆڕی چ لەباری کولتوریەوە، چ لەنێو هاوکێشە سیاسیەکانەوە بێت.

## ناسیونالیزم
## بیرێک بۆ بەرز راگرتنی رۆژئاوا

زۆرێک لەو بیرمەندە رۆژئاواییانەی کەپرسی نەتەوەخوازیان موناقشە کـردووە، جیـاوازی فەرهەنگی و رژێمی سیاسـیان لەقەوارەیەکدا گیر کردووە، هێردەر گرنگیەکی زۆری بەنەتەوە داوە و گرێی داوە بەزمان و فەرهەنگـەوە کـە لەهێدڵاینەکانـی تردا بـاس لەزمـان و نەتەوەکان دەکەیـن و بۆچوونـی هێـردەر وەردەگریـن کەلێکچـوون و جیاوازی قسـەکردن و ئەدەبیاتی زمان شـرۆڤە دەکات، هەروەها گرێیدەدات بە شێوەزاری رۆژئاواو باشـووری وڵاتانی ئەوروپا و مەسەلەی پێکهاتە نەتەوەییـەکان، هەروەهـا پەیوەندی زمـان بەنەتەوە و میسـۆلۆژیای نەتەوەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی کولتوورەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسـەر زمان، بەتایبەتی بۆ کولتووری ئەڵمانی و بولگاریا و سـلۆڤاکیا و وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپیەکانی ئەوکات، ”هێردەر نوسەرێکی ئەڵمانیە (١٦٦٨_١٧٤٤) هەمیشـە باسی لەفەرهەنگ و نەتەوە دەکرد. (culture nation) گرنگی زمانی لەژیانی نەتەوەدا بەرجەسـتە دەکرد، نەتەوەی دەکردە متمانەیەکی بڵندتر لەدەوڵەت و رژێمە سیاسیەکان“* لەشوێنێکی تـردا دەڵێ ”جیاوازی و نایەکسـانی نێوان نەتـەوەکان و هەوڵی ئەوان بۆهاتنەدی هیواکانیان بـاس دەکات و بەتایبەتی باڵاتربوونی نەتەوەی ئەڵمـان لەوانی دیکەی زیاتـر لەبەرچاو گرتبـوو“**، فیختەش ١٧٦٢_

* ناسیونالیزم. گۆرانکاری، تیئۆری، رەخنە، (ئەکرەمی میهرداد). ل ١٠٩. ١١٠

١٨١٤ بەهەمان شێوە ستایلی بیرکردنەوەی هێردەر، پێوەری سەرەکی بۆتێگەیشــتن لەنەتەوە و بەشێوەیەکی نەژاد پەرەستانە تەنها بۆئەڵمان بــەکاری دێنــێ، بەڕادەیەک باس لەشــکۆمەندی ئەڵمــان دەکات، تائەو جێگەیــەی کەدەڵێ "ئەڵمانەکان دەتوانن مەشــخەڵی شارســتانی بەرەو پێش بەرن"* فریدریک ماینک ١٨٦٢_ ١٩٥٤ پرۆفیسـۆر لەنوسینەوەی مێــژوو کتێبێکــی بەناوی (نیشــتیمانی جهانــی و دەوڵەتــی نەتەوەیی) نووســیوە، ئــەو لەکتێبەکەیدا بەڕادەیەک قســە لەســەر نەتەوەخوازی دەکات کەئەڵمــان لەبەرامبــەر دەوڵەتانــی وەک ئامریکا و فەرانســە و بەریتانیا بەرز رادەگرێ.**

ئــەم بیرکردنەوانــەی هەریــەک لــە فیختە و هێــردەر و ماینــک ئەگەر بەشــێکی بۆئــەوە بگەڕێتــەوە کەنەتەوە بکەنــە یەکێــک لەموقەوماتی دەوڵەتی ئەڵمان، بەشەکەی تری بۆئەو نەزعەیە دەگەڕێتەوە کەلەنێوان ئەڵمــان و بەریتانیــا و ئامریــکا و فەرانســە هەبووە، یان باشــتر بڵێم بۆئەوە بووە کەدامەزراندنی بیری نەتەوەخوازی لەلای فەرانســاییەکان شــانازی پێوەکراوە کەبیرمەندانی فەرانسە یەکەم کەس بوون، چەمکی ناســیونالیزمیان تیئۆریزە کردووە، بەر لەشۆڕشی فەرانسا دەسەڵاتی ئیمبراتۆریا بەتەواوەتی باڵادەست بوو، چەندین هەرێمی جیاجیا کەمافی جودابوونەوەیــان هەبوو ڕێگەیان لێگیرابوو، "ســەرهەڵدانی شۆڕشــی فەرانســە لەســاڵی ١٧٨٩ ئەوروپا ژێر دەســتی چەندین ئیمبراتۆریەتی گەورەبــوو، ئــەم ئیمبراتۆریانــە گەلێــک وڵاتــی بچووکیــان لەژێــر دەســەڵاتدابوو، دوای تێکشــکانی ناپلیۆن ئەم ئیمبراتۆریەتانە هەوڵیاندا هەرێمــەکان ببەنەوە ســەر دۆخی جاران، لەو زەمانــەدا ئەڵمان بریتی

** هەمان سەرچاوەی پێشوو

* هەمان سەرچاوەی پێشوو

** هەمان سەرچاوەی پێشوو

بوو لەچەند وڵات و لەهەمووشـیان گەورەتر (ئوتریش) بوو کەبەرێبەر دەناسرا، دوای ئەوەی بسمارک رێبەری ئەڵمان یەکێتی نێوانی وڵاتانی ئەڵمانـی راگەیانـد، وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتـە لە مانگی ١١ / ١٨٧٩ گوتی بەبێ سوپایەکی بەهێزو کەشتی رانی شەڕکەر، وڵاتی ئێمە ناتوانێ بەئاشـتی و هێمنی بژی، بۆیە دەبێ ئەڵمان (یان کوتک بێ یان سندان)، ئەمەش ئامانجی ناسیونالیزمی ئەڵمانی بوو کەقەرەبووی دواکەوتوویی خۆیانـی کردەوە و چوونـە ریزی وڵاتانی داگیرکەری وەک فەرانسـە و ئینگلسـتان"* ئـەوەی کەناچارمان دەکات چیرۆکی دروسـت بوونی وڵاتانی وەک ئەڵمان بخەینە نێو ئەم باسەوە، ئەوەیە کەوڵاتێک بۆخۆی پێشـتر لەژێر چەپۆکی وڵاتێکی تربووە و چەند پارچەیەک بووە، دواتر لەژێر کاریگەری بیری ناسـیونالیزم، دەچێتە پـاڵ وڵاتانی داگیرکەر و پاشان ئەم بیرکردنەوەیە دەبێتە ئیدیۆلۆژیایەکی سیاسی نێو دەوڵەتی و نازیزمی لێبەرهەمدێت و دەبێتە نمونەیەکی قیزەونی دونیای سیاسـەت و دەمارگیـری ناسیونالیسـتی و کەسـێکی وەک هیتلـەر بەرهەمدێنێ، هەرچی وڵاتی دەورو پشتی هەیە داگیر دەکات و بیر لەوەش دەکاتەوە تەواوی دونیا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە..

(دیستۆت کۆنت) فەیلەسوفێکی فەڕانساییە لەساڵی ١٨٠١ باس لەبونیادی ئیدیۆلۆژیـەکان دەکات کەچۆن دەبێتە داینەمۆی دەوڵەتێکی ئیدیۆلۆژی و ئەو ئاراستەیە بەرنادات و دەڵی "بوونی ئیدۆلۆژیا شتێکی سوتفە نیە بەمێشـکی بەشەری عاقڵدا هاتبێت، بەڵکو لەگەڵیدا لەدایک بووە و وەکو باڵێک لەجەستەی ئاینەکانەوە دروست بووە".**

ئەم بۆچوونەی کۆنت کارێکی کرد کەقەشـەکانی ئەو سـەردەمەی پێ


* نەتەوەخوازی. عبدللە برێشمەیی، وەرگیرانی بۆکوردی، سەلاحەدینی ئاشتی، ل١٢٢
** تیئۆری سیاسی .نوسینی ئاندرۆ هێیود. دەزگای ئاراس. وەرگێرانی . د. گۆران سەباح ل ٢٠١

قەڵس بێت و باجەکەشی دایەوە، وەک ئەو بیرمەندانەی تر کەپێش فکری سەردەمی خۆیان کەوتن، بۆنمونە لەسەردەمی گریکەکان ئەفلاتۆن و لەسەدەی هەژدە (مارکس و نیچە) ودواتر لەسەدەی بیست و یەکیش دریدا پێشبینی رۆژکارێکی وەها سیاسی دەکەن...

(پۆڵ سویزی) بیرمەندێکی فەڕانسایی و تیئۆریستێکی مارکسیە، لەبارەی چەمکی ئیدیۆلۆژیای ناسیونالیزمەوە دەڵێ "هەربزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی لەدەروونی خۆیدا هەڵگری بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستیە، چونکە گەلێکی باڵادەست دەبێتە چینێکی باڵادەست، بۆیە گەلێکی ژێر دەستیش دەبێتە چینێکی ژێردەست، بردنەوەی ئەم گرەوە لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەوێدایە، ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لەژێر باڵی گەلە سەردەستەکان رزگاری بوو، ئەگەر نەیتوانی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکات، نەک بەرقەرار کردنی ئازادیەکان کەهەرگیز جێگە بەیەکسانی ناگرنەوە، ئەوا بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەو چینەی کەرکێفی کۆمەڵگەی بەدەستە، دەبێتە چینی سەرمایەدار و هەمان ئەو سیفەتە لەخۆ دەگرێت کەگەلە باڵادەستەکان هەیانبووە لەبەرامبەر گەلی ژێر دەست، بۆیە لەحوکمڕانیەتی خۆیدا نابوت دەبێت و ئەسڵی مەسەلەکە دەدۆڕێنێت."*

ئەم نموونەیەی سویزی باسی دەکات باشتر ئەوە دەسەلمێنێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەی دەوڵەتی، دروست ئەو مانایەی هەیە نەتەوەی سەردەست و ژێر دەست دەمێنێ، بەمەش دیسان دەسەلات و حوکمڕانی ژیانی چینایەتی زیندوو رادەگرێت، سابا هەر جۆرە سیستمێک بەڕێوەی ببا..

* پەراوێز ئەم بۆچوونەی پۆل سویزی لەیەکێک لەکتێبەکانیەوە وەرگیراوە کەباسێکی تایبەتە بە سوسیالیزم و ناسیونالیزم.




بەپێی ئەم نەخشــە سیاسیە کە بۆدەوڵەت کێشراوە، هێڵەکە لەدەوڵەتی نەتەوەییــەوە دەچێــت بۆنەتــەوەی دەوڵەتــی، لەوێشــەوە نەتــەوەی سەردەست دەبینین بەسەر نەتەوەی ژێر دەست، هەروەها لەوێوە دونیای چینایەتی لەنێو نەتەوەکاندا دروست دەبێت، بۆیە نەتەوەی سەردەست دەبێتە بۆرژوازی و زاڵ دەبێت بەسەر نەتەوەی ژێر دەست، گەڕانیش بــەدوای شوناســی دەوڵەتیدا هەر ئــەو دەرەنجامەی هەیــە کەدونیای چینایەتــی درێژە پێدەدات کەلــەرووی مێژووییەوە لەتــەواوی دونیادا هەبووە، هەر لەســەر هەمان ستایلی نەتەوەیش دەوڵەت دروست بووە و ئێســتا خەریکە لە نەخشــەی جوگرافی و سیاســیدا کەمتر دەبینرێت. جگــە لــەو نەتەوانەی کەلەدوای هەرەســی شــۆڤیەتە دروســت بوون، بــەڵام ئەو دەوڵەتانەی کەئەزموونی سیاســی تەکنۆلۆژیان هەیە بەرەو پێشــەوە چوون، جوگرافیای خۆیان یەکالاکــرد بۆهەموو نەتەوەکان و

کولتوورەکان، ناوی دەوڵەتی نەتەوەییان لەخۆیان سڕیەوە.
ئەم بۆچوونە تەواو دروستە وەختێک دەبینین بزووتنەوەی ناسیونالیستی چ لەناو عەرەب و تورک و فارس و کورد کەلەتەکیاندا دەژی، راستیەکان دەسەلمێنێت کەلەئەڵسدا جەنگی نێوان گەلان، جەنگی چینە باڵادەست و چینە ژێر دەستەکانە و ناسیونالیزمیش هەمان ستراتیژی سیاسی هەیە کەبەبیانوی ناسیونالیزم کێشەی چینایەتی پێ پەردەپۆش دەکرێ...
موناقشەکردنی ئەم چەمکە وەکو شتێکی ئەپستراکت، یان داماڵراو لەسۆزی نەتەوەخوازی، یاخود ئەو نۆستالیژیایەی کەنەتەوەخوازەکان شانازی پێوەدەکەن، موناقەشەیەکی تیئۆریە و قسەگەلێکی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام لەکن ئێمە کەمتر وەکو تیئۆرەی پەڕەگرتنی فکری سیاسی نوێ مومارەسەی کراوە، لەلایەکی ترەوە ئێستا باوترین قسە لەسەر ئەوەیە، ناسیونالیزم ئەوچەمکەیە لەمێژوودا باس کراوە و بەرهەمێکی فکری سیاسی نوێ نیە، هەروەک چۆن ئەوروپیەکان شانازی پێوە دەکەن، هەروەها شێوەیەکی تری هەڵەی فکری مێژوویی بەشەری بووە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کەپێشتر ئینترۆپۆلۆژیستەکان قسەیان لەسەر نەتەوەکان و نەتەوەخوازی کردووە، تەنانەت لەدەقە پیرۆز کراوەکانی وەکو قورئان و لەتەورات بەنموونە دێتەوە، وەکو ئەوەی باسی لەگەل و نیشتمان کردووە، واتا (کۆمەڵگە و خاک) بەو مانایەی یەکێک لەپرانسیپەکانی خوداپەرستی بووە، ئەمەش بۆخۆی وەکو موڵکیەتێکی کۆمەڵە خەڵکێک لەبیری ئینساندا هەبووە، هەرئەوەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سۆمەرییەکان باسیان لەدەسەڵاتێکی رەها کردووە کەپێشتر هەیانبووە لەناوچەکەدا، وەهەندێک هەن باس لەوڵاتی میزۆپۆتامیا دەکەن لەوانەش میدیاکان کەکورد بەمێژووی خۆی داناوە، وەک پەیوەست کردنێک بەمێژووی هەر یەک لەونەتەوانەی

کەلەو ناوچەیە ژیانیان کردووە، ئەمە جگەلەنەتەوەی عەرەب کەتائێستا برەوی پێدەدەن، هەروەها جگە لەچەند نەتەوەیەکی تری وەکو ئەکەدی ساسـانی و بابلی و ئاشـوری لەم ناوچەیەدا هەبـوون و دواتر نەمان و لەناوچـوون، سـۆمەریەکان پەیوەسـتی دەکەن بەئاینـی خۆیانەوە، کلد و ئاشـوریش بەهەمان شێوە، مەبەسـتمە موناقەشەکە ببەمە سەر ئەوەی ئەوکات لایەنی ئاینی بیری لەچەمکی ناسـیۆنالیزمی کردۆتەوە لەناوچەکـەدا بەئەوەی ئێستاشـەوە، کەوابـوو لـەرووی پراکتیکیەوە ئیشـکالیەتەکە زیاتـر لەخودی چەمکەکەدا کۆدەکاتـەوە، نەک پراکتیزە کردنی کەبەشێکی تری ناوەخنی چەمکەکەیە...

## لینین و چەمکی ناسیونالیزم..

دوای ئەوەی کەشۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی ١٩١٧ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و حکومەتی قەیسەر هەرەسی هێنا، دواتر سۆڤیەت دروست بوو، فلادیمیر ئیلیچ لینین رابەری ئینتەرناسیونالیزمی دووەم، بیری لەکێشەی نەتـەوەکان کردەوە وەک چارەسـەرێکی ئینتەرناسـیونالیانە بۆنەتەوە سـتەم لێکـراوەکان و ئیمپریالیزم، ئەوەبوو مافی چارەی خۆنوسـینی بۆنەتەوەکان بەڕەوا زانی و تیئۆریزەی کرد، بەمەرجێک ئەم مافە نەبێتە مایەی دروست بوونی ئیشکالیاتی سیاسی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و ئینتەرناسـیونالیزم لەتەواوی دونیادا، لەمڕاستیایەشدا هاوکاری زۆرێک لەنەتەوە ژێردەسـتەکانی کردووە، تائەو جێگەیـەی کەهاوکاری مادی و مەعنەویشـی کـردوون، بەتایبەت ئـەو نەتەوانەی کەلەژێر دەسـتی ئیمپریالیزمدا بوون لەرژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەگەرچی لینین کێشـەی گەلانی وەک بەشـێک لەکێشـەی کرێکاران و پرۆلیتاریای جهان تەماشا کردووە، بەڵام خودی بیرکردنەوەکە بۆئەوە

نەبـووە کەدەوڵەتـی نەتـەوەکان بکاتە مۆدێـل، بەقەد ئـەوەی نەتەوە سەردەسـتەکانی وەک ئیمپریالیـزم ناسـاندووە، ئیمپریالیزمیش وەک بەشێک لەسیستمی سەرمایەداری، بەو مانایەی کەنەتەوەی سەردەست. نەتـەوەی بۆرژوازیـە و نەتەوەی ژێر دەسـتیش پرۆلیتاریا، ئیدی ئەم ئەلتەرناتیڤە سیاسـیە کەبریتیە لەپاڵپشتی گەلانی ستەم لێکراو، بەشێک بووە لەدژایەتی کردنی سیسـتمی سـەرمایەداری ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدابێـت، بزووتنـەوە سیاسـیە نەتەوەییەکان کەڵک لـەم بیرۆکەیە وەردەگرن..

رۆزا لۆکسـمبۆرگ کەلـە سـەردەمی لینین ژیـاوە، تائـەو کاتەش کە لەسـاڵی ١٩١٩ لەلایەن ئەفسەرەکانی ئەڵمانەوە شەهید کرا، هەر لەژێر کاریگەری فکری لینین بوو سەبارەت بەمافی نەتەوەکان، بەڵام جیاوازی یرکردنەوەیان هەبووە، وەکو لینین خۆی لەناوەڕۆکی بەرنامەی (حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست دیموکراسی روسی) دەڵێ "ناوەڕۆکی هەڵەکەی رۆزا لەوێوەیە کە لەپێگەکانی وڵاتانی زۆر لێکراوەوە سەرچاوە گرتووە، بۆیە بەبڕوای من لە فکری مارکسـیزم لینینیزم دابڕاون، بۆیە لەبیروڕا چەوتەکانی مەسەلەی نەتەوەیە لایدابوو" ئەو کات لینین لەو بارودۆخەدا مەسـەلەی نەتەوایەتـی خسـتبوو روو، بزووتنـەوەی دیموکراتیانەی تێکۆشـانی جوتیاران گەشـەی دەکرد، لینین لەساڵی ١٩١٨ لەکۆنگرەی پێنجەم ئاماژەی بەوەدا کە نەیتوانیوە مەسەلەی فللەندا چارەسەر نەکات کە فیسـنخافود سـەرۆکی بوو، هەر ئەوەی کە گوتوویەتی "لەسەرمان بوو کە دیموکراتیەت نەگۆڕین و مافی گەلان دەسـتەبەر بکەین، لەگەڵ فیسـنخافود سەرۆکی وەفدی پەرلەمانی فللەندا دەستمان لەناو دەستی یەکتـر نـا، هەریەک لەئێمـەش بیرمان لـەوە دەکردەوە ئاخـۆ کاممان پێـش ئەوی تـر لەسـێدارە دەدات، چونکە پیاوێکی کۆنەپەرسـت بوو،

بــەڵام توانیمــان گەورەترین چەکی پڕوپاگەندە لەدەســتی وەرگرینەوە کە دەیویســت لــەدژی ئێمە بــەکاری بێنێ، ئەوە بوو هەر لەو ســاڵەدا ئەنجومەنی کرێکان و ســوپای سوور دامەزرا، دوای ئەوەش لەئاسیای ناوەڕاســت کۆماری تورکستانی ســۆڤیەتی پێکهات"*... ئەمانە بەشێک بوونە لەئەو هەوڵانەی لینین بۆ داننپیانان بەکێشەی گەلان...

## ئیدیۆلۆژیای ناسیونالیزم
## ئێمە و ئەوان

وەختێک چەمکێک بۆئامانجێک دێتە ئاراوە، یان رۆشنتر بڵێم بەڕوکەش و فــۆرم بۆبەدەســت هێنانــی ئامانجــی نەتەوەیــی کاری پێدەکرێــت، لەجەوهەریشدا بۆمەبەست و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریە، دروست بەئاقارێکی تــردا دەڕوا و دەبێتە ئیدیۆلۆژیایەکی رووت، ئیدیۆلۆژیاش بۆخــۆی چەمکێکی فکریە کەمۆدێرنیتە لەســەدەی ١٨ لەهەناوی خۆیدا بەرهەمی هێنا و دواتر لەســەدەی ١٩ گەشــەی کرد، راستەوخۆ لەگەڵ رەوتــی رەخنەگرتندا دەچێتە پرۆســەیەکی درێژخایەنی سیاســیەوە و بەهایەکی تری دەبێت.
وەکــو پێشــتر باســمان کرد تیــژی رەخنــەی سیاســی لەقوتابخانەی فرانکفۆرتــەوە ســەریهەڵدا، لەپێشــی هەمویانــەوە (لیــۆ ئاڵتۆســێر) بــوو کەرەخنــەی لەمارکسیســتەکان گــرت و دوو جۆر مارکســی پێ ئاشــناکردین، (مارکســی لاو و مارکســی کامڵ) هەر ئــەم بۆچوونەی ئاڵتۆسێر هەوادارانی و هەروەها نمونەشیان (هانا ئارێنت) ە کەچەمکی

* ئەم داتایە کەدەربارەی لینین و مافی چارەنووســی گەلانە لەئینتەرنێتەوە وەرگیراوە. بڕوانە ســایتی مارکسیزم. www.marksizm.net

تۆتالیتالریزمــی سیاســی دایــە بــەر رەخنــە و وەکــو ئیدیۆلۆژیایەکی مەترســیدار تەماشــای دەکرد، ئــەو پێی وابوو بەرئەنجامی سیســتمی سەرمایەداری مۆدێرنەبوو کەشۆڤێنیزم و نازیزمی بەرهەمهێناو جەنگە جهانیەکانــی گەرمتر کرد، یان ئــەوەی کەئیدیۆلۆژیای کۆنکرێتی کردە مۆدێلێکی سیاسی و رەنگیدایەوە..

روونتریــن شــت بــۆ تاکەکــەس یــان هاوڵاتیــان برتیــە لــەوەی ئەو ئیدیۆلۆژیەتە قەبوڵ نەکەن کەبەتوندی جهان دابەش دەکات بۆزاراوەی "ئێمــەی پێچەوانــەی ئەوانین" یاخــود ئەو ســەرکردانە هەڵبژێرێت کە هەڵوێســتی لەم شێوەیەیان هەیە و بەگشت ئیدیۆلۆژیەتی نازی ئەڵمان وتوندڕەوەکانــی ئێســتادا بچێتــەوە.. لەمبارەیــەوە (د. عەبــاس وەلی) بیرمەندێکــی کوردە و شــارەزایی لەبارەی ئەم چەمکــەوە هەیە کە بە ئیدیۆلۆژیای ناســیونالیزم ناوی دەبات، لەوتارێکدا سەبارەت بەچەمکی ناســیونالیزم بەتایبەتــی، ئەو پێی وایــە چەمکی ئیدیۆلۆژیــا "بەمانای سیستمێک دێت کەبەشێوەیەک لەشێوەکان لەگەڵ بەرنامە، یان پێکهاتەی سیاســی هەمیشــە لەپەیوەندیدایە، چونکە ئەم پێناســەیە بۆئیدیۆلۆژیا ســیمایەکی بیلایەنــی نیــە و کەوتۆتە نێــو بزووتنەوە سیاســیەکان و لەقالب دراوە، بەتایبەتی ئیدیۆلۆژیای ناســیونالیزم کەبەر لەوەی فکری بێت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە داینەمۆی حزب و هەڵوێستی پێ وەردەگیرێت، بۆنمونە ناســیونالیزمێک کەلەژێر پەرچەمی مارکسیزمدا خۆی نمایش دەکات، جیاوازتر دەبینرێت لەگەڵ ناسیونالیزمێک کەفیختە بۆکۆمەڵگەی ئەڵمانی پێشنیار دەکات، یەعنی ئەوەی کەلەژێر پەرچەمی مارکســیزمدایە فلتەرێکــی فکری مێژوویی هەیە، چونکــە پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ئاگایی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یاخود بونیادی کۆمەڵایەتــی سیســتمی ئابــوری و جارێکی تر راڤــەی دەکاتەوە، نەک

سـەرەونخوون کردنی خودی چەمکەکـە بەئاقارێکی تردا کەمەرامێکی سیاسی تری لەپشـتەوەبێت، بەوپێیەی کەمارکس لەدوای ساڵی ١٨٤٦ بایەخێکـی تـەواوی بەچەمکی ئیدیۆلـۆژی داوە، بەڵام لەسـاڵی ١٨٥٢ بـەدواوە ئەم زاراوەیـەی بەکارنەهێناوە، چونکە پێشـتر مارکس وەک رەخنەیـەک لەئیدیۆلۆژیـای ئەڵمـان کاری لەسـەر کـردووە و وەک نەریتێکـی لێدێت لەنێو فکری سیاسـیدا، ئیدی ئەم پرانسـیپە سیاسـیە لێکدانـەوەی جیـاواز بۆمارکـس دەخولقێنـێ، هەرئـەوەی کەتیئۆر و پراکتیک دەبنە دوو چەمکی یەکگرتوو کەدواتر لەنێو گوتاری سیاسـیدا رەنگدەداتـەوە"* وەختێـک مێـژوو باس لەکێشمەکێشـی نەتـەوەکان دەکات، وەکو ئەوەی بەشـێکی زۆر لە پانتایی کێشمەکێشـی چینەکان داگیـر دەکات، ئەوەی ئێسـتاکەش هەیـە هاتنی مۆدێلێکـە لەکۆمەڵێک مەزهەب و سـتایلی بیرکردنەوە لەناسیونالیزم کەبۆقەوارەیەک گرنگە، (برویلـی) بیرمەندێکی ناوداری ئەم بوارەیـە و خاوەن کتێبێکە بەناوی (نەتەوەخوزای دەوڵەت)، لەلقێکی پێشـتری باسـەکەماندا کتێبەکەیمان بەنمونە هێنایەوە و گرنگی بەئامرازەکانی پەیوەندی هاوڵاتی و کۆمەڵگە دەدات و دەڵێ "خەڵک هەولّی بوون بەئەندامی کۆمەڵگە دەدەن و هەستی بەهێزیـان بەرامبـەر ئێمە و ئـەوان و بوونی خاک وەک نیشـتیمان و سەر بەجهانێکی دیاریکراو و پێناسە کراو لەرووی کولتووریەوە کەمانا دەبەخشـێتە ژیانیـان، بـەڵام لەئاکامدا زۆربـەی زۆری ئەمانە دوورن لەشـیکردنەوەی مەنتیقی و لەو بڕوایەشـدام لەدەرەوەی شرۆڤەکاری مێژووناسـانن"** مـن خەریکم بیر لە چەمکی ناسـیونالیزم دەکەمەوە

* ئەم وتارەی د. (عەباس وەلی) لەرۆژنامەی رۆژنامە ژمارە ٣٦٥ رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٧ بڵاوکراوەتەوە و مەلەفێکی تایبەت بووە بەئیدیۆلۆژیا و ناسیونالیزم....

** نەتەوەخوازی. تیئۆری و ئیدیۆلۆژی و مێژوو. ئەنتۆنی دی سمیس . وەرگێرانی بۆکوردی هۆشیار سیوەیلی. بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ل٧٣.

کــە سیاســەتی نێودەوڵەتــی و کۆمپانیــا نێودەوڵەتیەکان بــۆ مەرامی سیاسی و کێبەرکێی ئابوری زیندووی دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەم چەمکە خەریکە جارێکی تر وەکو دیارە بەشــێوەیەک لەشێوەکان خەریکە کاڵ دەبێتەوە، (ریجیس دۆبریە) لەکتێبی (نقد العقل السیاســی) پشتگیری لە بۆچوونەکانــی کۆنت دەکات و دەڵــێ "ئەو ئیدیۆلۆژیە ئاینییەی کەباس لەناســیونالیزم دەکات، عەقڵییەتێکە لەجەستەیەکی نەخۆشدا، خەڵکەکان وەکــو خــۆی نابینن، ئەمــەش وەکو ئــەوە وایــە ئاوێنەیەک شــێوەی تەواوی کەســێک نەدات بەدەســتەوە، ئەو دیالیکتیکــەی هیگڵیش خۆی لەخۆیــدا فکرەیەکی پێشــکەوتووە، بەڵام ئــەو دیالیکتیکەی کە مارکس پێشکەشی کرد، لەرووی تیئۆری و پراکتیک جیاوازی هەیە و واقیعێکی پێشــکەوتوو تــرە، چونکــە بەئاراســتەی مێــژوودا دەڕوات، هەر بۆیە ئیدیۆلۆژیــای ئەڵمــان دەکەوێتە بەر رەخنەی مارکــس و هیگڵ، چونکە ئیدیۆلۆژیــای پیاوانی ئاینی و یاســاییەکان و سیاســیە ئەخلاقیەکانیش لەسەر سەر راوەستاون"* کەوابوو ئیدیۆلۆژیای سیاسیش کەلایەنێکی جیانەکراوەیــە لەئیدۆلۆژیــای ئاینــی، ناتوانــێ نەتــەوەکان لەقەوارەی خۆیانــدا راگرێــت و بەرژەوەندیەکانیــان بپارێزێت، بەپێچەوانەشــەوە ناتوانێ مەســەلەی نەتــەوەکان رەتبکاتەوە، وەختێکیــش کەنەتەوەیەک دەکەوێتــە ژێــر کاریگــەری ئیدیۆلۆژیایەکــی دیاریکــراو بۆگەیشــتن بەســتراتیژی نەتەوەیی لەژێر چەمکی ناســیونالیزم، هیچــی زیاتر نیە لەو ئیدیۆلۆژیەی کەئاین ئیدیعای بۆدەکات، ســەرەنجام نەتەوەخوازی (ناســیونالیزم) تەنها بۆمەرامێکی سیاســی لافیتەی بۆهەڵدەدرێت، نەک لەرێگایەوە ریشــەی نەتەوەکان ئاشــکرا بــکات و بیانخاتە نێو مێژووە وە، ئەمــەش بەئاشــکرا لەحزبە پاریــزگار و راســتڕەوەکان، هەروەها

* نقد العقل السیاسی. ریجیس دوبریە. ت. د. عەفیف دمشقیە. دار الآداب. الطبعە الاولی ١٩٨٦ ل ١٣٥

لەسیاســەتی حیزبە بەنــاو چەپەکان و ئاینیەکانیــش دەبینرێت کەچۆن کەڵک لەم چەمکە وەردەگیرێت...
ئەو (ئێمە و ئەوانەش) کەفکری سیاسی لەرێگەی ئیدیۆلۆژیاوە سەبارەت بەنەتــەوە و چەمکــی ناســیونالیزم بەرهەمــی هێناوە، واتــە بە جیاواز تەماشــاکردنی ئینســانی رۆژئاوا و نەتەوەی جیاواز و رەش پێســت و ســپی پێست، جگە لەهالەیەکی ســیحراوی بۆ سڕینەوەی یەکتر لەسەر بانــی کۆمەڵگەی بەشــەری هیچ شــتێکی تری لێبــەدی ناکرێت، ئەگەر ئیدیۆلۆژیا وەکو چەمک پێناسە بکەین، دەبێت بەسەر دوو رەگەزی نێر و مێ قاژی بکەین، ئەوەی کەرەگەزی نێرە لەپیاوێکی بڕوادار و خاوەن دەســەڵات دەچێت و شــانازی بەهێزی بــازوو دەکات، هەروەک هیگڵ ئیدیۆلۆژیــای وەک چارەســەری واقیعی دۆزیەوە، ئــەوەش کەمێینەیە میتــۆدی فکــری و فەلســەفەیەکە بۆجهــان و ژیان، کەواتــە یەکەمجار شــۆڕش دواجار سیاســەت هەڵدەبژێــرێ، چونکی ئیدیۆلۆژیســتەکان لەحاڵەتی تایبەتی خۆیاندا دەژین، ئەوەش کەمارکس رەخنەی لێدەگرێ و نەتــەوەکان لەیەک قەوارەی فراواندا جێگــە دەکاتەوە، ئەو مەرامەی لەخۆ نەگرتبوو کەمارکسیستەکان لەرێگەی ئیدیۆلۆژیای سۆسیالیستی و کۆمۆنیســتیەوە، زەمینە بۆ داگیرکەرانی نەتەوە ژێردەستەکان خۆش بکەن تاکو گرێیەکی ســایکۆلۆژی سیاسی لەزهنیەتی ئینساندا دروست بکات، ئینسانی ستەم لێکراویش لەبەرامبەر ئەو داگیرکاریەی نەتەوەکەی و کۆلتورەکــەی و خاکەکەی رەواجی سیاســی پێــدا، هەرئەمەش بوو کەنیازی بۆرژوازی مۆدێرنی دەوڵەمەند کرد لەرووی سیاسیەوە..
هەڵبەت بەپێی قسەی (ریجیس دۆبریە)، ئەو گوتارەی کەمارکس وەکو تەرحێکی سۆسیالیســتیانە پێشــنیاری کرد ســەبارەت بەسۆســیالیزم و بەتایبەتیــش سۆســیالیزمی نەتــەوەکان، جۆرێــک بەختــەوەری

بــوو بۆ کۆمەڵگەی بەشــەری و نەهێشــتنی نەتەوەی بندەســت و ژێر دەســت، لەلایەکی تریشــەوە وەلامێک بــوو بۆ ئەو گوتــارە تیئۆریەی کەئەوروپییەکان لەسەروەختی خۆیدا کەڵکی سیاسی وفکریان لێوەگرت، ئەوگوتــارەی کەکاری لەســەر دەوڵەتــی نەتەوەیی دەکــرد و دژایەتی فکری سۆســیالیزمیان دەکرد، چونکی ئەوەی کەئەوروپییەکان بەگشتی و فەڕانســاییەکان بەتایبەت باســیان لەئیدیۆلۆژیای ناسیونالیزم کرد و تیئۆریزەیــان کردووە و خۆیان داهێنەری ئەو چەمکە بوون، کەئێســتا هەر خۆیان قەناعەتیان پێنەماوە و خەریکە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچێت، وەک بڵێی ئەو مۆدێلە سیاسیە کاتی بەسەر چووە، بەقەد ئەوەی شێوە ژیانێکی تر بەباشتر دەزانرێت لەسیستمی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیــدا کار پێبکرێــت، باشــترین نمونەی بەردەســتیش ئەوەیە کەهەر ئێســتا ئەوروپییەکان گرنگی نــادەن بەدەوڵەتی نەتەوەیی، بەقەد ئەوەی دەوڵەتی فرە نەتەوە و فرە کولتوور بەچاکتر دەزانن و کەڵکیان لەماتریالە بەشەریەکەشــی وەرگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەنیە کەمادام ئەوروپیــەکان دوای ئەزمــوون کردنی دەوڵەتــی نەتەونەیی بۆماوەی چەندین ســەدە، دەبێ ئەو نەتەوانەش کەئێســتا ژێر دەســتن و خاوەن دەوڵــەت نین، بەهەمان ســتایل کاربکەن، بەلام ئەوەشــمان بیر نەچێت کەناسیونالیزمی رۆژهەلاتی هەمان ئەو فکرە دەمارگیریە بەرهەمدێنێت کە لەســەدەکانی ناوەڕاســتدا لەئەوروپا بینیمان، یان لەئامریکای لاتین بینیمان لەنێو رەگەزپەرســتانی سپی پێســت بەرامبەر رەش پێستەکان و ئێســتا هیچ رەگەزێکی تر دژایەتی ئەوی تر ناکات و هەر هەموویان بەهاولاتی ناسراون...

ئەگەر وادابنێین بیرکردنەوەی ئەوکات بۆ ناسیونالیزم، وەک ئەزموونێک مومارەسەیەکی سیاسی عەفەوی بووە، یاخود ئەو هەلومەرجە سیاسیە

پێویسـتی بەو بیرکردنەوەیە بووە، لەحاڵێکدا ئەم مومارەسـە سیاسیە کەلەئیدیۆلۆژیایەکی وشـکدا چەقی بەست، لەلایەک کارێکی پێشوەختە بـووە، لەلایەکـی تـرەوە تیئۆرەیەکی زانسـتی بوو بـۆ وەلامدانەوەی پرسـیارگەلێکی وەهمـی بۆنەتـەوەکان، "ئـەوەی کەئەنگڵـس رەخنەی لەئیدیۆلۆژیا گرت لەلای (فیورباخ) لەکتێبی ئیدیۆلۆژیای ئەڵمانیا، ئەوەبوو کەئەو شکڵە لەئیدیۆلۆژیا کەڵک لەهێزی چینەکان وەردەگرێ بۆمەرامی خۆی، هەروەک چۆن کەڵک لەئیدیۆلۆژیای پرۆتستانتدا وەرگیرا لەسەدەی شـانزەهەمی وڵاتانی ئەوروپای باشوور، ئەمەش بەپێی قسەی ئەنگڵس لەپنتێکی فکری سنووورداردا دەوەستێت، هەروەها زەرفیەتێکی ماتریالی بـوو بۆ وەلانانـی زەرفیەتێکی تری بابەتی، بەشـێکی تری ئەتروحەکە ئەوەیـە کەجۆرێکە لەقەلاچۆکردنی کاری سـیخوری کەهێز و دەوڵەتە سەنعەتیەکان گرنگی پێدەدەن و دەیکەن بەبازاڕێکی سیاسی رەواجدار، هەروەها جۆرە رێگریەکیشـە لەبزووتنـەوەی چینایەتی و پێکەو ژیانی نەتـەوەکان بەبـێ ئـەوەی دژایەتی یەکتـر بکەن و یەکتر بسـڕنەوە"*
هەرئەوەی کەئێستا هیچ وڵاتێکی ئەوروپی و کیشوەرەکانی تر نابینین، زیاتـر لەچەندیـن نەتەوە و کولتـوور و مەزهەبی جیاجیـان تێدانەبێ، کەچی پێکەوە دەژین و هیچ کێشـەکی زمان و کولتوور و جوگرافیایان نیە، ئەگەر ناسیونالیزم ئەو لافیتەیە بوایە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، دەبوو ئێستا لەهەر یەک لەو وڵاتانە بۆنموونە لەسویرا، سوید، هۆڵەندا، هینـد و ئوسـتراليا وەک کیشـوەرێکی تایبەت، ئامریـکا و هتد، پارچە پارچە بونایە و دابەشـبوونایە بەسـەر چەندیـن دەوڵەتی نەتەوەیی و خـاوەن ئالاو پوڵ و خاک و سـنووری تایبەتی خۆیان بوونایە، کەچی پێکەوەژیان سـەلماندی کەدەوڵەتی نەتەوەیی جگە لەسـەرکوت کردنی

* نقد العقل السیاسی. ریجیس دوبریە. ترجمە د. عفیف دمشقیە الطبعە لبنان ل ١٤٣.

نەتەوەیەکی سەردەست بەسەر نەتەوەکانی ترەوە هیچی تر نیە..

## مێژووی چەمکی ناسیونالیزم

تائێستا موناقەشە کردنی ئەم چەمکە، جەخت کردنە لەسەر لایەنە مێژووییەکەی، بەپێی دەق و بۆچوونی بەشێک لەبیرمەندە عەرەبی و ئەوروپیەکان بێت، لەمێژوودا تیرەو قەوم هەبوون کەپەیوەستن بوون بەبۆنە و یاساو ڕێسای خۆیانەوە، ئەمەش جۆرێک بووە لەخۆپاراستن لەکۆمەڵێکی تر بۆئەوەی لەناو نەچن، ئەوەش کەپێویستی هەم بەپێناسە کردنی خودی چەمکەکە هەیە و هەم پێویستی بەشرۆڤە کردنی هەیە، لەدوو لقی جیاوازدا جێگەیان دەبێتەوە، ئەوەی لقی یەکەمە و پێناسەکەیەتی، زاراوەکە واتە (ناسیونال) (national) کەپێشتر بەزمانی لاتینی گوتراوەتەوە، کەواتە لەسەردەمی گریکەوە هاتووە و لەبری چەمکی هاوڵاتی بوون بەکارهاتووە، دواتر ڕۆژئاواییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئەم چەمکەدا هێناوەو (ناتالیان) بەکاریانهێناوە کەیەعنی نەتەوە، بەمانایەکی تر نیشانەی ڕێزگرتن بووە بۆبەرامبەر، پاشگرەکەشی کە(ییزم) ە دەیکات بەنەتەوەخوازی، لەلقی دووەهەمدا ناسیونالیزم کەشرۆڤەکەیەتی، ئەو ئیدیۆلۆژیا سیاسیەیە کەنێوان نەتەوەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا سنوورێک دادەنێت، سنوور دانانەکەش بەشێکی لەستەمی میللیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشەکەی تری لەدەمارگرژی و چاوچنۆکیەوە هاتووە، کەنەتەوەیەک گەرەکیەتی کۆنترۆڵی نەتەوەیەکی تر بکات و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کەئەمەش بۆخۆی بەپێی شوێن و کات مێژووی جیاوازیان هەیە.

ناسیونالیزم یەکەم ئیدیۆلۆژیای مۆدێرنەلەهەموو مێژوو مرۆڤایەتیدا

کەپێشـنیاری ئەوە بکات، دەسـەڵات و شـەرعیەتی سیاسی یەکدەست بـن ئەویش خەڵکە، بەڵام (ئێرنسـت رێنان) پسـپۆری بواری سیاسـی و شـارەزایە لەکێشـەی نەتەوە مێژووییەکان دەڵـێ "زاراوەی نەتەوە شـتێکی تازەیـە، لەکاتی خۆیدا میسـر و چین نەتەوە نەبـوون، بەڵکو دەسـتو پێوەند بوون لەبندەست ئیمبراتۆرەکان، بەو شێوەیە نەهاوڵاتی و نەشارنشینی لەئارادانەبوو"*، کەوابوو بەپێی قسەی رێنان بێت خودی نەتەوە دەرەنجامی جەنگ و جیاکردنەوەی سنوورەکان بووە و دیاردەی تری لێکەوتۆتەوە، لەشـوێنێکی تردا دەڵێ "سپانیا و ئیتاڵیا لەتوانەوەدا بوون لەلایەن ئیمبراتۆریای رۆما، ئیمبراتۆریای فارس و ئیمبراتۆریای ئەسـکەندەری و ئیمبراتۆریای ئاسوری، قەت نیشتیمانپەروەر نەبوون، هەرچی فارسەکانە لەساختومانێکی دەرەبەگیدا بوون، هیچ رەچەڵەکێکی تریـش خۆیان نابەنەوە سـەر کردەوە پڕ لەگێچەڵەکانی ئەسـکەندەری گەورە، ئەگەرچی ئاکامەکانی بەپێز بوون" **

هەروەهـا رێنـان درێژە بەم راو بۆچوونەی خـۆی دەدات و پێی وایە، سـازکردنی مێـژوو بۆنەتـەوەکان خـۆ خەریککـردن بەلێکۆڵینەوەی نەتـەوەکان، دەمانباتەوە سـەر زەبرو زەنگێک کەلەمێژووی سیاسـیدا قەومـاوە، بۆنموونـە یەکگرتنـی سـەرووی فەرانسـە لەگـەڵ (میدی) ئاکامی کوشـتوبڕ بووە کەماوەی سەدەیەکی داگیرکرد، ئەوەی کەهیچ هاوڵاتیەکـی (بورگاندیـی) یان (تایفاڵێـک) یان (ڤیسـگۆتیەک) دەبووە هۆی کشـتوبڕی (بارتۆلۆمیۆ)، ئەو کۆکوژییەی لەسـەدەی سێزدەهەم قەوماو لەبیریان بەرێتەوە، هەڵبەت بەپێی قسـەی رێنان لەفەرانسە ١٠ بنەماڵە دەسـت ناکەوێت رەچەڵەکیان بچێتەوە سـەر فەرانسە، لەسەر ئاستی وڵاتانی وەکی هۆڵەند و بەلژیکا و سویسرا کەنەتەوەی جیاجیان

---

* و **: ئەرنست رێنان لەبارەی ناسییونالیزمەوە (گۆڤاری رەهەند ژمارە ٥ ساڵی ١٩٩٨)

تێدایە، لەئاکامی ویستی راستەوخۆی شارەکان بوون کەبەسەرکەوتنی دەرەبەگیـدا دەرکەوتن، کەچی هەر خودی تیئۆریسـتیەکانی فەرانسـە بـاس لەداهێنانی نەتەوەخوازی و ناسـیونالیزم دەکەن کەلەشۆڕشـی فەرانسەدا شانازی پێوە دەکات، کەوابو لەقسەکانی رێنان وادەردەکەوێ کەنەتەوەی نوێ باو لەلایەن بنەماڵە و سـەرەتاکانی رژێمی دەرەبەگیدا سـەرچاوەیان گرتووە، نەک نەتەوەی مێژوویی رەسەن کەهەندێ جار مێژووی نوسراو چیرۆکەکانمان بۆدەگێڕنەوە..

ئەگەرچی تاساڵی ١٨١٠ لەکۆی ١٥٩ تەنها ١٥ دەوڵەتی نەتەوەیی بونیان هەبـوو، بەڵام دواتـر لەنەتەوە یەکگرتووەکان ئـەم رێژەیە بەرز بۆوە کەلەئەنجامـی داواکاری نەتەوەکانەوە هاتە ئاراوە و ئەندامگیریان کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەرووی کولتووریەوە دەوڵەت هیچکات خاوەنی یەک کولتـووری تایبەت نیە، بەڵکو فرەییە، تەنها شـتێک رەوایەتی پێدەدات ئەویش بەزۆر کۆچ پێکردنی کۆمەڵە خەڵکێک، یان کۆمەڵگەیەکی خاوەن یـەک زمان و یـەک کولتوور بـن وەک کەمینەیەک چاویـان لێبکرێت، بۆیـە هەموو دەوڵەتێک تێکەڵەیەکە لەکولتوور و زمانی جیاجیا و ئاینی جیاجیـا، کەوابـوو دەوڵەتی نەتەوەیـی نەک رەوایەتیەکی یاسـایی نیە و دیموکراسـی نابێـت و جێگیریش نابێت، چونکـی کەمینە و زۆرینەی نەتەوەکان دێتە ئاراوە، ئەم ئیشکالیاتە سیاسیە نمونەی وەک نازیزم و فاشیزمی رۆژئاوا دووبارە دەکاتەوە.

ئەمە بەشـێکە لەخراپەکاری دەوڵەتی نەتەوەیی، بەشەکەی تری ئەوەیە کەدەوڵەتـی نەتەوەیـی ناتوانێ ئابوریەکـی تایبەتی هەبێـت، لەکاتێکدا کەزیاتر لەنەتەوەیەک لەسەر ئەو خاکە دەژین و خاوەنی مێژوویی ئەو سەروەت و سامانەن، هەروەها ناسیونالیزمی مەدەنی و نەژادیش هەن، هەرچی ناسیونالیزمی نەژادی دەبێت دەستەجەمعی بێت، چونکە لەسەر

بنەمــای خوێن یاخود نەژاد یاخوود گرووپی ئەتنی ســەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا ناســیونالیزمی مەدەنی ناسیونالیزمی فەردییە، بەڵام دەکرێت ببێتــە دەســتەجەمعی، بەریتانیا و ئەمریکا نمونەی دوو ناســیونالیزمی مەدەنیی فەردین، بۆ نمونە فەرانساش نمونەی ناسیونالیزمێکی مەدەنی دەستەجەمعییە. ئەڵمانیا و روسیاش دوو نمونەی ناسیونالیزمی نەژادی دەستەجەمعین ..

لەمــاوەی ١٨٥٠ بــۆ ١٨٧١ لەئەوروپــا دەوڵەتی نەتەوە بەشــێوەیەکی روون بەکامڵی خۆی گەیشــت، ئەوەبوو ناســیونالیزم لەشارستانیەتی کۆمەڵــگای رۆژئاواییدا بوو بەبنەمایەکی جەوهەری، ئەگەرچی پێشــتر و لەماوەی شۆڕشــەکانی بەریتانیا و فەرانســا، ناســیونالیزم لەم دوو دەوڵەتــەدا هــەر هەبوو، بەڵام لــەم ماوەیەدا ١٨٧٠ بــۆ ١٨٧١ تەواوی ئەوروپای گرتەوە، بۆنمونە فەرانســا لەماوەی رژێمی ناپلیۆنی سێهەم، لەئیتاڵیاش هەر لەو کاتەدا کەوڵات یەکی گرتەوە، هەروەها لەئەڵمانیش لەوکاتــەدا کەوڵات یەکی گرتەوە، لەوڵایەتــە یەکگرتووەکانیش لەدوای جەنگــی ناوخۆیی ئەو جەنگەی کە لەپێناوی یەکپارچەیی وڵاتدا روویدا یەکیــان گرتەوە. هەموو ئەم نمونانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ناســیونالیزم لەمێژوودا ئەو نمونەیە نەبووە کەئێستا خۆی دەنوێنێت..

## پێناسەی نەتەوە بەپێی دەوڵەت

*«دەوڵەت و دەسەڵات نەتەوە دروست دەکەن،*
*نەک ئەوەی کەنەتەوە دەوڵەت دروست دەکات»*
***هیگڵ***

ئەگەرچـی بەپێـی پێناسـەیەک کەهـەردوو بیرمەنـد (هۆبـز و لۆک) ئاماژەیان پێداوە، بەڵام بۆچوونی لۆک دروسـت بەپێەوانەی هۆبز بوو سەبارەت بەدەوڵەتی رەها، هەروەها بیریارانی سیاسی جیاوازی گەورە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوە دەبینین، دەوڵەت ئاماژە بە ئەو دامەزراوانە دەکات کەدەوڵەتەکـە بەڕێوە دەبەن، بەپێچەوانەوەی ئەوەی کە نەتەوە بە خەسڵەتێکی سایکۆلۆژیی دەبینن، ئەو شتەیە کەتاکە کەسەکانی لێوە دەناسـرێت، بەمانایەکی تر دەوڵەتی نەتەوەیی کەداهێنانی رۆژئاوایە و لەسەدەکانی ١٦ و ١٧ سەریهەڵدا، یەکەمین هەنگاو بۆ ئەمە بریتی بوو لەوەی کەدەسەڵات بدرێت بەپاشا و لەچنگی فیودالیزم وەربیگیرێتەوە، بەم پێیەش سیسـتمی بونیاتنراو لەسـەر هاوسـەنگی نێـوان هێزەکان دروست بوو، بزوتنەوەی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی گەلانی لەدوای پەیامی شۆڕشی فەرانسا گەشەی کرد، چونکە لەو کاتەدا ناپلیۆن یەکێک لەپێشێلکارەکانی مافە نەتەوەییەکان بوو، چوونی ناپلیۆن بۆ ئیتاڵیا لەساڵی ١٨٠٦ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی بەهێزکرد، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی دوو دەوڵەتی پاشـایەتی ئیتاڵیـا و ئیمبراتۆریەتی ئەڵمان، دواتر هەر ئەمانە شوێنەواری خراپی جێهێشت، لەوانەش تێکدانی هاوسەنگی

هێزەکان و زەمینە خۆش کردن بۆ جەنگی جهانی یەکەم، بەڵام پاش ئەم جەنگە دەیان دەوڵەتی تر زەمینەی ئەوەی بۆخۆشبوو کە چارەنووسی خۆی یاری بکات، هەروەها هەستی نەتەوەیی و فکری ناسیونالیزمی بەهێز تر کرد، چونکە بیرکردنەوە لە بەرگری کردن لە وڵات و نەتەوە ئەنجامی ئیمبراتۆرییەتەکان و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەگەر بەپێچەوانەوە دەوڵەتە داگیر کەرەکان پێشتر کاریان بە مەسەلەی مافی گەلان و مافی مرۆڤ بکردایە، بەو شێوەیە ناسیونالیزم گەشەی نەدەکرد، هەر ئەمەش بوو یاسای نێودەوڵەتی سەریهەڵدا. یان لەلایەکی ترەوە ئەگەر بۆچوونەکانی مارکس کاریگەری نەرێنی لەسەر درووست بوونی دەوڵەتی ئازاد کرد، هەر ئەوەی کەمارکس گوتوویەتی "ئەڵمانیا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا دواکەوتووە" بۆیە لە پانتاییە چۆڵەی سیاسەتی ئەڵمان بوو کە رەخنەی ئابوری سیاسی ئەنگلۆساکسۆن گرت، چونکە مارکس لە روانگەی ژێرخان و سەرخانی دەوڵەتەوە تەماشای ئەوروپای دەکرد و لەکاتێکدا ئەوروپا بەماوەیەکی زۆر لە سەرمایەداری پیشەسازی مانچستەر ساڵی ١٨٤٠ دەستی بە پیکهێنانی دەوڵەتی ئازادکرد، ئەم بۆچوونە بەشێکی تر بوون لەرێگریەکانی بەردەم بزووتنەوەی ناسیونالیزم و پێکهێنانی دەوڵەتی ئازاد کە لەدوای دروست بوونی سۆڤیەتەوە گەشەی زیاتر کرد.

لەحاڵێکدا ئەوروپا بەپێی کۆمەڵێک پەیماننامە نێوەدەوڵەتی، خۆیان پاپەندی ئەوە کرد کەلەرێگای رێز گرتن لەمافی مرۆڤ و نەمانی کۆیلایەتی و مافی نەتەوەکانی تر کەخاوەنی دەوڵەت نین، ئەم بارەی بەلایەکی تردا برد بۆ نمونە "رێزگرتن لەپرنسیپی مرۆیی لەجەنگە وشکاییەکان لە راگەێنراوی پترزبۆرگی ساڵی ١٨٦٨ و کۆنفرانسی برۆکسل ١٨٧٤ و کۆنفرانسی لاهای و یاسای هەڵوەشانەوەی کۆیلەیەتی

١٨٩٠ بەدەســتپێخەری ئینگلتــەرا کەداوا لەهەموو وڵاتــان کرابوو ئەم پرنیسپە جێبەجێ بکەن". *

## بەڵننامە و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان

### ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ١٩١٦/٥/١٦

ئەم ڕێکەوتنە لەکاتی جەنگی جهانی یەکەم بوو لەنێوان شەریف لەحیجاز و هنری مکهاهون نێونەری بەریتانی لەمیسر. هەردوو نوێنەری ئینگلیز مارک ســایکس و جۆرج بیکۆ ی فەرەنســیئیمزا کرا، ۆ دابەش کردنی سوریا و عێراق. ئەم ڕێکەوتنە لەچەند بەندێک پێکهاتووە.

### بڕیارەکانی سان ڕیمۆ ساڵی ١٩٢٠/٤/٢٥

لەشوێنێکی گەشتیاری ئیتاڵی کەدەکەوێتە کەنداوی خوارووی سان ڕیمۆ، ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٥، نوێنەری ئەنجومەنی هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی جەنگــی جهانی یەکەم کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامــدا و چەند بریارێکیان دەرکرد..

١: دانانی خاکی عەرەبی ئەوانەی کە دەکەونە نێوان دەریای ســوور و کەنداو بکەونە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

٢: دابــەش کردنی وڵاتی ســوریا بۆ ســێ بەش، فەلەســتین و لوبنان، ئەوەش کەمایەوە وەکو سوریا بمێنێتەوە.

٣: عێراق وەکو خۆی بمێنێتەوە.

٤: سوریا و لوبنان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرانسا

٥: عێراق و فەلەستین بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی

* سەرچاوە د. بەجیهانی بون شوناس و نەتەوەیی. ئەحمەد نەجیب زادە. وەرگێرانی بۆ کوردی. ئازاد وەلەد بەگی ل ١٩١

٦: ئــەوەی کــە پەیوەنــدی بە فەلەســتینەوە هەیــە، بەپێــی بڕیارەکانی وەعــد بلفۆر مامەڵــەی لەگەڵدا دەکرێ کە لە ١٩٢٠/٥/٥ بڕیای لەســەر دەدرێت.

**بەڵێنی بلفۆر**

ئینگلتــەرای ئــەوکات تانــەی لەعەرەبــەکان دەدا کە لەگەڵ ئیســرائیل هەماهەنگیان هەیە، بۆیە لەرۆژی ١٩١٧/١١/٢ بەڵێن درا کە لەلایەن لۆرد (ئەرســەر بلفۆر) وەزیری دەرەوەی بەریتانا چەند نامەیەک ئاراستەی (بارود رۆچیڵ) بکرێ کە یەکێک لە گەورە پیاوانی یەهود بوو، ئەمەش دەقی نامەکەیە.

حکومەتی بەریتانیا بەچاوێکی سۆزەوە تەماشای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی دەکات بۆ یەهۆدییەکان، بۆئەم مەبەستەش کاری بۆ دەکات، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو مافە مەدەنی و ئاینیانەی کە هەیانە، وەکو چۆن تایفەکانــی تری دەرەوەی یەهود لە فەلەســتین هەیانە، ئەوانیش وەکو ئەو یەهودییەکانی وڵاتانی تر بۆیان هەیە مافی سیاسی خۆیان هەبێ.

ئەمانە بەشێک بوون لەو پەیماننامە و بەڵێننامانەی کەلەلایەن دەوڵەتانی وەکــو ئیتاڵیا و فەرانســا و بەریتانیا لەدوای جەنگــی جهانی یەکەمەوە بڕیاریان لەسەرداوە، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی کە خاوەن سەرماییەکی گەورەی نەوت و ئاوو بونە، بۆیە پارچە پارچە دەکرێن و دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەر یەک لەو وڵاتانەوە کەدەوڵەتی نەتەوەیی بوون. لەحاڵێکدا رۆژئــاوا خۆیــان بۆ یەکەمین جار بەبانگەشــەی ئەوەیــان کردووە کە دەبێ هەر نەتەوەیەک خاوەنی مافی دروست کردنی قەوارە و دەوڵەت هەبێت و هەروەها قەوارەکانیان پارێزراو بێت.

ئـەو دەوڵەتــە نەتەوەییانەش هەیە کەهەموو کەسـێک (هاوڵاتیەکانیان) قایلن بەوەی دەوڵەت موڵکی خۆیانە، بۆیە دەیکەن بەماڵی سەرەکی بۆ شـوناس و دڵسۆزی سیاسی خۆیان، ئەم حاڵەتە بەڕوونی لەهەر یەک لەوڵایەتــە یەکگرتووەکان و فەرانســە دەبینرێت، بەڵام لــەو ناوچانەدا دەبینرێـت کەخەڵکەکـەی هێنـدەی خۆیـان بەسـکۆتلەندی دادەنێـن، هێنـدە بەبەریتانــی خۆیان لەقەڵــەم نادەن، یاخوود خۆیــان بە (کیوبی دەزانن)، نــەوەک بەکەنەدی، لەپەنای ئەم حاڵەتەدا جالیەی پەناهەندەی هەندێک لەهەندەران هەن، بەڵام سـۆزیان هەر بۆدەوڵەتەکەیان هەیە و بەدڵسۆزییەوە کاری بۆ دەکەن..

## دەوڵەتی سێنترالی

ئەگەرچــی دەوڵەت بەپێی ڕێکەوتنێکی ئارەزوو مەندانەی نێوان گروپە سیاســیەکان و زەروورەتی دەزگا تەشــریعی و تەنفیزیەکان ســەری هەڵــداوە، یاخــود گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتیــە و لەرێــگای تاکــەکان و دەســەڵاتەوە دروست بووە، چونکە دەسەڵاتی سەروەری و دەزگاکانی ئاسایش باشتر دەتوانێ بیانپارێزن لەهەر ئاژاوە و دڕندەییەک، کەئەمە بەبەرژەوەنــدی گشــتی کۆمەڵگــە ناودەبرێــت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا دەوڵــەت لەجەوهەردا کۆمەڵە دەزگایەکە دەســتەبژێرێک بۆپاراســتنی بەرژەوەندیەکانــی خۆیــان دەیبەنەڕێوە و لەبەرامبەریشــدا تاکەکان و تــەواوی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەدا کەبەشــداری دامــودەزگاکان دەکەن، هــاوکات ســەرکوتیش دەکرێــن و هەنــدێ جاریــش بێبــەش دەکرێن لەبەشــداری کردنی راســتەوخۆ، جا چ لەرووی سیاســیەتەوە بێت یان لەرووی بەڕێوەبردنەوە بێت، هەندێ جاریش رەخنەگرتن و ناڕەزایەتی خەڵــک بەدوژمنکاری لەقەڵەمی دەدەن، ئیدی بەبیانوی ئەوەی دوژمنی

دەســەڵاتن، دەســتەبژێر دوژمنەکانیان ســەرکوت دەکەن لەهەرجۆرە جموجۆڵێک کە بەبەرژەوەندی دەوڵەت ناکەوێتەوە..

هەڵبــەت ئــەم پێناســەیە لەدەوڵەتــی مۆدێرنیشــدا وجــودی هەیــە، "(جــۆن برویلی) تیئۆریســتێکی سیاســی و نەتەوەخوازێکــی مۆدێرنە، لەوپێناسەیەیدا کەلەکتێبەکەیدا بەناوی (نەتەوە خوازی و دەوڵەت) ساڵی ١٩٩٣ نوســیویەتی و ئاماژە بۆکولتوور دەکات، ناســنامەی کولتووری وەک کارەکتەرێکی پێناسەخوازی رەتدەکاتەوە، لای ئەو نەتەوەخوازی (بریتیــە لەدیاردەیەکی سیاســی رووت و داماڵراو بەڵام بەشــێوەیەکی مۆدێــرن) چونکــە لەوبڕوایەدایــە کەئەمە بەرەو دواوەیــە و بۆچوونی پرایۆردیالانەی نامەنتیقی بۆ پێویستی سەر نەتەوە بوون دەمانگێڕێتەوە، سەرباری ئەوەش ئەو دان بەوەدا دەنێ کەنەتەوەخوازی زۆری هێزی خۆی لەنێوە ناڕاستیانەوە بەدەست دێنێ و باوەشیان بۆدەکاتەوە."*

نوخبەناســە کلاســیکیەکانی وەک (گێتانۆ مۆســکا و ڤیلفریــدۆ پارتیۆ و رۆبێــرت میکڵ)، پێیان وایە دەســەڵاتی سیاســی ئــەوەی کەبەفۆرم دەســەڵات بەڕێوەدەبــەن، لەژێــر دەســتی دەســتەبژێرێکی بچوکدایە، وەک سۆســیالیزم و دیموکراســی ئەفســانەن، ئەگەرچــی (بــڕۆدۆن) کەبەئانارشــیزمی دەوڵــەت و دژی دیموکراســی ناســراوە، لــەزۆر لایەنەوە دژی ئەو چەمکانە راوەســتاوە، بەتایبەتی چەمکی سۆسیالیزم و موناقەشــەیەکی توندڕەوانــە لەگەڵ مارکــس دەکات، کتێبێک بەناوی (فەلســەفەی هــەژاری) دەنووســێت، دواتر مارکــس لەکتێبێکدا بەناوی (هەژاری فەلسەفە) وەڵامی دەداتەوە..

بیار جۆزێف برۆدۆن (١٨٠٩_١٨٦٥) هاوشانی (سان سیمۆن) جەختیان

---

* نەتەوەخوزای تیئۆر و ئیدیۆلۆژی و مێژوو . ئەنتۆنی دی سمیس. و. بۆکوردی، هۆشیار سیوەیلی، دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٤. ل ٧٢

لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەمەسەلەی یەکگرتنی گەلان و بوونی دەوڵەتێک کەدەسەڵاتی سیاسی گەرەکیەتی، چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵک ناکات، ئەوەش کەلەبارەی دیموکراسـیەتی گەلانەوە قسـەی لێدەکرێ، برۆدۆن کەلەدژی شۆڕشـی ١٧٩٨ وەسـتایەوە دەڵێ "دیموکراسـیەت وشـەیەکی وەهمیە و مانایەکی رۆمانسـیە بۆگەل، وەکو خۆشەویستی کـوڕان بۆکچان و بەپێچەوانەشـەوە کچانە بۆکوڕان، بەڵام ئەم زاراوە رۆمانسـیە مانای دەسـەڵاتی گەل نیـە، تەنها ئەوە نەبێت کەهۆشـیار کردنەوەی گەلانە" سـەبارەت بەدەوڵەتیش دەڵێ "دەوڵەت دەسەڵاتێکی سـێنتراڵیە و هیچی تر، مەرج ئەوەیە دەوڵەت یەکسانی بکاتە باوو رێز لەهاوڵاتیـان بگـرێ، هەروەها کەڵـک لەئاین وەرنەگرێت بۆدەسـەڵاتی کەنیسـە" دوای ئەم بۆچونانەی برۆدۆن فۆریە کەوەک مامۆستای ئەم میتۆدە ناسرا و رەخنەکەی راستەوخۆ ئاراستەی مەلیکی فەرانسا کرد، دواتر بەچەند ساڵێ حوکمی زیندانی درا.*

ئەگەرچـی دواتـر مارکس وەڵامی برۆدۆنی داوەتـەوە لەکتێبی (بوئس الفلسـفە) وەکو پێشتر باسـمان لێوەکرد، بەڵام بەپێی قەناعەتی مارکس دەوڵـەت لەپێکهاتـە کلاسـیکیەکەی دەردەچێتـە دەرێ و کرێـکاران لەرێگای شۆڕشـەوە ئەو کۆمەڵگە بەرابەریـە بخولقێنن، کەکۆمەڵگەی سەرمایەداری کۆمەڵگەی چینایەتیە، هەر لێرەشەوەیە تەواوی ململانێکان سـەرهەڵدەدەن، هەروەها پێی وایە ناکرێ دەوڵەت لەپێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگـە جـودا بکرێتـەوە، چونکە سـەرەنجام دەوڵەت سیسـتمێکی سـەرمایەداریە و لەسـەر کۆمەڵێـک پایـەی پتەو راوەسـتاوە، یەکێک لـەو پایانەش ئابوریە کەبنمیچی سیاسـی دەوڵـەت رادەگرێت، ئەمەش

* تاریخ الفکر السیاسی. جان توشار،لویس بودان، بیار جانین، جورج لافۆ، جان سیرینلی. ترجمە علی مقلد. دار النشر العالمیە بیروت. ل٤٤٥

هۆکارێکـــی تری زاڵ بوونه بەســـەر چینی خوارەوە واتە چینی کرێکار. ئەمە لەکاتێکدا مارکس ئەوەی بەیان کردووە کەکرێکار لەهەر شوێنێک بێت ســـەر بەهەمان چینە، چونکە خاوەنـــی هیچ موڵکیەتێک نیە و وەک جوتیار نیە کەموڵکدارێتی پێی دەبەســـتێتەوە بەو شـــوێنەوە پەیوەستە کەتێیدا دەژی و بەناچار دەبێت بەنیشـــتیمانپەروەر، سابا بائەو جوتیار و کرێکارە ســـەر بەهەر نەتـــەوە و رەگەزێک بـــن بەرەچەڵەک، کەواتە دەوڵەتـــی فرەیـــی و دەوڵەتـــی نەتەوەیـــی یەک ســـتراتیژی سیاســـی و ئابوریان لەپشـــتەوەیە، سابا لەژێر هەر پەرچەمێکدا بێت و هەر ناوێکی تری هەڵگرتبێت، یان بابەدەنگی خەڵک بناغەکەی دروست کرابێت..

پێشتر بەشێکی زۆر لەدەوڵەتان لەرێگای پێناسەی نەتەوە وە، مامەڵەی سیاســـیان لەتـــەک دەوڵەتـــدا دەکـــرد، دواجـــار ئاڵوگۆڕە سیاســـیی و ســـەربازیەکان فەزایەکـــی وەهایان خوڵقاند کەنەتـــەوەکان تێکەڵ بن و دەوڵەتـــی فرەیی ببێتە ئەمری واقیع، بەپێی قســـەی ئیدیۆلۆژیســـتەکانی فەرانســـە بێت، تاســـاڵی ١٧٨٩ پێیان وابوو یەکێتی تاکەکان یاســـایەک فەرمانڕەوایـــی دەکات کەئەنجومەنـــی یاســـادانان نوێنەرایەتی دەکەن، لەمڕاســـتایەدا دەوڵـــەت بەشـــێوەیەک لەشـــێوەکان کەڵکی لـــەم چەمکە فکرییـــە وەرگرتووە، وەکـــو هێزێک کەبەرگری لەسیســـتمی حوکمڕانی بکات، یەعنی تەبەعیەت بۆسیســـتمی دەوڵەت نەک بۆرژێمکی سیاســـی، لێرەوە تەواوی ئەو بەرژەوەندیانەی تاک یان بنەماڵە یان خێڵ هەیەتی، دەبنە بەشێک لەقەوارەی نەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانی..

بەهێـــز کردنـــی ئینتما بۆخێـــڵ و بنەماڵە، نیشـــانەی بەهێـــز کردنی ئەو قەوارەیەیـــە کەدواجـــار نەتەوەخـــوازەکان بۆگەورەبوونـــی بنکـــەی جەمـــاوەری خۆیـــان کاری لەســـەر دەکەن، بۆیە دواجـــار لەنێو کایەی تری بەڕێوەبردنیشـــدا جارێکی تر پێیان دەبەخشـــرێتەوە کەلەقەوارەی

دەوڵەتدا سیســتماتیک کراوە، بــەڵام بەهەمان عەقڵیەتی بنەماڵە، کەواتە بەرژەوەندی تاک دەبێتە خەیاڵ و لەواقیع دووردەکەوێتەوە، چونکە ئەو بەرژەوەندییە نیە کەبنەماڵە و خێڵ هەیانە و بیری لێدەکەنەوە، هەروەها بیرکردنــەوەی تاکیــش بیرکردنەوەیەکــی جیــاوازە لەبیرکردنــەوەی کۆمەڵگە، بیرکردنەوەیەکە لەدەرەوەی نەریت و کولتووری دەســەڵات، بیرکردنەوەیەکــە بــۆ دابــڕان لەکولتــووری باو و ڕێســا گشــتیەکان کەبەرژەوەندیەکانیــان دەپارێزێــت، بەپێچەوانــەوەی ئــەوەی کەتــاک لەدەرەوەی هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگەیە دەیهەوێ چالاکی بکات، ئەمە بەشێکی ئەو ئیشکالیاتەیە کەلەسیستمی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا هەیە، ئەو ئیشکالیاتەیە کەلەپڕۆژەی نەتەوە هاتووەکاندا زەقتر دەبینرێ، بەشەکەی تری یەخەی هیز و گروپ و ئاین و کولتور و نەتەوەکانی تر دەگرێت، چونکی لەسایەی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوە و گروپەکانی تری کۆمەڵگا راســتەوخۆ دەبنە هاوڵاتی پلــە دوو، یاخود دەچنــە پەراوێزی نەتەوە سەردەســتەکان، کەدەوڵەت لەرێگای راگەیاندنی ئاڵا و پوڵ و یاســا و رێســاکانەوە کاری بۆ دەکات، ئەم فاکتەرانەش هیچیان بەشــێوەیەکی فەرمــی تەعبیر لەکۆی نەتەوەکانی تــر ناکەن کەلەدەوڵەتێکی نەتەوەیی دیاری کراودا ژیانی سیاسی دەکەن ..

ئــەم ئەزموونە کەتیئۆریســتەکانی فەرانســە خســتیانە بەرنامە کاری دەوڵەتەوە، وەکو مەشغەڵەتێکی فکری ئیتاڵیاکانیشی گرتەوە، بەر لەوەی ببــن بەخاوەن قــەوارەی نەتەوەی خۆیان، لەشــوێنی خۆیــان چەقیان بەستبوو، چونکی حوکمڕانی و دەسەڵاتداریێتی لەژێر دەستی بنەماڵەکان بوو، نەک پڕۆژەیەک بۆ دروست کردنی قەوارەی نەتەوەیی، وەختێکیش دەوڵەتی نەتەوەیی لەتەواوی ئەوروپا بوو بەمۆدێلی سیستمی دەوڵەت، بەشــێکی تری فاشــیەتی خولقاند، هەروەک ئــەوەی کەلەحوکمڕانیەتی

مۆســۆلینی و هیتلــەر بینیمان، چونکــی پارێزگاری کــردن لەقەوارەی یــەک نەتەوەیــی لەنێو سیســتمی دەوڵــەت، مانــای پەراوێز خســتنی نەتەوەکانی تــرە، "پەیوەندی فەرمانبەری و فەرمانڕەوایەتی لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دیاردەیەکی تەواو بەرچاوە، دەبێ ئەوەش بزانین کەتەواوی گیروگرفتەکانی کۆمەڵی ئینسانی لەزەمانی بەدیهێنانی ئــەم پێوەرەوە پەیدا بــووە، تەواوی کارەســاتە خوێناویەکانیش بۆئەم شێوە پەیوەندیە دەگەڕێتەوە، یەکەم هەنگاوی شێوازی ناسیونالیزمیش کەمزگێنــی دەری بەدیهاتنی دەوڵەتی نەتەوەییــە، زەمینە خۆش کردنە لەنێــوان دەوڵەت و میللەت، ناســیونالیزمیش بەهەڵبژاردنی دەســەڵاتی گەلی و لادانی دەســەڵاتی تاکەکەس یان دەســتەیەک لەوڵاتێکدا، ئیدی دەوڵــەت دەگەڕێتەوە ســەر رایەڵی کۆمەلایەتی و دەیــکات بەدەزگای دەســەڵاتی گەلی و دواتر میللەت هاندەدات بۆپاراستنی بەرژەوەندی و قازانجی دەوڵەت"*

لەفەرهەنگــی پەیوەندیــە نێودەوڵەتیــەکان، (گراهــام هیڤانس و جێفری نیوهام) کەدوو بیرمەندی سیاســی دژە ناسیونالیســتین، بەو پێناسەی جیاواز بەلام لەیەکتر نزیک دەستپێدەکەن "ئەم زاراوەیە بۆ مانای نزیک بــەکار دێت. لەبەکارهێنانی یەکەمدا ناســیونالیزم بەدوای کیانێکی فعلی دەوڵەتــدا دەگەڕێت، پاشــان بۆخــۆی دوای چەند ئامانجێکی سیاســی و کولتــوری دەکەوێــت"، بەلام ئەم دوو بیریــارە وەک هەر قوتابیەکی هاوچەرخــی دیکــە لەبــورای سیاســی نێودەوڵەتیــدا، وای بۆدەچێــت ناســیونالیزم یەکێک بێــت لەهێزە هەرە گرنگەکان بۆشــێوە گیرکردنی سیاســەتی نێودەوڵەتــی، بــەلام مەرج نیە هەمیشــە بەئاقاری باشــەدا هەنگاو بنێت..

---

* نەتەوەخوازی نوسینی د. عەبدوللە ئەبریشەمی، وەرگێرانی. سەلاحەدین ئاشتی ل٤٨ و ل٤٩

هـەر ئیدیۆلۆژیـای نەتەوەخوازیـە کەدەوڵەتـی پـێ پێناسـە دەکرێ، ئیدیۆلۆژیـای کۆنکریتـی و جێگیـرە، ئەمـەش هیـچ بۆ ئـەو نەتەوانە ناهێڵێتـەوە کەلەتـەک نەتـەوەی سەردەسـت و حاکـم ژیـان دەکەن، بەپێچەوانـەوە هەرچی فەزڵی دەوڵەت هەیە بۆنەتەوەی خاوەن قەوارە دەگەڕێتەوە، ئەم ژیانە سیاسـیە لەدەوڵەتانـی عەرەبی زیاتر دەبینرێ، وەختێـک گروپی تری کۆمەڵگـە دەبینین لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا خۆیان بەعـەرەب نازانـن، پێیـان وایـە کولتوری رەسـەنی ناوچەکـە میراتی کولتوری ئەوانە، لەوانە قیپتیەکانی میسر باشترین نموونەی بەرچاون، ئەمـەش ئـەو فاکتەرە سـەرەکیانەیە کەکێشـەی دەوڵەتانـی ناوچەکە بەهەڵواسـراوی دەهێڵێتەوە... "شـیکردنەوەیەکی تـر هەیە بۆپێکهاتەی دەوڵەتـی نەتەوەیی نوێ وەکو سـتایلی دەوڵەتانی پێشـووتر، دەکرێ لەچوار لایەنی جیاوازەوە ببینرێ..

یەکەم: یەکخستن لەبەرامبەر فرەیی نەتەوەیدا

دووەم: ئەپرستراکتی لەبەرامبەر ئەزموونگەریدا

سێهەم: سیستم لەبەرامبەر نەریت

چوارەم : چالاکی بێ بەرامبەر

ئـــەم چوار لایەنە جەخت لەســـەر ئـــەو دەكاتـــەوە كەدەوڵەتی نەتەوەی بـــەرەو عەقڵانیەت پێشـــدەكەوێت كەمەئموورییەتی دەوڵەتـــی نەتەوەیی نوێیە، هەروەها یەكێتی پێوەرێكی پراكتیكیە لەناو سنووری دەوڵەت"*
ئەم تێگەیشتنەی (عبدلله عروی) بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی هەیەتی، ئەگەرچی بۆدەوڵەتانی عەرەبیە و ناكرێ وەک ستانداری دەوڵەت تەماشا بكرێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەستنیشـــان كردنی چوار لایەنی دیاری كراوە كەئیتر هیـــچ بەهانەیەكـــی تر نامێنـــێ بۆئەمنـــی نەتەوەیـــی كەدەوڵەتانی دونیا موناقەشەی لەسەر دەكەن و هاوڵاتی تێیدا دەبێ بیپارێزێت...
بـــاری ئابووری كەپێكهاتەیەكی تری ســـەرچاوەی دەســـەڵاتی دەوڵەت و پشـــتی پێەدەســـپێردرێ، هـــەروەک ماركـــس دەڵێ "دەوڵـــەت بریتیە لەســـەرخان و ژێرخان" ســـەرخان بریتیە لەكولتوور و یاسا و زمان و پـــەروەدە و هتد، ژێرخانیش بریتیە لەســـەرچاوە ئابوورییەكان بەهەموو لایەنەكانیـــەوە "لەبـــاری ئابوریەوە دەبێ دەوڵەتـــی نەتەوەیی قودرەتی خۆی نیشـــان بدات بۆ پڕكردنەوەی بەشـــێک لەو زێدەباییە ركابەریەی كەبەبەرژەوەنـــدی گشـــتی دەوڵـــەت تـــەواو دەبێ، هەروەهـــا كارەكانی ناوخـــۆی پێمەیســـەر دەكات، بۆئەوەی پشـــتگیری لەچالاكیەكانی خۆی بكات، لەم پێناوەشـــدا دەوڵەت هیچ پێویســـت ناكات بەراستەوخۆ دەور ببینـــێ لەبەرهەمهێنـــان و گەڕانـــەوەی بەرهەم، بەڵام پێویســـتە گەشـــە بەئابوری بدات و هاوكاری خەڵک بكات، لەپێناو بەلانس كردنی ئاستی گەشـــەكردن كە گروپە كۆمەڵاتیەكان وەگەربخات، سا لەرێگەی كارگە نیشـــتیمانیەكانەوە بێت كە كاڵای نیشـــتمانی بەرهەمدێنێ، یان لەرێگەی خـــوری و پترۆل و گەشـــت و گوزار و دەزگا پیشەســـازیەكانی ترەوە بێت"**.

* مفهوم الدوله. عبدوالله العروی. دار النشر المركز الپقافی العربی. ل٦٨

ئەگەرچــی ئەم تیئۆرەیە بۆدەوڵەتی نەتەوەیی باشــتر و لەبارترە، نەک بۆنەتەوەیەک کەهێشــتا خاوەنی دەوڵەت نیە، بەڵام ناکرێت بۆدروست کردنــی قەوارەیەکــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی، تاقمێک هەوڵــی ئەوەبدەن کەهەرچی سەرچاوەی ئابوری هەیە پاوانی بکەن و لەپەنا بەرژەوەندیە نەتەوەیــەکان، هەرچــی زیاتــر بەرژەوەندی خۆیان پێشــبخەن و گەل پشتگوێ بخەن، ئەمە جگە لەوەی کەدەوڵەتی نەتەوەیی، دەبێ دەوڵەتی فرە نەتەوەکان و تەواوی هاوڵاتیانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بێت، چونکە زیاتــر لەنەتەوەیــەک و کولتوورێک و مەزهەبێکــی تێدایە کەنوێنەریان لەدەزگاکاندا مەوجوودە و پێکەوە دەژین..

لەگەڵ ئەوەدا کەدروســت کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، مافێکی سیاســی و فەرهەنگی و مێژوویی هاشــا هەڵنەگرە، بەڵام دواتر مافی ئەو گەلانە دەخاتــە پەراوێــزی مافەکانی ئــەو دەوڵەتەوە کەبەنــاوی نەتەوەیەکی دیاریکــراوەوە پێناســە وەردەگرێــت. چونکە دەوڵەتی ناسیونالیســتی ئــەو وڵاتانەی کە ســەرکوت کــراون و لەهەلومەرجێکی تــردا جێگە و ڕێگەیەکی تریان بۆدەدۆزرێتەوە لەهاوکێشــە سیاســیەکاندا، بەرهەمی پرۆرســەیەکی سروشــتی گەشــەکردنی ناســیونالیزم، یــان بەرهەمی خەباتــی رزگاریخوازی دژ بەکۆڵۆنیالیزم نەبوون، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە بەکۆمەکــی راســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆی وڵاتانــی کۆڵۆنیالــی و ســەرمایەداری ئەورپایی دامەزران، یان چەســپێنران لەجوگرافیایەکی دیاری کراو، هەر ئەوەی کەناسیونالیستی ئەو وڵاتانە بۆبەڕێوەبەردنی دەوڵەتی ناسیونال و پڕۆژەی نەتەوەیی و مەزهەبی بوونە دارودەستەی کۆڵۆنیالیــزم. لەکاتێکــدا روحــی نەتەوەیی بۆدروســت کردنی دەوڵەت

**الشــركات عابره القوميه و مســتقبل الضاهره القوميه. تاليف، د. محمد الســعيد ســعيد. دار النشــر الكويتيه، ل ٩٣

نەئـەو ئامانجانە بەدەسـتدێنێت کەویسـتێکی یاسـایی و دیموکراتین، نەئـەو مۆدێلـە بەرهەمدێنێت کەخـودی پڕۆژەی نەتەوەیی پێویسـتی پێیەتی، "ناسیونالیزم لەهەر وڵاتێکدا بەپێی پرۆگرام و ڕێباز و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سروشت و ناوەڕۆکەکەی دیاری دەکرێت، دەشێت ئازادیخواز و ڕزگارکەر یان شۆڤێنیست و مەزنخواز و هێرش بەربێت، بەڵام ناسـیونالیزم بەگشـتی لەقۆناغـی دیاریکراوی مێژووی خۆیدا وەک دیاردەیەکی بابەتی مێژوویی پێویسـتیەکانی گەشـەکردنی ژیانی مادی و ڕوحی نەتەوە دەسـتدەکەوێت، بەڵام ناسیونالیزم دوای بەدیهێنانـی ئەرکـی مێژووی خـۆی، دامەزراندنی دەوڵەتی ناسـیونال دەشـێت ناوەڕۆکێکی شـۆڤێنیانە بەخۆیەوە بگرێت، بەگشـتی ناتوانێ دیموکراتـی و عەدالەتخـواز بێـت"*. بۆنمونە هەوڵی دروسـت کردنی دەوڵەتێـک لەلایەن کوردەکانـەوە، هەمان ئـەو نموونەیەمان بۆدەکاتە وانەیـەک کەدەرەنجامەکەی هـەر ئەوەدەبێت مافی گەلانی تر پێشـێل دەکات، بوونی کلد و ئاشـوری و تورکمان لەنێو هەرێمی کوردسـتان، باشـترین سـەلمێنەرە کەلەئاینـدەدا ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروسـت بـوو، ئەو گەلانەش داوای مافی جوگرافی و کولتووری خۆیان دەکەن، جائـەوکات دەبێ یان ئـەو مافە لەبەرچاو بگیرێت و بـەڕەوا بزانرێت، یان ئەوەتا کێبەرکێیەکی تر دروسـت دەبێت کەکوردەکان دەبنە چوون یەکـی ڕژێمەکانی پێشـوو، یـان ئەوەتـا جۆرێکی تـر لەبزووتنەوەی ناسـیونالیزم دروست دەبێت، یەعنی کورد دەبێتە نەتەوەی سەردەست و نەتەوەکانی تریش ژێر دەسـت، جگە لەم پێشـبینیەش تەماشاکردنی ئەو نەتەوانەی کەلەکوردسـتان دەژین بەنموونە، یان ئەوانەی کەلەپاڵ نەتەوە خاوەن نفوزەکانی وەک وڵاتانی ئەوروپا، بەکەمینەیەک تەماشـا

---

* د. ڕەفیق سابیر. بەشێک لەکتێبی (ئیمبراتۆری لم)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی حوزەیرانی ١٩٩٨

دەکرێــن، لەکاتێکــدا هیچ نەتەوەیەک نیە بچوک بێــت و نەتەوەیەکی تر گەورە بێت، بەوپێیەی کەهەر یەک لەکلدو ئاشور لەزۆر وڵاتی تر هەن و یــەک نەریــت و کولتــوور و مەزهەبی ئاینیان هەیــە، ئەمە لەحاڵێکدا مەســەلەی چینایەتی لەنێو خودی ئەو خەڵکانەی کەسەر بەنەتەوەکانن سەرهەڵدەدەن، هەروەک چۆن لەساڵەکانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٦٠ لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بینرا، ئەوەی کەباس لەتوانەوەی ســێگۆچکەی مەزهەبەکان قســە دەکرا، مەبەست لەهەر یەک (پرۆستانت و کاسۆلیک و جولەکــە) بوو، ئــەوکات گروپە جیاجیاکان شــێوازی ژیانیان گۆڕی بوو و ناسنامەکانی خۆشیان هێشبووە و پاراستبوویان و دواتر بوون بەیەکێک لەئامرازەکانی گوشــاری سیاســی بۆســەر دەســەڵات، بەڵام دواتــر لەئەو گرووپانە لەوەچەکانی خۆیاندا تایبەتمەندێتی کولتووریان خســتە روو، هەروەهــا ئیختیــاری مامەڵــە کردنیــان لەگەڵــدا کــرد، ســەرەنجام ســەرکردەکانی ئەم گرووپە ئیتنیک و مەزهەبیانە کەڵکیان لێوەرگرت لەمەیدانی سیاسیدا بۆکۆکردنەوەی خەڵک و دەنگدان لەسەر ســنوودوقەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش دیســان بۆبەدەستهێنانی هەرچی زیاتر دەســەڵات و ســامان بوو کەکاریگەرترین ئامرازی سیاسی بوو، ئــەم دیمەنە سیاســیە ئەگەرچی مافێکە لەسیاســەتدا رەوایەتی هەیە و ســیمبولەکان دەتوانن کەڵک لەو گروپانە وەربگرن و بیانکەن بە بنکەی جەماوەری حیزب و لەپاشــکۆی ئیدیۆلۆژیــادا مەوقیع وەربگرن، بەڵام سەرەنجام پرۆسەکە ئاشــکرا دەبێت، هەروەک چۆن لەنێو کوردەکاندا ئەم دیمەنە دووبارە بووە و خەریکە دەبێتە مایەی سەرئێشــەیەکی تر بۆکوردســتان. هەروەک داواکاری کریستیان بەهەردو نەتەوەی کلد و ئاشوریەوە، هەروەها ئێزدی و نەتەوەکانی تر دەرکەوت..

## نەتەوە و ئاین

ئەگەرچـــی ئاین بەئاقاری فکری ئینتەرناســـیونالیزمدا رێدەکات، یەعنی گوتارێکـــی گشـــتگیرە و رێگەیەکـــە بۆباوەڕی و خوداپەرســـتی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەکێکی تەواو بەنەتەوەکان دەکات کەلەنێو ئاینشدا چەمکێکی دانپیانراوە، باشـــتر بڵێم ئاین هیچ کات ســـنوورێک بۆنەتەوەکان دیاری ناکات، بەقەد ئەوەی کەڵک لەماتریالە بەشەریەکەی وەردەگرێ، "لەکاتی خۆیدا کەنیســـەی ئەرسەدۆکســـی کەزرۆترین خەڵکی بەڵقان ئینتیمایان بۆی هەبوو و پاتریارکێکی یۆنانی لەئەســـتەنبوڵ ســـەرۆکایەتی دەکرد، زمانی یۆنانی بەکار دەهێنا، هەروەها یۆنانیەکانی بۆکار و وەزیفەی باڵا بەکار دەهێنا، هەروەها فەرمانبەرانی مەدەنی یۆنانیشی وەگەڕدەخست، ئەوانەی کەئینتیمایـــان بۆ حوکمی پارچەکانی دانوبی ئەوکات و هەبوو کەرۆمانی ئێســـتایە، دواتر یۆنانیەکان سەرکەوتن بەسەر تەواوی چینە تێگەیشـــتوو و بازرگانـــی بەڵقان، هەروەها ناوچەی دەریای ســـوور و رۆژهەڵات، بەپێی سروشتی چالاکیەکان.

بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ئســـوڵە نەتەوەییەی کەهێزەکان تادەهات زیاتر دەبوون و و تایپی هێلینی لەماوەی ســـەدەی هەژدە، لەســـەر بنچینەی فراوان بوونی ئابوری گـــەورە و ئەو چوارچێوەیەی کەیۆنانیەکان پێی گەیشتن"*

بەروویەکـــی تـــردا ئایـــن بۆتـــە بەشـــێک لەئیشـــکالیاتە سیاســـی و

* عصر الثوره اوروبا(١٧٨٩_١٨٤٨) . اریک هوبسباوم. ترجمه فایز الصیاغ. ل٢٧٢

ســتراتیژیەکانی بیری ناســیونالیزم، هەرئەوەی کەلەکۆمەڵگەیەکدا تاک هەیــە لەرووی مەزهەبیەوە جیاوازی هەیە لەوەی کەئینتمای نەتەوەیی، "کورتەبنەکانی ئەفەریقا هیچ باوەڕێک و هیچ ســروتێکی ئاینیان نەبوو کەبینەر هەســتی پێبکات، هیچ پەرســتگا و بت و خواوەندێکیان نەبوو، مردووەکانیشــیان بەبێ هیچ رێورەســمێک دەناشــت و پاش ناشــتنی پێدەچــوو هیــچ بایەخێکیان پێبــدەن، بگرە ئەفسانەشــیان نیە، هەرچی کورتەبنەمانی کامیرۆنە تەنها دان بەبوونی خوداوەندی خراپەکار دەنێن و هەرگیــز هەوڵــی ئەوەیان نەداوە دڵی ئــەو خواوەندەش رازی بکەن، ئەو هەوڵە بێهودەیە، هۆزی فیزالەســیلان دانیــان بەوەدا دەنا کەرەنگە خوداوەندێــک هەبێت و روحیشــی هەبێ و نەمریــش بێت"* . هەروەها دیورانت کەبەراوردکارییەک لەنێوان رەسەنایەتی نەتەوە و کولتووری ئاینی دەکات، گەیشتۆتە دەرەنجامێک کەنەتەوە رەسەنەکان نەدەیانزانی خــاک چیــە و نەدەیانزانــی ئایــن و خوداوەندیش چیــە و وەڵامی هیچ پرسیارێکیشــیان پێ نەبووە، و دەڵــێ "هیندیەکانی ئامریکای باکوریش باوەڕیان بەبوونی خودایەک هەبوو بەڵام هەرگیز نەیانپەرستووە، پێیان وابــوو وەک (ئەبیقۆر) خــودا زۆر لەوەدوورترە خــۆی لەکاری ئەوان هەڵقورتێنــێ، هیندیەکــی هۆزی (ئەپیپۆنگ) شــتێکی گوتــووە کەرەنگە ســەر لەزانایەکی میتافیزیکا تێکبدات"، بەشێوە زمانێکی کۆنفۆشیۆسی گوتــی "باوباپیرانی تەنها ئەم خاکەیان مەبەســت بــوو، تەنها ئەوەیان دەکرد دەشتەکەیان پڕبێت لەگڵ و روبارەکەیان پڕبێت لەئاو، بۆئەوەی ئەســپەکانیان تێر ئاوبن، هەرگیز ســەری خۆیان بەوەوە نەهێشاندووە لەئاســمان چ باســە و کێ ئەستێرەکانی دروست کردووە کێ حوکمیان

* مێژووی شارستانیەکان. وێڵ دیورانت. وەرگێڕانی بۆکوردی، ئازاد بەرزنجی و نەبەز کەمال و دانا ئەحمەد، بەرگی یەکەم. ل١٣٢

دەکات، کاتیکیش لەئەسکیمۆکانیان دەپرسی کێ زەوی و ئاسمانی دروست کردووە دەیان گوت نازانین، لەپیاوێکی زۆلۆیشیان پرسی (کاتێک خۆر دەبینی هەڵدێت و ئاوادەبێت و درەخت دەبینی پێدەگات ناپرسی کێ دروستی کردوە و کێ بەڕێوەی دەبات، زۆر بەسادەیی گوتی (نەخێر)، ئێمە ئەوشتانە دەبینین بەڵام نازانین لەکەیەوە وەهایە، لەوەش دەچێت هەر لەخۆیە وابێت"*.

بەو پێیە کەئاین وەک بەشێک لەکولتووری گەلان، لەرووی مێژووییەوە رووبەڕووی زۆرچەمکی تری مەعریفی بۆتەوە، وەکو ئەوەی تیئۆریستەکان باسی لێوە دەکەن و گومانیان هەیە لەوەی کەنەتەوە دروست کراوەکان ئاین و بەیەکتر دونیا بگۆڕنەوە، بەپێچەوانەوە نەتەوەکان بۆمەرامی تری سیاسی و جەنگ و داگیرکاری، بەناچار پشتیان بەکولتوور و نەریت و خاڵە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە بەستووە، بۆنموونە لەئەوروپادا سیستمی کڵێسا و قەشەسازی باشترین کەرەسەی کۆمەک کردن بوو بەچەمکی ناسیونالیزم، کەدواتر کاسۆلیک و پرۆتستانتی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە سیستمێکی سەرکوتکەر و بەناچار خەڵک دەچنە سەر رێگەی ئەوان، (ئەریک هۆبسباو) دەڵێ "گەلێکم پێبدە دەسەڵاتی ئیمان و هیواو چاکەکاریەکانی لەسەر رۆمانسیەت و مەسەلە دونیاییەکان هەبێت، گەلێکم پێبدە ئەم دونیایە نەبینی جگە لەشوێنی حەج، بەڵام نیشتیمان و دایک شتێکی ترە، گەلێک تەماشای پاڵەوانێتی و سیفاتی هەژاری و ئازارەکانی مەسیح بکات، گەلێک حەز بکات مەسیح بپەرستێ وەک کوڕی هەموو هەژاران، تەماشای خاچەکەی بکات وەکو کەرەسەی رزگار بوون، پێت دەڵێم گەلێکم پێبدە لەم قالبەدا بێت، ئەم حاڵەتە پاشەکشە کردنێکی زۆر

* هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٣٣

ئاسانە لەیەکسانی و تەنها بیرکردنەوەیەکی مەحاڵە"* لەنێو عەرەبیشدا ئیسلام بەمەزهەبی جیاواز و شیعە و سوننە و کولتووری جیاوازەوە، هەروەها لەنێو فارسیش مەزهەب و ئاینی جیاواز قەوارەکە رادەگرن، "ئەم جۆرە پەیوەندیە پەیوەندیەکی کاریگەر لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆ بوونی ئەو نەتەوەیە، لەوانەیە رابەران و پێشڕەوانی بزووتنەوەی نەتەوەکان بەو رادەیە نەکەوتبنە ژێر کاریگەری ئاینەوە، بەڵام کاتێک بزووتنەوە بەهێز دەبێت یان دەتوانێ دەوڵەت پێکبێنێت، ئەوسا پرسی ئاینی دەبێتە یەکێک لەهۆکارە کاریگەرییەکان. بۆنمونە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئێرانی ساڵی (١٥٠١_ ١٧٢٢) مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام. ئەگەر ئێرانیەکان واتە دەسەڵاتدارانی ئێرانی. رووبان نەکردایەتە مەزهەبی شیعە و ئەگەر شا ئیسماعیلی ئەو مەزهەبەی بەئاینی رەسمی ئێران رانەگەیاندبا، ئەوا ئێستا ئەمڕۆ کاریگەری وڵاتێک یان چوار چێوەیەکی سیاسی سەربەخۆ بەناوی ئێران و بەم تایبەتمەندیانەی ئێستاوە بوونی نەدەبوو، یان دەوڵەتی سوری مەزهەبی عەلەوی، ئەگەر بەوردی تەماشای مەسەلی ئێرلەندی بکەین بەتەواوی دەیبینین کەهۆکاری ئاینی (لەراستیدا هۆکاری مەزهەبی) دەورێکی لەرادەبەری گەورە دەبینێت، چونکە ئەو ئێرلەندیانەی کەسەر بەمەزهەبی پرۆستانتن، واتە هەمان مەزهەبی بەریتانیاکان داوای یەکێتی دەکەن لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام ئەوانەی سەر بەمەزهەبی کاسۆلیکین داوای جیاوازی دەکەن"**. سەبارەت بەو نەتەوانەی

---

* عصر الثوره، اوروپا (١٧٨٩_١٨٤٨) اریک هوبزباوم. مرکز دراسات الوحده العربیه، ترجمه. د. فتیز الصیاغ. الفصل الثانی . الایدیولوجیا الدین. ل٤٠٥

** ئەکرەمی میهرداد. ناسیونالیزم (گۆرانکاری تیئۆری رەخنەیی. بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٦ ل ٢٩ .

کەلەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و ئاینەکانیان تێکەڵ بەیەکترین، یان باشتر بڵێم کەپێکەوە دژین و لەیەک کۆمەڵگەدا هەم نەتەوەن و هەم مەزهەبی جیاوازیان هەیە کێشەکانیان یەکلایی نەبۆتەوە. چونکە هەندێک جار نەتەوەی سەردەست،. هەندێک جاریش مەزهەب "دین بەتایبەتی دینە گەورەکان وەکو (ئیسلام، مەسیحی، بۆزایی) میللەتێکی دیارکراو نین، توانیویانە سنووری نەتەوەکان ببەزێنن، بەڵام نەتەوەکانیش توانیویانە لەڕێگای مەزهەبەکان لێکدانەوەی جیاواز و کاریگەری خۆیان بەسەر دینەوە بەجێبێڵن، ئەگەر تەماشای مەسیحیەت بکەین بەسێ مەزهەبی سەرەکیەوە دابەشبوون، (ئەرسەدۆکس، کاسۆلیک و پرۆتستانت) بۆمان دەردەکەوێت کەکاریگەری رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکان و بەرژەوەندی هێزە دەوڵەتیەکانیش بەسەر ئەم ئاینەوە گەلێک زۆرە، سەرەنجام پرسی دینی و نەتەوەیی دەبێتە یەکەیەکی پێکەوە گرێدراو، زۆرجاریش چارەسەر کراوە لەلایەن دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەکانەوە بۆیەکلایی بوون و هاوئاهەنگ بوونی سەرچاوەکانی بوونی مانەوەی ئەو نەتەوە، وڵات و دەوڵەتە"*

ئەوەش کەگەشەکردنی نەتەوەیی پشتی بەئاین دەبەست، ئەو دەسەڵاتە بوو کەئاین شەرعیەتی پێدابوو، بەتایبەتی ئاینی مەسیحی و سیستمی کڵێسا و قەشەسازی، "پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشە کردنی سەرمایەداری و سەقامگیر بوونی دەوڵەتی ناسیونالی ئەورپای گۆڕانێکی بنەڕەتی لەژیانی ئابوری سیاسی و کولتووری کۆمەڵایەتی لەدەوڵەتانی ئەوروپا دروست کرد، دەسەڵاتی ئاینی لەژیانی سیاسی و ئابوریدا لاواز کرد، مەسەلەی رۆڵی گەل و دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ تاکە کەسدا و ماف و ئازادی و ئەرکەکانی مرڤ بەبێ

* هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٠.

دەستوور دیاری کران، بەڵام ئەو پرۆسەیە نەمایەوە سەرمایەداری بەپێی لۆژیکی قازانج و کێبەرکێ بەڕێوە دەچوو، هەرلەسەرەتاوە گەلێک وڵاتی ئەمریکا و ئاسیا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕدرا بەسەرمایەداری مۆنۆپۆلی ئیمپریالیزم"*
هەڵبەت بۆ نەتەوەبوونی کوردانیش کەبەشێک لەکولتووری ئیسلام و دواتریش عەرەب بەسەریدا زاڵە، لەجیاتی ئەوەی ئاین کۆمەکی بکات، کێشەی بۆدروست کردووە، یەعنی ئەگەر ئاینێکی وەکو ئاینی ئیسلامی وەک کارتێک بەکارهێنابێت بۆستراتیژی نەتەوەیی، بەپێچەوانەوە کاریگەری خراپی لەسەر هەم زمان. هەم کولتوور هەم قەوارە جوگرافیاکەی داناوە، بۆیە لەسەردەمی میرنشینی بابانەکاندا وەکو ریفۆرمێکی ئاینی، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی لەوپەڕی دونیاوە کەلەساڵی ١٨١١ دێتە کوردستان، مەعریفەیەکی تر دێنێتەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیری نەتەوەیی و گرێدانی ئاین بەو چەمکە، هەر ئەوەی کەتەریقەتی قادری و نەقشەبەندی دەکاتە باو، لەلایەکی ترەوە ریگەیەکی تر بۆ تەسەووف دەکاتە مۆدێل، ئەمە دەلیلی ئەوەیە کەکار بەرێگەکانی تری ئاین کراوە، بۆ زیندوو کردنەوەی فکری ناسیونالیزم...
ئەگەرچی ئاین مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کەچەمکێکی نێو نەتەوەییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکی لەگەلان و نەتەوەکان وەرگرتووە بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی رەگەزی و نەژادی، یەعنی بۆتە ئیدیۆلۆژیایەک بۆئەو دەقانەی کەلەپەراوێزی گوتارەکەیدا نەتەوەی پەراوێز نەخستووە.
جولەکەکان کەخۆیان بەنەتەوەی هەڵبژێردراوی خودا دەزانن، (شعب الله الموختار) دوای پتر لەدوو هەزار ساڵ و پەرش و بڵاوبوونەوەیان بەسەر

* سەرچاوە . د. رەفیق سابیر، بەشێک لەکتێبی ئیمبراتۆری لم.

تەواوی دەوڵەتانی دونیا، لەهەر شــوێنێک هەبووبن ئەگەر بەئاشــکراش نەبووبێت کولتوور و ئاین و قەوارەی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە، بەڵام توندڕەوی ئاین بەتایبەتی ئاینی ئیسلام و لەبەرامبەریشدا ئاینی یەهودی، فەزایەکــی وەهای خوڵقانــدووە کەنەعەرەب دان بە ئیســرائیلدا دەنێت، نەئیســرائیل دان بەئاینی عەرەبدا دەنێت هەروەک لەفەلەســتینی ئێســتا دەبینرێت، مەگەر لەپەراوێزی سیاســەت و بەرژوەندی دەوڵەت کاریان پێکــەوە کردبێــت... ئەگەر ئاین و کولتوور پێوەر بێــت بۆ نەتەوەبوون، ئەوا دەبێت سەرەتا کۆمەڵگەی فەرانساییەکان هەڵبوەشێنینەوە، چونکی یەک زمان و یەک مەزهەبی ئاینی پێکیانەوە گرێنادات، لەنێو عەرەبیشدا بەهەمــان شــێوە ئەوانەی کەخاوەن زمانی ئاســورین و ســەر بەئاینی کریستیانین، یان ئەوانەی کولتووری عەرەبیان هەیە و سەر بەمەزهەبی کریســتیانن، ئیشــکالیاتی جۆراو جۆرمان بۆ دروســت دەکات، ئەوەش کەلەنێو کورداندا هەیە ئاینی ئێزیدیەکان سەر بەئاینی تایبەت بەخۆیانن، کەچــی بەزمــان و کولتــووری کــوردی کاردەکەن، دەبــوو ئەگەر بەو پێوەرە بوایە، ئێزیدیەکان یان ئەوەتا کورد نەبونایە چونکە سەر بەئاینی ئیسلام نین، یان ئەوەتا زۆرینەی کورد کەسەر بەئاینی ئیسلامن، نابوو خاوەن شوناســی کوردی بن، ســابا لەیەک جوگرافیا و یەک مێژوویان هەبێت. ئایا لێرە بەدواوە کەنەتەوەکان بەناچار لەرێگەی نەوەکانیانەوە تێکــەڵ دەبن و دەبنە خزمی یەکتر، چۆن مامەڵە لەتەک کولتوور و ئاین دەکــەن، چۆن دەبنە یەک نەتەوە، وەختێک ئەگەر زمان پێوەری یەکەمە بۆبەدەســت هێنانی شوناسی نەتەوەیی، ئەم دوو فاقیەتە لەنێوان زمانی یەکگرتوو، هەروەها جوگرافیا و ئاین و مێژووی پێکەوبوون، تاکە شتێک دەیجوڵێنێ ئەویش هاوکێشــەی سیاســی و بەرژەوەندیە سیاســیەکانە کەئیدیۆلۆژیا هەڵیدەسوڕێنێت....

## هەڵبژاردنی شارستانیەت

ڕەنگە هەڵبژاردنی شارســتانیەت كەئێســتا پێوەرێكە بۆمێژوو یەكێكە لەموقەوماتــی نەتەوەیــی مێــژووی نوســراوی نــوێ، یــان بەشــێكی جیانەكراوەیە لەتایبەتمەندیەكانی نەتەوە، چونكە ژیانی گوندی كەپێشتر ئینسان بەگشــتی جۆرێك لەخڕبوونەوەی كۆمەڵەكان كۆچەری بوون، هەروەهــا مامەڵە كردنی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ سروشــت بووە، جگە لەیاساكانی سروشت و ئەو ڕێورەسمانەی هەیان بووە، هیچ یاسایەكی تــر لەئــارادا نەبوون كەلــەدوای ســەركەوتنی ســەرمایەداریەوە گوند نشینەكانیش لەژێر ســایەی یاسادان، بۆنمونە جۆری خودا پەرستی و هەڵبژاردنی مەلیك و زەواج كردن لەشــوێنێكەوە بۆشــوێنێكی تر زۆر جیاواز بوون، مەســەلەی نەریت و كولتوور لەو ســەردەماندا لەیاســا باڵاتــر بــوون، نموونەیەكی تر بۆپاڵپشــتی ئــەم باســە ئەوەیە، تورك لــەدوای ئەوەی بەڕەچەڵەك دەچنەوە ســەر ناوچەی بەڵقان و قەوقاز، دواتــر ئیمبراتۆریەتێــك دروســت دەكەن بەناوی عوســمانی، دەســت بەشارســتانیەتیەكەوە دەگرن كە (كەمال ئەتاتورك) هێنایە ئاراوە واتە (عەلمانیەت) ئێســتاش بەكەمالیســت ناودەبرێن، یەكێك لەسەركەوتنی ئەزمونــی ئەتاتورك ئەوەبوو ڕاســتەوخۆ چووبووە نێــو ئیدیۆلۆژیای پۆزەتیڤیزم كەئەومات سەراســەری فەرانسی گرتبووە وە، تەواوی ئەو پۆشــاكانەی ڕەتكردەوە كەنەریتی توركی ئیسلامگەرایی پێوەدیاربوو، لەبری ئەوەش نەریتی پۆشــاكی مۆدێرنی هێنایە ئاراوە، لەپەنا گۆڕینی

پەروەردەشدا ریش و سمێڵی قەغەکرد و ساڵنامەی عەرەبی گۆڕی بۆ پیتــی عەرەبی و کردی بەپیتی لاتینی، بەم شــێوەیە عەلمانیەتی تورکی هاتــە ئــاراوە، هەرچی عەرەبە کە بەشارســتانیەتی جیــاواز لەئایینەوە دوای دەوڵەتی خەلافەت، شارستانیەتی عروبەیان کردووە بەدەسکەلای گوتاری سیاســی خۆیان، "بەڵام ئیســلام بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە قۆناغی لەدایکبوونی چینێکی بۆرژوازی دیاریکراوی بینیووە، ئەو چینە بۆرژوازییەکی بازرگانی ســەرمایەداری نەبوو بەمانا خۆرئاواییەکەی، کەچــی لەدەوری بازرگانیکردنی شــتومەکدا لەئۆقیانووســی هیندیەوە هەتــا خــواروی فەرانســا و بیابانەکانــی ئیســپان درێژ دەبــووەوە، لەســەدەمی سێهەمی کۆچیشدا (واتە لەنێوان سەدەی نۆیەم و یانزەمی زاینــی) بەردەوام بوو، بووەتــە مایەی دەوڵەمەندی ئابــوری پایتەختە گەورەکانی دونیای ئیســلامی، بۆنموونە تاران و ئەســفەهان و شیراز لەئێران، بەغدا و بەسرە لەعێراق، دیمەشق لەسوریا"* بەڵام لەدوای ئەم مێژووە ئیدی هەرچی هەوڵ هەبوو درا بۆئەوەی بگەنە شارســتانیەتی رۆژئاوا و گۆڕینی ئەو ستایلە کۆنەی کەهەبوو، ئیدی نەیانتوانی لەژێر کاریگــەری ئیســلامگەرایی کــۆن و کلاســیکی بچنــەدەرەوە، هەر بەو ســتایلە کۆنەوە نەک شارســتانیەتی نوێیان قەبوڵ نەکرد، بەڵکو بوون بەدەیــان پارچەی جیاواز لەیەکتر، لەکاتێکدا لەجەنگی جهانی دووهەمدا زۆربــەی وڵاتــە عەرەبیەکان لەژێــر داگیرکاری فەرانســاو بەریتانیا و ئیتالیا بوون، بەڵام تاســەدەی بیست و یەکیش هەر بەو ستایلە مانەوە کەتەنها لەرووی فۆرمەوە گۆڕاون، رەنگە بەجیهانیبوونی دونیا هێندەی تــر گیری کردبن لــەو بیرکردنەوە باوانــەی کەناگونجێن لەگەڵ جهانی

---

* عەلمانیــەت و ئایــن. د. محمــد ئارگــۆن. وەرگێڕانی بۆعەرەبــی. نەوزاد ئەحمەد ئەســوەد. دەزگای سەردەمساڵی ٢٠٠٥. ل٤٧

تاک جەمسەری و سیستمی جهانگیری کەسەرمایەداری نوێی خوڵقاند، ئەگەرچی ئەم سیستمەی ئێستا تاکە دەرفەت بوو بۆئەوەی کەسێکی وەک ئەتاتورک هەڵکەوێت لەنێو تورکدا، بەپێچەوانەوە کولتووری عروبە لەنێو عەرەبەکان، زیاتر دەمارگرژی دروست کرد و ملیان نەدا بەوەی ئاین لەدەوڵەت جیابکەنەوە، تەنها بۆ ئەوەی رەسەنایەتی خۆیان بزر نەکەن، هەرچی فارسیشە کەلەناوچەکەدا شارستانیەتێکی جیاواز لەشارستانیەتی رۆژئاوا و رۆژهەلات بوونیان هەبووە، هەر لەسەردەمی قاجاریەکانەوە تادەگاتە سەفەوی و تاکو هاتنی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کەبەرابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی کرا، بەلام فارس بەسەرهەڵدانی شۆڕی مەشروتە لەساڵی ١٩٧٩ تەواوی سیستمی سیاسی و دەوڵەت و خوێندن و تەنانەت جلوبەرگیشیان گۆڕی بەستایلێک کە رەهبەرانی دەوڵەت حەزیان پێدەکرد، تائەو رادەیەی ئەگەر دەوڵەتیشیان لەئاین جیانەکردبێتەوە، بەلام توانیان دەوڵەتێکی فیقهی شیعە مەزهەبی لەناوچەکە بخوڵقێنن کەجیاواز بێت لەتەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا و عەرەب و ئامریکی، وەکو خۆیان دەڵێن (نەشەرقی نەغەربی، جمهوریەتی ئیسلامی)، بەم شێوەیە کەلەدونیادا خۆیان جودا کردەوە، توانیان ببنە خاوەن دبلۆماسیەت و سیستمی جیاوازی سیاسی و تەکنۆلۆژیا و خاوەن سەرمایەیەکی نێو دەوڵەتی و ببنە جێگەی موناقەشەی تەواوی دونیا و گروپی ٧ کەدەوڵەتانی سەنعەتین..

لەپەنا هەموو ئەمانەشدا جۆرێک لەتاکگەرایی و رازیکردنی تاک بووە بەنەریت کەلانی کەم مافی تاکە لەنێو کۆمەڵگە و دەوڵەت لەرووی یاساییەوە، هەرچی شارستانیەتی ئەوروپیشە لەئاینی کریستیانیەوە سەرچاوەی گرتووە و دواتر بووە بەسیستمی دەوڵەت و هەموو رەفتارە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیشیان بەو ئاراستەیە رێگەی گرتووە،

ئەم شارشتانیەتەش کەبەچەندین قۆناغی خوێناوی تێپەڕیوە، لەوانەش قۆناغــی کڵێســازی و قەشەســازی، تادەگاتە شۆڕشــە یــەک لەدوای یەکــەکان و شۆڕشــی دژی کڵێســا و سیســتمی کڵێســایی، هەروەهــا شۆڕشــی فەرانســا و جیاکردنــەوەی ئایــن لەدەوڵــەت و مافی گروپە کۆمەڵایەتیــەکان و تاکگەرایــی و مافــی هاوڵاتی بــوون، بۆیە هەرچی ستایلی سیاســی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، بەجۆرێک لەجۆرەکان لاسایی کردنــەوەی ئەوروپا و رۆئاواییەکانە، کەنموونەی باشــترین لەبارترین ستایلی دەوڵەتی پێشکەش کردووە..
لەم نێوانەدا شارستانیەتێکی دەوڵەمەندتر هەیە کەنابێ لەبیرمان بچێت، ئەویش شارســتانیەتی هندیە کەبودیزم پانتاییەکی گەورە لەکولتووری هندوســیەکان و تەواوی کۆمەڵگەی هندی داگیر دەکات، شارستانیەتی چیــن و یابانیش کەکەمتر نیە لەو شارســتانیەتانە ئەگــەر زیاتر نەبێ، هــەم بەکۆنفۆشــیۆس و هــەم بەبودیزم و زێن ناســراوە و هەیمەنەی تایبەتی هەیە لەنێو شارســتانیەتەکان، لەنێو ئەم هەموو شارســتانیەتە نەتەوەیەک هەیە بەنێوی کورد، خاوەنی شارستانیەتێکە گەلەگوتارێکی ئاینی تایبەتەوە ســەرچاوەی گرتووە، ئەویش بەگوتەی مێژوونوسانی کــورد شارســتانیەتی مادە، لــەرووی ئاینیشــەوە جگەلــەوەی لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیدا بەشێکی زۆریان بوون بەئیسلام، بەڵام هەڵسوکەوت و کولتووریان لەئاینی زەردەشتیەوە سەرچاوەی گرتووە و تائێستاش نــەک هەر ئیدیعای بۆدەکەن، بەڵکو لەپارلەمانی ئێرانیدا فراکســیۆنێکی تایبەتیان هەیە، یان لەهەندێک شوێنی کوردستان کەلەمێژە دابەشی سەر چەند ولاتێک کراوە و خەڵکەکەی پەڕاگەندەی ولاتانن، لەگەڵ ئەوەشــدا مومارەسەی ئاین و سروتە ئاینیەکانی خۆیان دەکەن، ئەم شارستانیەتە ئەگەرچــی نەنوســراوەتەوە بەنێو مێــژوودا بەشــێوەیەک کەچووبێتە

نێو مێژووی گەلانەوە، سەرەتاکانی لەمشتوومڕی مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناساندایە، بەڵام نزیکایەتیان هەیە لەگەڵ ئاری و هیندۆرووپی و فارسەکان، هەروەها فرە کولتوری بەشێکە لەدەوڵەمەندی ئەم نەتەوەیە و شارستانیەتیەکەی، کەشێوەزار و کولتووری جیاواز و ئاینی جیاوازیان تێدایە، هەر هەمووشیان پێکەوە ئەم مێژووەیان ڕاگرتووە و بەرگریان لێکردووە ..

ئەوەی کەقسەیە لەسەر هەڵبژاردنی شارستانیەت وەکو یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی نەتەوە، بوونی فرەییە لەکولتوور لەنێو یەک شارستانیەتدا، ئیدی لێرەوە هەڵبژاردن کەهەندێ جار گوتاری سیاسی و دەستەبژێری سیاسی ئاراستەی دەکەن، لەهەڵبژاردنی کۆ دەردەچێتە دەرەوە، مەبەستم لەوەیە کەهەڵبژاردنی شارستانیەت چیدی ئەو کۆمەکە ناکات کەلەسەردەمی کلاسیزمی نەتەوەکاندا پێی دەناسران، ڕەنگە ئەمە بۆتەواوی نەتەوەکان و کۆمەڵگەکانی تری سەر گۆی زەوی هەر بەوشێوەیە بێت، بەڵام هاتنی سیستمی جهانگەرای لەپەنا گۆڕینی سیستمی سیاسی و ئابوری، بڕێک کەمیش کۆمەکی بەهەندێ نەتەوە کرد کەتائێستا ناویان لەریزی دەوڵەتان نەبوو سابەهەر هۆکارێکی سیاسی بێت، ئەمەش پارادۆکسێکی سیاسیە کە سیستمی نوێ خوڵقاندوویەتی، یەعنی وردە ناسیونالیزمی نوێ، بۆناسیونالیزمی باڵاتر کە لەنێو هاوکێشە سیاسیەکان زیاتر دەبینرێت...

## شارستانیەتەکان

### ئاموریەکان

گەلێکی عەرەبی کۆن بوون و بەشـێک بون لەکەنعانییەکان کەلەشاری ســوریا بوونە ســاڵی ٢٥٠٠ پێش زاینی، دواتر عێراقیان داگیر کردووە و دەوڵەتێکیــان بەناوی بابلی دروســت کردووە، ناودارترین پاشــایان حامورابی بووە ساڵی ١٦٦٩_ ١٧١١ ی پێش زاینی، لەگەڵ ئارامییەکان یەکیان گرت لەســەدەی دەی پێش زاینی، دەوڵەتی ڕەفایا لەبڵاد شــام دروست کردووە، دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای عەممان وشەی ئامور و سۆمەری بەمانای ڕۆژئاوا دێت.

### شارستانیەتی ئارامییەکان

لەو گەلانە بوون کە لەســەدەی ١٣ پێش لەدایک بوون لەنێوان شــام و فورات ژیاون، لەسەدەی ١١ مەملەکەتێکیان بەناوی حەماتەوە دروست کــردووە، لەســەدەی ٩ دوای لەدایک بوونی مەســیح ئــەو مەملەکەتە بەدســتی ئاشوورییەکان شکســتی خوارد، دواجار زانیان بە دەوڵەتانی وەکو عێراق و ئێران و ســوریا بەخش بوو، بەر لەهاتنی مەســیح ئەم زمانە لەفەلەســتین هەبووە و چەند ســفرێکی نێــو تەوراتیش هەر بەم زمانە نوسراوە و تائێستاش لە سوریا بەم شێوەزارە قسە دەکرێت.

## شارستانیەتی چین

یەکێک لەشارستانیەتە بەناوبانگ و کۆنەکانە، سەرباری ئەوەی کەئاینی کۆنفشیۆسی هەبووە، دواتر خەڵکەکەی خزاونەتە نێو ئاینی بوزی، بوزا گەنجێکی یاخی بوو لەماڵی کەسوکاری خۆی دەرچووە دەرەوە و خۆی زاڵ کرد بەسەر هەموو حەزو ئارەزووەکانی، لەسەردەمی تانگ و لەسەدەی ٧ پێش لەدایک بوون سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەشانگان کەئەوکات پایتەختی چین زیاتر لە ٣٠٠ پەیکەری بوزا هەبووە، خێزانی تانگ ئەوکاتە گەشەیان بە کشتوکاڵ و ئابوری ئاو داوە، پردێکیان دروست کردووە بۆگرێدانی چینی خوراو بە چینی ژوورەوە، لەساڵی ٦٣٠ سوپای چینی بێدەستی تورکەکان شکستی خواردووە، تبت لەکێکە لەو شارانەی کەزۆرترین خەڵکی ئیماندار و کولتووری جیاجیای تێدابووە، هەر لەدێر زەمانەوە چین شوێنی مەعریفە بووە و ئێستاش پێشەنگە لە تەکنۆلۆژیا..

## شارستانیەتی رۆمان

قەبیلەیەکی لاتینی ئاری بوون و لەخوارووی تیبر دانیشتوون، رۆمس و رۆملس دوو برابوون ئەو قەبیلەیەیان کۆکردۆتەوە و کشتوکاڵیان پێکردوون دواتر رۆمس لەساڵی ٧٥٣ پێش زاینی دەبێتە پاشای ئەو شارە، پێشتر ئەم ئیمبراتۆرە لەساڵی ١٤٦ دەوڵەتی قرتاجە و مەکدۆنیا و ئاسیای بچووک و یۆنان و بلادشام و میسریان گرتووە، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش قستەنتینیە بۆتە پایتەختی ئیمبراتۆریەت لەساڵی ١٤٥٣ زاینی تائەو کاتەی محەمەد الفاتح دەچێتە ئەوێ و دەبێتە خەلیفەی عوسمانی..

## شارستانیەتی هیند

یەکێک لەگەورەترین شارســتانیەتەکانی ئاســیایە، پێکهاتە کۆنەکەشی زۆرترین خەڵک و دانیشــتووی هەبــووە و زۆرترین کولتوور و ئاینی جیاوازی تێدابووە، لەوانەشــئاینی بوزیپێشتر خاوەنی ئیمبراتۆریایەک بوونــە بەناوی مۆریانە، ئەم ئیمبراتۆریەتــە زۆرترین رووبەری لەژێر دەســتدابووە، لەوانــەش بەنگال و ســندی کۆن، دەســەڵاتیان بەســەر رێگاوبانــی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا شــکاوە، ئاینی بودا خاڵی گەشــە سەندن و نوێبوونەوەی هیندیەکان بووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە لەبوارەکانی سیاســی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گەشــە بەخۆیان بدەن. لەجەنگــی جهانی دووەمدا دەکەوێتە ژێر دەســەڵاتی بەریتانیا و زمانی ئینگلیزی بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

## شارستانیەتی سەلجووقیەکان

ســەلجوقیەکان کــە لەلایــەن خــودی ســەلجوقەوە ســەریهەڵداوە، ســەرکردەیەکی گــەورەی تورکمانی بووە و ســەر بــە قەبیلەی (غەز) بووە، لەســدەی ١١ تا ســەدەی ١٣حوکمی ئێران و عێراق و ســوریا و ئاسیای بچوکیان کردووە، سەلجوقەکانی فارسی حەوت کەس حوکمی تێدا کردووە، لە بتغرل بەگ ١٠٣٧ تاکو مەلەشای کوڕی ئەلب ئەرسەڵان ســاڵی١٠٧٢ حوکمیان کردووە، دواتر برکیــارۆف دواجاریش ئەحمەد سنجەری کوڕی مەلەکشا کەلەساڵی ١١٥٧ زاینی

سەلجووقەکانی عێراق بە ئەمیر (مەحمودی کوڕی محمەد) ساڵی ١١١٨ دەســت پێدەکات تا بتغرلی یەکەم و مەلەکشــای دووەم ســاڵی ١١٥٢، تغرلی دوومیش ساڵی ١١٩٤ کۆتایی بەحوکمەکەی دێنێت لەعێراق.

ســەلجوقەکانی ســوریا بە (تچی کوری ئەلب ئەرســەڵان) ساڵی ١٠٩٤

دەســت پێدەکات، دواتــر کوڕەکەی بەناوی (دەقــاق) دواتریش براکەی بەنــاوی (ڕەزوان) دەسەڵاتەکانیشــیان جارێــک لە دیمەشــق دەبێت و جارێکی تر لە حەلەبی ســوریا، تاکو سوڵتان شاه لەساڵی ١١١٧ زاینی کۆتایی بەدەسەڵاتیان دێنن.

## زمان و نەتەوەکان

ئەوەی زمان شوناسی کاری لەسەر دەکات، ئەوەیە کەهەندێ جار زمان بۆ قەوارەیەکی ســەربەخۆ کار دەکات، بەپێچەوانەوە کاریگەری نابێت، بوونــی زمــان و ئەدەبی میللــی، بەجۆرێک لەجۆرەکان. هەمیشــە دوو هۆکاری گرنگی یارمەتیدەر بوونە بۆسەرهەڵدانی بیری بەنەتەوەبوون، یان مەسەلەی خۆگرێدان بەئاینێکەوە کەزمانێکی جیاواز لەزمانەکانی تر پاڵی پێوەنابوون، بۆکۆمەڵگەیەک کەهەســت بکات نەتەوەیەکی جیاوازە لەنەتەوەکانی دەوروپشــتی خۆی، هەروەهــا بوونی زمان و ئەدەبیاتی بەکارهاتوو، پاڵپشــتی تەواوی جوگرافیا بووە کەدیســان هاندەر بووە بۆجوداخــوازی، بــەڵام دواتــر کەزمان گەشــە دەکات و موفرەدەی تر دێتە نێو زمانەوە، یان کۆچ کــردن لەجوگرافیایەکەوە بۆجوگرافیایەکی تــر، یاخــود کێبەرکێــی دەبینین لــەرووی مێژووییەوە دەبێتە شــتێکی چەواشــەکار، یان مەرامێکی سیاســی ڕووت، هەرئــەوەی کەلەوڵاتانی ئینگلستان و ئامریکا و ئیسپانیا کەبەیەک زمان قسە دەکەن، یاخود ڵانی کەم زمانیان نزیکە لەیەکترەوە، کەچی یەک کۆمەڵگەی یەکسان لەزمان و یەک کۆمەڵگە و یەک قەوارەش نین، کەچی لەسویسرا سێ زمانی تێدا کاردەکات و قــەوارەی نەتەوەی پێکهێناوە و دەســتی پێوەگرتووە، ئەم دیالیکتیکە لەزمانی نەتەوەخوازیدا هەیە، هەندێ جار هۆشــیارییەکمان دەداتــێ کەئینســان ئیرادەی بەرزتــر دەنوێنێ لەخۆ پەیوەســت کردن

بەزمانــەوە، ئــەو تایبەتمەندیانــەش کەزمــان پێکــی دەهێنــێ. "زمانی نەتەوەکان بەشــێوەیەکی بەردەوام پێکهاتەیە و هەندێ جار لەزمانێکی نیمچە دروستکراو دەچێ، هەروەک عبری نوێ کەزمانێکی ترس ئامێزە، ئەمــەش پێچەوانەی میســۆلۆژیای نەتەوەییە، بــەو مانایەی کەبونیاتی یەکەمی رۆشــنبیری نەتەوەیی و بونیاتی عەقلی نەتەوەییە، ئەمەش ئەو هەوڵە ئاساییانەیە کەزمانێکی تایبەت بەرهەمدێنێ لەکۆمەڵێک زمانی تر پێکدێت، مێژووی زمانی هەموو نەتەوەکانی تری ئەوروپا جەخت لەوە دەکەنەوە کەلەســەر ئەم بونیاتــە هەرێمایەتیە بووە، بولگاریای ئەدەبی شــێوەزاری بەلگاریــای رۆژئاواییــە، ئۆکرانیای ئەدەبیش شــێوەزاری ئۆکرانیــای باشــووری رۆژهەڵاتیــە"* . ئەگەرچی زمــان بۆنەتەوەکان کراوە بەپێوەرێکی سەرەکی و پێناسەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی چەمکی هێردەری زمــان ناتوانێ نەزعەیەکی نەتەوەیی دروســت بکات، "زمان بەمانــا هێردەرییەکەی کەزمانی قســەکردنە لەلایــەن گەلەوە، هەروەها ناشــتوانێ هەروەها بەئاســانی رەگەزێکی ســێنترال بێت بۆلەباربردنی مەیلی نەتەوەخوازی، ئەگەرچی بە شێوەیەکی راستەوخۆش پەیوەندیان پێکــەوە هەبێــت، لەگەڵ ئەوەشــدا لەســەریان بــووە بەناراســتەوخۆ ببێتــە بونیاتێــک بۆپێناســەیەکی نوێــی نەتەوەیی، دواتــر لەبەرئەوەی کەزمانــی ئەدەبــی و زمانی کارگێــری زمانێکی دەســتەبژێرییە، ئەگەر بەکارهێنەرانیشــی بەژمارە کەمینەبن، لەوانەیە ببێتە رەگەزێکی گرنگ بۆپێکەولکاندنی شێوەزارەکان"**

بەلەبــەر چاوگرتنــی ئــەوەی هەڵدانــی تەکنۆلۆژیــا شــێوەی ژیانــی

---

* الارهاصات الشــعبیه للنزعه القومیه اریک هوبســباوم، ترجمه. عدنان حسن. مجله النهج عدد ١٧ سنه ١٩٩٩ ل ٢٣٠

** هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٥

دەســەڵاتەکانی گــۆڕی، دەوڵەتــی ئیمبراتۆریەت نەمــا و بەجێگای ئەو ناســیونالیزم هات، جگەلەوەی هۆشــیاری ئینســـان و خۆ رزگار کردن لەبیری تەســکی کولتوری، رێگەی بەوەدا ناســیونالیزم ببێتە چەمکێکی فکری بۆخەڵکێک کەکولتور و بۆنە هاوبەشەکان کۆیان دەکاتەوە، بەڵام باشــتر وایە ئەم موناقەشــەیە یەکلایــی ببێتەوە، بۆچی ئــەم تیئۆرەیە ببێتە کاردەســتی ئەوروپیەکان کەلەسەدەکانی ناوەراستدا بەرهەمهات، بەپێچەوانەوە بۆچی دەســتکەوتەکە موڵکی رۆژهەڵاتیەکان نەبێت، یان ئەسڵەن موڵکی خودی ئینسانی دەمارگرژ نەبێت، ئەگەر ئەمە کۆمەکێکی تــەواو بەبۆرژوازیەت و سیســتمی سیاســی ســەرمایەداری مۆدێرنە نــاکات، ئەگــەر وابێــت کێبەرکێی مەغــۆل و جەلائیریەکان لەســەدەی دوانزەهەمدا کەکوردســتان و تەواوی ئیرانیشیان داگیر کرد، دواتریش سەفەویەکان لەسەدەی ١٦ دێن و بەغدا داگیر دەکەن، بەشێکە لەفکری ناسیونالیستی، لەکاتێکدا میرنیشیەکانی کورد کەلەشەرەفنامەدا هاتووە، تورکەکان بەهاوکاری میرنیشــیەکان کە ١٨ میرنیشین بوون، هیچ کام لەمانــە بیری ناسیونالیســتی نەبوون، ئەگەر وایە بۆچی برادۆســت و پالۆ و هەکاری و بۆتان و بەدلیســی حوکمڕانی کوردســتانیان دەکرد، بەلەبــەر چاوگرتنی ئەوەی یەک گوتاری سیاســی و فەرهەنگی نەبووە لەنێــو کــوردان و زمانیش ئەگــەر کوردی بووبێت، ئــەو زمانە نەبووە کەئێســتا لەنێو کورددا دەبینین گەشــەی کردووە، سابەهۆی ئەدەبیات و نوســینەوە بێت کەخوێنەواری زیادی کردووە و مەعریفە و زاراوەی نــوێ کەوتۆتــە نێو ئــەم زمانە، یــان ئەوەتــا کەڵکــی لەزمانەکانی تر وەرگرتــووە بۆدەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی، هەروەک چۆن زمانی فارسی کەڵکی زۆر لەزمانەکانی عەرەبی و تورکیش وەرگرتووە، ئەگەر بەو پێیە بێت کەمێژوو باسی دەکات و منیش بڕوام وایە..

چەمکی ناسیونالیسم لەکاتی خۆیدا کاری پێکراوە بەڵام کەڵکی لێوەرنەگیرا وەکو داخوازییەکی هیومانیستی لەنێو سیاسەتدا، بۆیە ئێستا مێژوو دەیەوێ خۆی دووبارە بکاتەوە وەکو ئەوەی ئەم سیستەمەی جهان داخوازیەتی، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر باس لەوە بکەین کە کورد یەک دەست و یەک گوتار نەبووە، ئەمە شتێکی ترە کەئێستا کورد باجەکەی دەداتەوە، لەساڵی ١٥١٤ بەپێی نامەیەکی سوڵتان هاشم بۆ مەلا ئیدریس هاتووە، داوا دەکات کۆمەکی عوسمانیەکان بکەن، ئەوانیش بەچەند مەرجێک قەبوڵی دەکەن، مەرجەکانیش بریتین لەوەی، کورد پاڵپشتی عوسمانیەکان بکەن و دان بەدەوڵەتی عوسمانیدا بنێن و باج و پیتاک بەو دەوڵەتە بدەن، لەبەرامبەریشدا عوسمانیەکان پشتگیری لەکورد بکەن لەناوچەکە، هەر بەپێی ئەو رێککەوتنە رەوشەکە بەردەوام دەبێت، تادەگاتە میرنیشینی سۆران و بادینان لەکوردستان، ئەمە مانای ئەوە نیە کەفکری ناسیونالیسی لەنێو نەتەوەکانی تر هەبووە، بەپێچەوانەوە لەنێو کورددا نەبوو، بەڵکو پارچە پارچە بووە و دوژمنەکانی کەڵکیان لێوەرگرتووە، هەر وەک چۆن ئێستاش خەڵکی تر کەڵک لەو مێژووە وەردەگرن.

سەرەنجام من لەوە وەها تێدەگەم کەناسیونالیزم یەکێک لەپایە بنچینەییەکانی دەسەڵاتداریێتی ئاین و زیندوو راگرتنێتی، نەک وەکو مقەوماتی نەتەوەیی بۆ گەلان و بەتایبەت بۆکورد، بەڵام ئەگەر بڵێین کورد ئەوەندەی لەژێر کاریگەری ئایندا ژیانی کردووە، ئەوەندە لەژێر کاریگەری فکری ناسیونالیزمدا کاری نەکردووە راستە، چونکە ئەگەر نەتەوە موڵکی چینێکی دیاری کراو بێت، بەهەمان شێوە ئاینیش موڵک و پایەیەکی پتەوی چینێکی دیاری کراوە، ئەویش لەسیستمی فیودالی و دواتریش لەسیستمی سەرمایەداریدا زیاتر کەڵکی لێوەر گیرا بەفۆڕمێکی

تر، چونکە ئەگەر وەها تەماشـای بکەیـن حکومڕانیەتی ئیمبڕاتۆریەتی ڕۆما، تەنها لەڕۆما حوکمی نەکردووە وەکو باس دەکرێ، هەر دەوڵەتێکی تر بوایە، بۆنموونە ئەگەر کورد لەوسـەردەمەدا حوکمڕان بوایە، ئێستا خەڵکی تر باسـیان دەکرد و مێـژووش دەیگێڕایەوە کەکورد ئیمبڕاتۆر بووە و حوکمڕانێتی زۆر شوێنی تری کردووە، لەدەرەوەی جوگرافیای خـۆی، بەومانایـە ئێمە باس لـەوە دەکەین کەدەبێ جیـاوازی لەنێوان نەتەوەی ژێر دەسـت و سەردەسـت هەبێ، باشتر وایە هەر لێرەشەوە قسـە لەسـەر ئەو چەمکە بکەین کەچەند کەڵکی هەیە و چەندیش زیانی هەیە، ئەگەر ڕەواجی پێبدەین، یاخوود بەو پێیەی ئێمە درەنگ هاتووین جارێکی تر کاری پێبکەین لەئێستادا.

وەختێـک بـاس لەدرەنگ هاتنی کـورد دەکەین بۆ پیـادە کردنی بیری ناسیونالیسـتی، وەک ئەوەی ئێسـتا هەیە وەها نەبووە، ئەوەی کەئێمە شـاخ و سیستەمی کۆمەڵایەتیمان وشارسـتانیەتیمان هەبووە، ئەوەنیە کەلەسەردەمێکدا کاری پێدەکەین کەسیستمی جیهان، سیستمی گڵۆباڵە و سـەرمایەداری پۆسـت مۆدێـرن کەڵکـی لێوەردەگرێ، پێشـتریش وەختێـک کەحکومەتی شـورەوی لەئـارادا بوو، زۆربـەی نەتەوەکان کاریگەری ئەم چەمکەیان لەسـەربوو، هەرئەوەی ڕاسیزم و فاشیزمی لێبەرهەمهات، بزووتنەوەی سیاسی کوردیش وەک هەر بزووتنەوەیەکی تر، لەژێر کاریگەری بیری مارکسـی و سۆسـیالیزمی کلاسیکیدا بوو، دواتـر بەنەمانی ئەم بلۆکە و هاتنی چەمکەکانی دیموکراسـی مۆدێرن و مافـی مـرۆڤ و بازاڕی ئازاد، جارێکی تر بیری ناسـیونالیزم کاری پێدەکرێت و سەرزەنشـتی بیری مارکسـی دەکرێت، بۆیە من پێم وایە ناسـیونالیزم دوور خسـتنەوەی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێرانەی چەپ و مارکسـیە و کۆمـەک بـە تەمەن درێژی سیسـتمی سـەرمایەداری

دەکات، بۆیــە ناســیۆنالیزم دەبێتە بنچینەی دەوڵەتــی نەتەوەیی، رەنگە خــودی ناســیونالیزم فکــری ناسیونالیســتی رەواج پێبــدات، لەکاتێکدا ئــەو قســەیەی کەئێســتا ئێمــە دەیکەیــن دەوڵەتی نەتەوەیی شکســتی هێنــاوە، یــان باوی نەمــاوە لەدونیــادا، من بــڕوام بەوەهەیە کەخودی دامەزرێنەرانی دەوڵەتی نەتەوەیی لەرووی فکریەوە شکســتیان هێناوە، ئەگەر ئێســتا ئەو دامەزرێنەرانە بمانایە لەژیاندا پەشــیمان دەبوونەوە، وەک ئــەوەی دەوڵەتانی فەڕانســەو ئەڵمانیا و هەنــدێ وولاتی ئەورپی تریــش دوور کەوتوونەتەوە لێی، لەبەرامبەریشــدا کەڵکیان لەدەوڵەتی کۆمەڵــگاکان وەرگرتووە، یەعنی سیســتمی فرە نەتــەوە و کولتوور و ئاینــی و پێکەوەژیان، هەر ئــەوەی ئامریکا کەڵکی لەتەواوی نەتەوەکان و کولتوورەکان وەرگرت، تاکو ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە لەژیانی سیاسی و فەرهەنگــی و مێژوویی خــۆی گرێیەکی دەروونیە، ئەمەش دیســان کاردانــەوەی خــۆی هەیــە، هــەروەک چــۆن ســامۆئێل هانتگتن باس لەپێکدادانی شارســتانیەتەکان دەکات لەســەردمی جهانگەرایی، چونکە تێکــەڵ بوونــی کولتوورەکان ئیشــکالیەتێکی تری سیاســی دروســت دەکات.

## ناسیونالیزم
## کارتێک بۆ بەدەسهێنانی شوناس

ئەگەر بیانوو هێنانەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، پاراستنی شوناس بێت یان نەتەوەخوازی، ئەوا لەشوێنی تر و بەتایبەت لەنێو زمان و خێزاندا زیاتر کۆمەکی پێدەکرێ، بەپێچەوانەوە پاراستنی شوناس، شێوەیەکی تری خۆجیاکردنەوەیە لەکولتورەکان و پێکەوەژیان و ئازادی تاک و فەلسەفەی ناتۆرالیزم، ئەگەر بەوئەندازەیە تەماشای پراکتیزەکردنی فکری ناسیونالیزم بکەین، واتە هەموو جۆرە پەیوەندیەک دەبێ بخرێتە نێو فکری نەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانی، بەمەش کۆمەڵگە دووچاری ئەو کێشانە دەبێتەوە کەجێگا بۆکولتووری دواکەوتوویی دەکاتەوە، ناسیونالیزم بریتیە لەهەست کردن بەشوناسی نەتەوە، بەهەمان شێوەی عەشیرەت گەری کار دەکات و وەک خێزان بەهۆی هەستی لێک نزیکی و خوێن پێکەوە دەنرێت.

(لیا گرینفیلد) کە پرۆفیسۆرە لەبواری کۆمەڵناسی لەزانکۆی بۆستنی ئەمریکی، بەم شێوەیە ناسیونالیزم پێناسە دەکات "چەمکی ناسیونالیزم بریتیە لەوێنای بونیاتێکی کۆمەڵایەتی کەمیللەت بە نوخبەی فەرمانڕەوا و کۆمەڵگەی یەکسان دادەنێت"، لەبنەڕەتدا زاراوەی ناسیونالیزم بۆ گروپێکی دەستەبژێر بەکاردەهات، بەڵام لەبەکارهێنانە مۆدێرنەکەیدا بۆگروپێکی گەورە و زەبەلاح هەندێک جار هێندە گەورە ئیمپراتۆریەتێک بەکار دەهێنرێت، بەڵام پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی دەوڵەت پەیوەندیەکی

یەکســانی نێوان هاوڵاتیانە، ئەمەش بەگوێرەی کۆمەڵگەکان و واقیعیان گۆڕانی بەســەردا دێت، بەبڕوای پڕۆفیســۆر (لیا گرینفیلد) ناسیونالیزم یان بەشــێوەیەکی دەســتەجەمعی (کۆیــی) دەبێت، یاخــود لەفەردی و تاکەکەســیدا رەنگدەداتەوە، بەمانایەکی تر هەر کام لەم دووانە گرنگتر بوو، ئەوا ناسیونالیزمەکە مۆرک و خەسڵەتی ئەوەی تریان وەردەگرێت، ئەگەری ئەوەشی هەیە کەناسیونالیزمی دەستەجەمعی بەرەو زۆرداری هەنگاو بنێت، لەکاتێکدا ناسیونالیزم وەک چەمکێکی فکری سیاسی بەرە و لیبرالی دەڕوات...

هەڵبــەت دەوڵەتــی نەتەوەیی واتــە ئەو تێرمەی کەوەســفێکی بێلایەنی نیە وتاک ئاراســتەیەکی سیاســیە و هیچی تر، بەپێچەوانەوە پاراستنی مێــژوو و کولتووری خەڵکانێکــە کەکۆمەڵێک خاڵی هاوبەش پێکەوەیان گرێــدەدات، وەئەگــەر بەپێچەوانــەوە وەکــو تەکتیکێــک رەوایەتی بەم چەمکــە دەدەین، بەئەنــدازەی یەکێتیەکی فرەیی لەمەزهــەب و نەتەوە کەلەجوگرافیایەک ژیانیان پێکەوە کردووە، دیسان دەبێ ناوی دەوڵەتی نەتەوەیــی وەلا بنرێ، چونکی مێــژووی ئەو قەوارە جوگرافیایە، بریتیە لەمێــژووی تــەواوی کولتوور و مەزهــەب و نەتــەوە جیاجیاکانی تر، بەپێچەوانــەوە مافــی ئەو نەتەوانــە پەراوێز دەکرێت کەلــەو یەکێتیەدا بەشــداری مێژوویان کردووە. "لەباری گشتیدا شەرعیەتدان بەگوتاری شوناســی نەتەوەیی، بەرامبەر بەگوتاری خــۆرزگار کردن کەوەختێک نەتەوەیەک راســتەوخۆ لەو ماوەیەی کەداگیر کراوە و کێبەرکێ لەگەڵ داگیــر کــەران دەکات، ئــەوا فۆڕمی نوســینەوەی فکری ناســیونالیزم دروســت دەکات، ئەمەش دووفاقیەتێکــە لەنێوان ئیدیۆلۆژیا و دووفاقی سیاســی، چونکە ئەو گەلانەی پێشــتر کێشەی بەسەردەمکردنی خۆیان هەبووە، ماهیەتی خۆیان لەدەست داوە و ئێستا ئەو نەتەوانەی خاوەنی

هەمان ســتایلن ماهیەتی خۆیان لەدەســتدەدەن»*، لەکاتێکدا هەڵوێست وەرگرتــن لەنەتەوەیەکــەوە بــۆ نەتەوەیەکی تر، هەڵوێســت وەرگرتنە بەرامبــەر داگیرکــەر، لێرەیەوەیــە کەدەبینیــن نەک هــەر کەڵک لەدوو فاقیەتی سیاســیدا نابینن، بەڵکو زەرەرمەند دەبن و تادێت لەشوناســی نەتەوەیی دوور دەکەونەوە. لەمبارەیەوە د. ندیم بیگار دەڵێ» هەســت کردن بەشوناسی نەتەوەیی جۆرە سەلماندنێکە بۆدواکەوتوویی فکری، لەکاتێکدا شوناســی نەتەوەیی مەسەلەیەک نیە کەهەوڵی بۆبدرێت، یان ئیدارک و هۆشــیاری بێت کەهیچ کاریگەری نیە لەســەر شوناسی تاک لەنێو نەتەوەدا کەکۆمەڵگەیەک لەپشتیەوەیەتی"**

سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ناسیونالیزم لەدوای هەرەسی سۆڤیەتەوە و هاتنی چەمکی جهانگەرایی، بەشێوەیەکی فراوانتر لەدیاردە سیاسیەکانی تر پەرەی سەند، ئەم مەیلە بەپێی قسەی کۆمەڵناسە سیاسەکان، مەیلێکی هێجگار ئانارشی ترە لەوەی کەلەسەردەمی سۆڤیەت هەبوو سەبارەت بەبزووتنــەوەی ناســیونالیزم و مافــی چــارەی گەلان، (رابێرتســۆن) کەکۆمەڵناسێکی سیاسی ئامریکیە و دەساڵ زیاترە ئەم راو بۆچوونەی هەیــە، پێی وایە ناســیونالیزم و هاتنە ئارای ئەم باســە لەجاران گوڕو تینی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە، لێرەوە باســەکە دەچێتە سەر چەمکی دیکتاتۆریەت کە سیستمێکی کۆنترۆڵکەر و کۆنکریتی سیاسیە، هەڵبەت ئەلتەرناتیڤەکەشی سیستمی دیموکراسیە، چونکە چەکەرە کردنی فکری دەوڵەتی نەتەوەیی، نزیکایەتی هەیە لەجۆرێک دیکتاتۆریەت، بەرادەیەک کەرەنگە شــۆڤێنیزم بەرهەمبێنێت هەروەک لەسەدەی هەژدەدا بینیمان، بەوپێیــەی کەشــوناس و ئاڵاو دروشــمی خــودی دەوڵەتەکــە مۆرکی

---

* الوعی الصاتی. د. برهان غلیون. دار البیطار البیروت. ل٦٨. ١٩٨٧

** الفکر القومی و قضایا التجدد الحضاری. د. بکری خلیل. مکتبە المدبولی القاهره، ٢٠٠٤، ل٢٦

نەتەوەیەکـی دیاری کراو دەبێت، "مۆدێلی (ســوپەر ئیترمیێنیێنیســتیت) (شــوناس) واتــە (هویــە) یان مۆدێلــی دەوڵەتــی ئیدیۆلۆژیــا، مۆدێلی فەڕەنســایی ، مۆدێلی ســۆڤیەت و یۆگســلافیا بوو، دوای ساڵی ١٩٤٥ کەهەر لەسەرەتاوە نەیتوانی خۆی بچەسپێنێت، چونکە دەوڵەت ویستی خۆی لەهەســتی نەتەوەیی بپارێزێت لەڕێگەی سیاسەتێک بەئاگایانەوە، لەســەرەوەرا جــۆرە دەوڵەتێک کەکۆمەڵــە نەتەوەیــەک دابمەزرێنێن کەســنووری نەتەوەیی ببەزێنن، بەڵام لەناوەڕۆکــدا نەتەوەی روس و ســڕب بناغەی ئەم دەوڵەتانە بوون، ئەمریکا بەنموونەیەکی دەگمەن و سەرکەوتووی ئەم جۆرە مۆدێلە دادەنرێت."*

ئاراســتە کردنی فکری تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستەکردنێکی تەندروست نابێت بەرامبەر بەو گەلانەی لەهەمان مێژوودا ژیاون، ئەمەش بۆخۆی ئیشــکالیەتێکی تری سیاســی پەیدا دەکات، هەروەک چۆن پێشتر کورد بەدەوڵەتی عەرەبی مافەکانی پەراوێز خرابوو، بۆیە ئەم دیموکراسیەتەی ئێســتا بانگــەوازی بۆدەکرێت، زۆرجیــاواز ترە لەو دیموکراســیەتەی کەپێشتر پێناسە دەکرا، ئەمەش بەشێکە لەدیکتاتۆریەت بەڵام بەفۆڕمێکی تر، ئەگینا خۆ ئەوروپا و ئامریکا دیکتاتۆریەتیان لەگۆڕناوە بەحیســاب بێت، کەچی دەبینین چ دیموکراسیەتێک پیادە دەکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسی نەتەوە ژێر دەستەکان دەکەن، رەنگە لەئایندەیا ئەم سیستمەش کەئێســتا وڵاتانــی زلهێــز کاری پێدەکەن، بۆخۆی ببێتــە مێژوویەک و سەرکۆنە بکرێت، کەوابوو قســە کردن لەسەر ناسیونالیزم کەلەفەزای سیاسەتی ئەوروپادا نەماوە، بۆکوردیش ئیمکانی نیە مومارەسە کردنی، ئەگەر بەو شــکڵە بوایە ئەوروپا سیســتمی خۆی بۆ فرەیی لەکولتوور ناگۆڕی و دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو خۆی دەمایەوە.

* د.رەفیق سابیری لم. گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژمارە ٦ حوزەیرانی ١٩٩٨.

ئــەوەی کــورد بــڕو بیانــووی بۆدێنینــەوە، گوایە زۆرتریــن هۆکاری ئیشــکالیەتەکانی پێوە گرێدراوە، مەســەلەی دەســتێوەردانی دەرەکیە، دروستە چەندین نەوەی کورد شاهیدی ئەوە دەدەن، بەڵام نەبوونی یەک گوتاری سیاسی لەنێو کورددا، هیچ بەپاساوی دەرەکی چارەسەر ناکرێ، جگە لەوەی کەکورد تەنها بەناو ناسیونالیســت بووە، لەناوەڕۆکیشــدا شتێکی تر، هەر بەدروشمی حیزبەکاندا بۆمان دەردەکەوێت، هەر ئەوەی حیزبی کــوردی ئەوەندەی بەرژەوەندی ئیدیۆلــۆژی حیزبی لەبەرچاو دەگرێ، ئەوانەش کەوەک رەخنەگرێکی سیاسی رەخنەیان هەیە لەئەدای سیاســی کوردی بەرامبەر بەسیســتمە کۆنەکانــی دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، ئەوەندە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەبەرچاو ناگرن، چونکە بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەهەموو کایەکاندا بەئیدیۆلۆژیای ناسیونالیســتی کاردەکات و تەنانەت لەپەروەرکردنیشدا رەنگدەداتــەوە، بەپێچەوانەی لێبوردەیی و پێکەوەژیانێک کەلەدەرەوەی سیاسەت کاری پێدەکرێ، بۆیە لەمڕاستایەدا حیزب دەبێتە ماشینێک بۆ بەرهەمهێنانی ئینسانی تاک رەهەند و ئینسانی توندوتیژ، هەروەها شێوە ناساندن و کارپێکردن بەچەمکی ناسیونالیزم، خزمەتی هەمان ئەو فکرە دەکات کەهەڵیگرتــووە، ئەمەش ئەگەر بەســتایلێکی مەعریفی مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت، تووشی دەمارگرژی نەتەوەیی بەرهەمدێنێ، هەروەک چــۆن نەتەوەکانــی دەروپشــتمان دووچــاری هاتــوون، ئەوەیە کەمن پێموایە زەرەرو سوودەکانی چەمکی ناسیونالیزم لەیەکتر جیابکەینەوە. بــەو مانایــەی لەبری ئــەوەی ناســیونالیزم بکرێتــە ئیدیۆلۆژیایەک و لەنێــو هەوادارانــی ئەو ئیدیۆلۆژیایــە دوو چینی جیــاواز هەبێت، نەک هەر ئیشــکالیاتی نەتەوەی سەردەســت و ژێر دەست چارەسەر ناکات، بەپێچەوانەوە ئیشکالیاتە سیاسیەکان ئاڵۆزتر دەکات و لق و پۆپی تری

لێدەکەوێتەوە...

سـەبارەت بەمەسـەلەی بوونـی کـورد لەچوارچێـوەی دەوڵەتەکانی تـورک و فـارس و عەرەب، ئەمە بەحسـێکی ترە، بۆئەمە پێویسـتمان بەموناقەشـەیەکی ترە کەپێشتر چۆن مامەڵەی کردووە لەگەڵ کێشەکە و ئێسـتا چـۆن مامەڵـە دەکات، یاخـود ئێسـتا سـەرکردایەتی کورد چۆن هەماهەنگی ئەو هاوکێشـەیە دەکـەن کەلەناوچەکەدا دەگوزەرێ، مەسـەلەی یاسا و دەسـتوور و سیستمی فیدرالیش بۆخۆی بەحسێکی ترە، ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی دوای روخانی رژێمی عێراق، بەشێکن لەو ئیشـکالیەتەی کەکورد لەرابردوودا خراپ کەڵکی لێوەرگرتووە و ئێستا لەشـوێنێکدا گیری خـواردوو ە و بەئاقارێکی تـردا دەچێ، لەچاپتەری دووەهەمدا لەسەر ئەم باسە زیاتر رادەوەستین...

# چاپتەری دووەم
# "پراکتیک"

# رژێمی ناسیونالیستی وەک دیاردەیەکی سیاسی

پێشــتر ئاماژەمــان بە تیئۆرە سیاســیەکان دا، هەروەها بەشــێوەیەک لەشــێوەکان باســمان لــەوەش کــرد کەهەمــوو دیــاردە سیاســیەکان لەئەرســتۆوە وەربگرین، تا دەگاتە جۆن لۆک و مۆنتیسکۆ و ماکیاڤیلی و جان جاک رۆســۆ هیــگڵ و مارکس و هتد، پێناســەی تایبەتیان هەم بۆخودی سیاسەت وەک زانستێک کردووە، هەم پێناسەی تایبەتیان بۆ رژێمەکان کردووە وەک مەزهەب و فیقهی سیاسی، باشتر بڵێم پێناسەی جیاوازیان بۆدەسەڵات و حوکمڕانی دەوڵەت کردووە، هەڵبەت دیاردەی سیاسی گەڵاڵە کارییەکی لۆژیکیانەی بێ ئەنجام نیە، بەقەد ئەوەی کۆمەڵە پێوەرێکە بۆپابەند بوون بەبەها ئەخلاقیەکان، ئەو بەهایانەی کەلەیۆنان و شارســتانیەتی رۆژهەڵاتەوە ســەرچاوەیان گرتووە، ئەم هەڵقانەش. دواتر شارســتانیەتی رۆمای بەسەردەمی رێنیسانسەوە گرێیداوە، تاکو گەیشــتۆتە رژێمی تۆتالیتاری کڵیسایی مەسیحی و دوابەدوای ئەویش

خەلافەتی ئیسلامی، دواتریش ئەو دەرهاویشتانەی تر کەلەژێر عینوانی سیســتمگەلێکی وەک پادشاهی و کۆماری و لیبرالی و سۆسیالیستی و دیموکراسی و هتد رژێمی سیاسی گەشەی کردووە..
بەشێک لەو هەولانەی کەبۆتە جێگەی بایەخی تیئۆریستینە سیاسیەکان، ســەبارەت بەدیــاردەی سیاســی یان رژێمی سیاســی، بەپلــەی یەکەم مەسەلەی ناسەقامگیری کۆمەڵگەکان و ئایدیای سەپێنراو بووە بەسەر خەڵکەوە، لەســەرەتای ســەدەی حەڤدەهەمەوە گەڕان بــەدوای هێنانە ئــارای رژێمێکی سیاســی جێگیــر کەتێیدا زەبر و زەنــگ نەمێنێت، یان دەوڵەتی نمونەیی بێ شــەرم و شکۆ لەرەخنە، یان لانی کەم رژێمەکان پێناسەیەکی تەواو وەربگرن، مەسەلەیەکی گرنگ بوو کەفەیلەسووفەکان و هزرمەندانی ئەوکاتی ســەرقاڵ کردبوو، دوابــەدوای ئەو هەولانەش دیســپلین و کۆنتــڕۆڵ کــردن لەحوکمڕانیــدا. موناقەشــەیەکی تــری بیرمەندانــی ئــەم بوارەبوو، چونکــە هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ دیســپلین کردنی دامەزراوەکانی ناتوانێ لەئیدارە کردنی خەڵکدا مۆفەق بێت، ئەمە لەکاتێکدا دیاردە سیاسیەکان هەمەچەشنەن و لەشوێنێکەوە بۆشوێنێک، لەکولتوورێکەوە بۆکولتوورێک جیاوازیان هەیە..
زۆر بیرمەندی سیاسی لەبارەی ناسیونالیزمەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە و مەترحی جیاوازیان خســتۆتە بەردەست، (کلۆد برنارد) تیئۆریستێکی سیاســیە. پێی وایە (هــەر دیاردەیەکی سیاســی لەژێــر تاقیکردنەوەدا بــوو دەبێتە تیئــۆر، هەردیاردەیەکی تر کەچووە نێــو لۆژیکەوە دەبێتە رژێمی سیاســی)، ئەم بۆچوونــە لەوێوە ســەرچاوەی گرتووە کەهەر دیاردەیەکی سیاسی لەســیاقێکی مێژوویدا دەناسرێت، رژێمی خێڵەکی جگە لەپاراستنی بنەماڵە و دەوروپشتی خۆی، جگە لەجیاوازی چینایەتی هیــچ مەهامێکــی تری نەبــوو، "هیــچ نەتەوەیەک بنکەیەکی سروشــتی

ئیتنــی نیە، بەڵام لەگــەڵ بەنەتەوەیی کردنی پێکهاتــە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەودانیشتوانانەی کەدەکەوتنە ناو ئەم پێکهاتانەوە، لەنێوانیاندا بەئاشکرا کەوتنە ژێر رکێفی ئەوانەوە، شــێوازی ئیتنیان وەرگرت_ بەشــێوەیەک کەخۆیــان لەرابردوو ئاینــدەدا نواند کەگوایە کۆمەڵگەیەکی سروشــتی پێکدێنن و خۆیان کردە ناسنامەی بنەچەدار و کولتوور و بەرژەوەندی ئەوتۆ کەلەسەروی تاکەکان باردۆخە کۆمەڵایەتیەکانەوە بوو"*. لێرەوە مەســەلەی ناســیونالیزمی کوردی ئەو وانەیەمان پێدەڵێ کەنەتەوەکان لەبینچینەدا خۆیان نین تاکو رژێمێکی سیاســی خۆیان هەبێت و لەژێر ســێبەری ئەو دامەزراوەیەدا بونیان هەبێت، کەواتە دروستبوونیشــیان لەســاتەوەختێکدایە کەدەوڵەوتــی نەتەوەیــی مۆدی نەمــاوە و ناتوانن ناســنامەی تایبەتیان هەبێت، هەروەک لەچاپتەرەکانی پێشوودا باسمان کــرد، تاکو لــە ژێررکێفی نەتەوە ژێر دەســتەکانی تــر دەربچن و ببنە کۆمەڵگەیەکی سروشــتی و رەعیەتی خۆیان بەدەست خۆیان بێت، نەک کۆیلــەی نەتەوەیەکــی تربن و خەڵکیش کۆیلەی ئــەوان بێت، هەر بۆیە لەســەروەختی خۆیــدا لۆژیکێکــی تایبەتی هەبووە و نەتــەوەکان تەنها لەپێنــاو خۆیاندا رەعیەتی خەڵکیان دەکرد، بۆنموونە رژێمی کۆیلەیەتی رژێمی دابەش کردنی ئینســانی سەردەســت و بندەســت بوو، تادەگاتە بازاڕی کرین و فرۆشــتنی ئینســان لەکۆیلەدارێکــەوە بۆکۆیلەدارێک و لەدەوڵەتێکەوە بۆدەوڵەتێکی تر، رژێمی دەرەبەگی یەکێک لەقۆناغەکانی رژێمــی سیاســی بوو و هیــچ دیاردەیەکی تری لەگــەڵ خۆیدا بەرهەم نەهێنا، یەعنی هیچکام لەورژێمانە پشتیان بەدەزگا نەدەبەست، هەرچی رژێمی ســەرمایەداریە لەگەڵ خۆیدا ستایلی جیاوازی لەهەناوی خۆیدا

* ئەنتۆنی دی سمیس. نەتەوەخوازی تیئۆر و ئیدیۆلۆژیا و مێژوو، و. هۆشیار سیوەیلی. دەزگای ئاراس. ل١٢٢،

هەڵگرتبوو و تائێستا لەخۆ نوێ کردنەوەدایە، هەر لەدیموکراسیەتی مۆدێرنەوە بگرە تادەگاتە شۆڤێنیەت و راسیزم و ناسیزم و دیکتاتۆریەت و دیموکراسی بەهەموو جۆرەکانیەوە.

ئەم رژێمە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ریشەییدا دەزگای جۆراو جۆری بەرهەمهێنا، رژێمی کۆمۆنیستی هەر کودەتایەکە بۆسەر سەرمایەداری و گۆڕ بۆمردنی هەڵدەکەنێ، رژێمێکی گشتگیر (شمولی) بوو، واتە ئەوەی کەلەسۆڤیەت و چین و کۆریا و ولاتانی تر بینیمان شکستی هێنا، لەگەڵ هەموو رژێمەکانی تر جیاوازی هەبوو، تائەو رۆژەی کەژیانی سیاسی لەدوو جەمسەرییەوە بۆ تاک جەمسەری گۆڕا و ئاقارێکی تری وەرگرت...

سەرەتای دەستپێکی تیئۆری بۆ خولقاندنی ناسیونالیزم و رزگار کردنی نەتەوەی کورد و دەستەبەر کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، هەر ئەوەی کەدەڵێت "کاتێک کورد رزگاری دەبێت کەخاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت" بەلام کەدەبینین حیزب و بزووتنەوەی بەناو ناسیونالیزمی کوردی هیچ بەلای ئەم جوملەیەدا ناچێت و کاری بۆناکات و خۆیان بەکاری لاوەکیەوە خەریک کردووە، بەقەد ئەوەی تەنها وەکو شاعیرێک تەماشای دەکەن و زیاتر قسە لەسەر شیعرەکانی دەکەن، ئەمە جگە لەوەی بەپێی بۆچوونی د. عەباس وەلی، گوتاری (خانی) ناتوانێت بۆدەوڵەتێکی سەربەخۆ ئارگومێنتی ناسیونالیستی بێت، جیا لەمەش وەکو هەموو دیسکۆرسەکانی دیکە کۆمەڵێک هەلومەرجی ئیمکان بەگریمانە دەکات، واتە بۆئەوەی هەبێت کۆمەڵێک کۆمەڵێک هەلومەرجی سیاسی و کولتووری و کۆمەلایەتی و ئابوری پێویستە.* بەلام وەختێک بەدوای ئارگومێنتێکدا دەگەرێین لەنێو تێکستی مەم و زینی خانی کەتێکستێکی مۆدێرنە، ئەوەندە لەنێو خودی

تێکســتەکە نەگەڕاوین کەئەوەنــدەی لەدەرەوەی تێکســتەکە گەڕاوین، بەدەلیلــی ئەوەی کە ئەم تێکســتە پەیوەندیەکی ناڕاســتەوخۆی لەگەڵ سیاســەت و کولتــووری کوردیــدا هەیە، یان ئەوەی پرســیار نەکراوە خانی بۆچی ئەوەندە گرنگە، نەتوانراوە پرسیار لەوە بکرێت ئەم تێکستە لەرووی سیاسیەوە بۆنەتەوەی کورد ئەمەندە گرنگە، ئەمانە بەر لەوەی کەمتەرخەمی دەســەڵاتی سیاسی کوردی بن و وەکو گوتاری سیاسی یەکگرتــوو کاری پێبکــەن، کەمتەرخەمــی رۆشــنبیر و ئەدیبی کوردیە کەنەیتوانیوە شــیکردنەوەیەکی تەواو ئارگومێنتی بکات بۆ ئەو تێکستە و وەکو گوتارێک تەماشای بکرێت.

بۆیە بەم پێشــەکیە دەســتم پێکرد و خانی شــاعیرم وەکو سەرمەشقی ناســیونالیزمی کــوردی وەرگرتــووە، هەروەهــا تێکســتەکەیم بەهەند وەرگــرت کەتائێســتا نەتوانــراوە کەڵــک لــەو تێکســتە وەربگیرێت بۆ دروســت گوتاری ناســیونالیزمی کــەزۆر جەختی لەســەر دەکرێتەوە، لەکاتێکــدا کــورد وەکــو نەتەوەیــەک لەمێــژووەوە تاکــو ئێســتا ئەم هەلومەرجە سیاســیەی بەخۆیــەوە نەبینیووە، تەنها ئــەو کاتانە نەبێت کەئیماراتــی جیــاوازی هەبووە، یــان کۆماری بچوکی وەکــو مهاباد و دەرفەتــی بچووکی بۆ رەخســاوە کە ئێســتا وەکو رژێمێکی سیاســی قــەوارە بچووک لەناوچەکە سیاســیەت دەکات، ئیــدی بۆئەوەی بتوانم دەستەواژەی رژێم بۆدەسەڵاتداریێتی کوردی لەکوردستاندا بەکاربهێنم، چونکــە تارادەیــەک وەکــو دەســتەواژەیەکی ناحــەز و نابــود دێتــە بەرچاو، بەوپێیەی کەپێشــتر چەمکی رژێم بۆدەســەڵاتێکی دیکتاتۆری بەکارهاتووە، بەڵام راســتییەکەی رژێم تەنها بەمانای دەسەڵات نایات،

* د. عەبــاس وەلــی. دەربــارەی ناســیونالیزم و خانی لەپەراوێزی کۆنفرانســی خانــی لەدیار بەکر. رۆژنامەی رۆژنامە. ژمارە ٤٣٥ ساڵی ٢٠٠٩

بەڵكو شێوازی سیاسەت کردنی دەسەڵاتە لەسەربانی کۆمەڵگە، یەعنی ڕژێمێک کەلەدەستوور و دەوڵەت و دەزگا هەمەچەشنەکان پێکدێت، ئەم دەستەواژەیە چ جیاوازیەکی لەگەڵ سیستمدا نیە، هەرئەوەی کەزاراوەکە لەعەرەبیدا (نظام) لە ئینگلیزیشدا (regime) یاخود (sysetme ) یان (instution ) بەکارهاتووە، هەریەک لەم زاراوانە دەشێ بۆهەر دەسەڵاتێک بەکاربێت، سابا ئەو دەسەڵاتە چۆن و لەهەر شوێنێک فەرمانڕەوایەتی بکات، ئەگەرچی تائێسا دەسەڵاتدارێتی کوردی هیچ سیستمێکی جێگیری نیە و پێناسە ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەوەی خاوەن مێژوویەکی سیاسی و شۆڕشی نەتەوەییە، کەچی لەساتەوەختێکدا هاتۆتە ئاراوە و وەکو قارچک هەڵتۆقیوە، نەک تەنها بەرامبەر عەرەب و فارس و تورک خۆی سەپاندووە، بەڵکو لەسەراسەر کوردستانیش بەگشتیش کەچەند نەتەوەیەکی تر هەن لەگەڵیدا دەژین خۆی سەپاندووە، هەر لەهەمان کاتدا لەگەڵ ڕژێمەکانی دەوروپشتی وەکو ڕژێمی (عەرەبی و تورکی و فارسی) هەن و مامەڵەشیان لەتەکدا دەکات، لەحاڵێکدا ئەو ڕژێمانە پێناسەی تایبەتیان بۆدەکرێت کەئێران بەکۆماری ئیسلامی و تورکەکان بەکەمالیست و عەرەبەکانیش بەشۆڤێنی نەتەوەیی ناسراون، دەکرێت پێناسەی تایبەتیش بۆکورد بکرێت لەژێر عینوانی ڕژێمێکی نیمچە ناسیونالیستی کوردی، هەر ئەوەی کەکورد ئیدیعای دروستکردنی ڕژێمێکی دیموکراسی دەکات لەکۆمەڵگەیەکی فرەیی لەنەتەوە و ئاین و مەزهەب و کولتوور، یان بەناڕاستەوخۆ وەکو نەتەوەیەکی سەردەست لەتەک نەتەوەکانی تردا فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵگەی ئەوەیە کەدەتوانین ناوی ڕژێمی ناسیونالیستی لێبنێین، ئەمە لەکاتێکدا لەباری تیئۆریەوە ڕژێم مانای ئەوە نادات بەدەستەوە کەلەژێر ئەم عینوانەدا نەتەوەیەک ناشرین دەکرێت، بەڵکو دەسەڵاتێک

کەماف بەخۆی دەدات کۆمەڵگەیەک بەڕێوەببات وەکو رژێمێک پێناسە دەکرێت، ئەم بۆچوونە زۆربەی بیرمەند و تیئۆریستە سیاسیەکانیش لەسەری کۆکن، بەو پێیەی کەسەرەنجام جگە لەباڵادەستی حاکمیەتی حیزب، تەواوی دامودەزگا ئیداریەکان بەیاساشەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئەم رژێمەدان..

ئەم وەزعیەتە سیاسیە هەستیارەی کەکورد وەکو قۆناغ تەماشای دەکات و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام حیزب لێرەدا گەورەترین ئیشکالیاتی سیاسی دروست کردووە، لەبری ئەوەی ئاسان کاری بکات و زەمینە خۆش بکات بۆ بیری ناسیونالیزمی، هەر لەوەی کەتائێستا ئەوەی لە ئەجێندای حزبدا بینراوە تەنها پرۆژەی گەورەبوونی قەوارەی حیزبی بووە، نەک پرۆژەی نەتەوەیی کەلەگوتاری ئیدیۆلۆژیای حیزبی دەچێتە دەرەوە، تەنانەت بیر لەوە نەکراوەتەوە کە هەوڵ بدات بۆ دروست بوونی پەیمانی نەتەوەیی کە یەکێکە لەمیکانیزمەکانی ناسیونالیزم، بۆ نمونە هەوڵ بدات ئەو ئارگومنێتانە کۆبکاتەوە کەبنچینەی ناسیونالیزمی کوردی دەوڵەمەند دەکەن..

## پێکهاتەی نەتەوەیی کوردی لەکوردستانی عێراق

پێکهاتـــەی نەتەوەیـــی کورد نـــەک هەر لەرووی مێژوویيـــەوە ئاڵۆزیی تێدایە کەتائێســـتا راســـت نەکراوەتەوە میدیاکان کـــورد بوون یان نا ؟، بەڵکو لەرووی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و بنکەکانیشـــیدا ئاڵۆزە، هەر ئەوەی کەدەیان خێڵ و تیرە و عەشـــیرەت و بنەماڵە هەن و خزاونەتە نێو ئەم نەتەوەیەوە، هەر لەکوردســـتانی عێراق دەیان خێڵ هەن کەرێورەسم و کولتووریان جیایە لەخێڵ و بنەماڵەکانی تر، تادەگاتە ئەوەی کە هەندێک لەو خێڵانە لەشوێنی جیاجیاوە هاتوون و لەکوردستان جێگیر بوون و زیادیان کردووە، چونکە لەو ســـەردەمەدا هەروەک چۆن بەپێی قسەی ئەرنست رێنان کەلەپێشتردا باسمان کرد، لەئەوروپا بنەماڵە و خێڵەکان لەئەنجامی ســـەرکەوتنی سیســـتمی فیودالی بوو خزانـــە نێو یەکەوە و نەتەوەیان پێکهێنا، ئاوهاش بنەماڵە و خێڵ خاوەن کولتوورە جیاجیاکان بوون بەقەوارەی نەتەوەیی..

## ریزبەندی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتی کوردی

### ا: ناسراوترین عەشیرەت و بنەماڵەکانی کەرکوک و گەرمیان

١: **عەشـــیرەتی جەباری**: ئەم عەشـــیرەتە تەنها لەســـنووری کەرکوک و گوندەکانی هەن.

٢: **عەشـــیرەتی زەنگنـــە**: ئەم عەشـــیرەتە تەنها لەناوچـــەی کەرکوک و دەروبەری هەن. بەشـــێکیش لەتورکمانەکانـــی کەرکوک لەرێگای ژن و

ژنخوازیەوە تێکەڵ بوون و خۆیان بەزەنگەنە دەزانن.
٣: **عەشـیرەتی شێخان**: ئەم عەشـیرەتە لەچەند ناوچەیەکی کوردستان هەن، بۆنمونە شێروانی لەناوچەی بادینان هەن و بەشێوەزاری کرمانجی قسـە دەکەن و کولتووریشـیان جودایە، لەسـنووری هەولێر بەزمانی سـۆرانی قسـە دەکەن و لەناوچەی گەرمیانیش بەهەمان شـێوەزاری سۆرانی بەڵام جیاوازی هەیە.
٤: **کاکەییەکان**. کاکەیی جگە لەوەی مەزهەبێکن لەسەر بیروڕاکانی داود پێغەمبەرن و کولتووری جیاوازی کوردیشیان هەیە و نهێنی کولتووری خۆیـان بۆکـەس نادرکێنـن، ئـەم گروپـە کۆمەڵایەتیە بـەدەر لەوەی شـێوەزاری ماچـۆ بەکار دێنن، نەریـت و کولتووریشـیان جیاوازە لە گروپەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردسـتان هەن، بۆ نمونە سەیدەکانیان لە هەورامان و ناوچەی دەروبەری کەرکوک هەن، لەهەولێر و دەرورو بەری خەبات واتە کەڵەکی یاسین ئاغا هەن، لە بنەڕەتدا لەدووی رۆژهەڵاتی کوردستان واتە لەکوردستانی ئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و پەرشو بڵاو بوونەتەوە..
٥: **بنەماڵەی قەشقەیی**: ئەم بنەماڵەیە زمانیان لەگەڵ شەبەک و هەورامی چوون یەکە و تەنها لەناوچەی قادر کەرەم هەن و بەزمانی ماچۆ قسە دەکـەن و کولتـوور و ئاینیـان جودایە لەوانی تر. لـە ناوچەکانی قادر کەرەم واتە گەرمیان هەن.
٦: **عەشـیرەتی هەمەوەندی**: ئەم عەشـیرەتە لەناوچـەی چەمچەماڵەوە دەسـت پێدەکەن و لەکوردسـتانی ئێرانیش هـەن، وەکو باس دەکرێت بەشێکیان پەراگەندەی لیبیا بوون و ئێستاش لەو وڵاتە هەن.
٧: **عەشـیرەتی داودی**: ئـەم عەشـیرەتە لەخـواری و کەرکوک هەن و بەشێکیشـیان لەناوچـەی گل و گەرمیـان هـەن و خزمایەتیـان لەگەڵ

عەرەبەکانی خواروی کەرکوک هەیە. بۆیە شـێوە زاریان جیایە لەگەڵ کەرکوکی.

٨: **عەشـیرەتی شـوان** : ئەم عەشیرەتە سـنووری جوگرافیان کەوتۆتە تەنیشـت شـاری چەمچەماڵـەوە، بـەلای راسـتدا و لەگەڵ سـنووری جوگرافی شـێخ بزێنی و چەند گوندێک دەبنە یەک. بەڵام عەشـیرەتێکی یەکگرتوو نین و خاوەن مەرجەعێکی تایبەت نین وەکو عەشـیرەتەکانی تر، بەشـێکیان وەکو شـێوەزاری سـنەیی ئێران قسـە دەکەن و دەڵێن لەئێرانـەوە هاتـوون بـۆ کوردسـتانی عێـراق و کاری کشـتەوکاڵیان کردووە.

٩: **عەشـیرەتی شوانی (شـێخ بزێنی)**: سنووری کۆمەڵاتی و جوگرافی هـەردوو عەشـیرەتەکە کەلەژێـر یـەک نـاودا هـەن پێکەوەیـە، بەڵام کولتـووری جیاوازیان هەیە و شـاخی خاڵخاڵان کەوتۆتـە نێوانیان و لەیەکتریان دادەبڕێت.

**ناسراوترین عەشیرەتەکانی شاری سلێمانی و دەروبەری**

١: **عەشـیرەتی بێسـەری**: تەنها لەسـلێمانی و دەوروبەری هەن، کارو باریان تەنها کشتوکاڵی بووە لەناوچەی شارباژێر.

٢: **عەشـیرەتی جاف**: ئەم عەشـیرەتە بریتین لەچەند تیرەیەک و چەند مەرجەعێکیـان هەیە (روغزایی، رەشـکە، بەگزادە، میکائیلی، شـاتری ) بەهۆکاری جیاجیا پەرشـوبڵاو بوونەتەوە بۆ ناوچەکانی شارەزوور و گەرمیان و هەولێر و ناوچەی دوکان و پشدەر.

٣: **عەشـیرەتی هارونی**: ئەم عەشـیرەتە لەناوچەی شارەزوور هەن و سنووری جوگرافیایان لەگەڵ سنووری هەروامی تێکەڵ بووە.

٤: **عەشیرەتی ئاغا سووری**: ئەم عەشیرەتە لەئێرانەوە هاتوون، لەچەند شـوێنێکی جیاجیای کوردسـتان هـەن، بۆنمونە لەناوچـەی پێنجوێن،

هەولێـر، کەرکـوک، کۆیــە و هتـد و دواتــر بەهۆی چەندیــن هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، پەرشوبڵاوبوونەتەوە، پێشتر لەلەکوردستان رۆژهەڵات بوون و هاتوونەتە کوردستانی عێراق..

٥: **عەشــیرەتی بەرزنجی**: ئەم عەشــیرەتە لەزۆر شــوێن هەن، بۆنمونە لەناوچــەی ئاغجەلــەر، لەهەولێــر، ســلێمانی، کەرکوک، بــەڵام بەهۆی ئەوەی ســەرجەلەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەو پێیە دەچنە سەر عەرەب و حەســەن و حوســێن، چونکە خۆیان بەشــێخ و ئاین پەروەر دەزانن بۆیە کەمتر بەلای نەتەوەییدا دەچن...

٦: **کافرۆش**: ئەم عەشــیرەتە لەســنوری بازیان تەیناڵ و نزیک ناوچەی ئاغجەلــەر و چەمچەمــاڵ هــەن، پێشــتر کاری کشــتوکاڵیان کــردووە بەتایبەتی برنج و غەڵوز، هەندێک ئەفسانەشــیان لەسەر باس دەکرێت. یەکێک لەوانە کچە کافرۆشــە کە گوایە لەسەردەمی هاتنی ئینگلیزەکان هاتوونەتــە ئەو ناوچەیە و کچێک جــوان هەبوو یەکێک لەژەنەراڵەکانی ئەو ســەردەمە لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی. ئەفسانەی تریش هەن کەئێرە جێگەی باسەکەی ئێمە نیە.

٧: **شــەمێرانی**: ئەم عەشیرەتە ســنووری جوگرافیایان لەنێوان ناوچەی شــەمێران و هەڵەبجە هەن، هەندێکێشــیان لە دیوی ئێرانن. بۆنمونە لە رەوانسەر و مەریوان هەن.

٨: **تەرخانی**: ســنووری ئەم عەشیرەتە لەناوچەکانی هەڵەبجەی نوێ و زەڕاێن هەن.

٩: **گەلالی**: لەناوچەی هەڵەبجەی نوێ و زەڕایێن هەن.

١٠: **ئێناخی**: ســنووری ئەم عەشیرەتە لەناوچەکانی ئەم بەر و ئوبەری رووباری سیروان هەن.

١١: **کۆکۆیــی**: لەناوچەکانــی شــارەزوور هــەن و پــەرش و بــڵاو

بوونەتەوە.

**ناسراوترین عەشیرەتەکانی بادینان و دەوروبەری**

١: **بارزان.** ناوچەیەکە چەند عەشیرەتێکی تێدایە، ئەگەرچی بەشێوەزاری کرمانجــی قســە دەکەن، شــێوەی جلوبەرگــی هەندێکیــان بادینانییە و هەندێکیشیان ســۆرانییە، هەروەها بەشێک لەکولتووریشیان لەبادینانی دەچێت و بەر لەچەند سەدەیەک لەدیوی توریکاوە هاتوونەتە کوردستانی عێراق و لەچەند تیرەیەک پێکدێن بۆنمونە

ا: تیرەی شێروانی

ب:  تیرەی مزووری

ج: دۆڵەمەڕی

٢ **عەشیرەتی دۆسکی**: ئەم عەشیرەتە بەگەورەترین عەشیرەتی سنووری شاری دهۆک ناســراون، وەکو دەڵێن بەر لەچەندین سەدە لەسنووری تورکیاوە هاتوونەتە شــاری دهۆک و نیشــتەجێبوون وکار و پیشەیان جوتیاری بووە تاسەدەی رابردووش، دواتر دێنە نێو شارەکانەوە.

٣: **عەشــیرەتی سورچی** : عەشیرەتێکن لەچەند تیرەیەک و شێوەزارێک پێکدێن و سنووری جوگرافیان لەهەریرەوە دەست پێدەکات و تادەگاتە دەوروپشــتی ئاکرێ و مەرجەعی  شێخ و ســیمبولی جیاوازیان هەیە. ئەمانەش وەکو عەشــیرەتەکانی تر چەند مەرجەعێکی سەرۆکیان هەیە کەلەهەولێر و ئاکرێ و موسڵ دەژین.

٤: **عەشیرەتی هەرکی**: ئەم عەشیرەتە بەشێوە سۆرانین و بەشێوە زاری کرمانجی قسەدەکەن و تێکەڵ بەعەشیرەتی بارزان بوونە و پێشتر کار و پیشەیان تەنها جوتیاری بووە.

٥: **عەشــیرەتی زێباری**: عەشیرەتێکە سنووری جوگرافیان لەئاکرێ وە دەست پێدەکات تادەگاتە موسڵ و دەوروبەری. چەند کەسێک لەسەرۆک

هۆزەکان سەرکردایەتی عەشیرەتە دەکەن.
٦: **بەرواری**: ئەم عەشیرەتە لەدهۆک لەسنووری بەرواری بالا بوونیان هەیـە، پێشـتریش لەتورکیاوە هاتونەتە شـاری دهـۆک و دەروبەری، پێشـتریش کاری کشـتوکاڵیان کـردووە، بەتایبەتـی بەرهەمی سـێوو هەنگوین.
٧: **عەشـیرەتی لـۆلان**: سـنووری ناوچەکانی ئەم عەشـیرەتە دەکەونە نێوان دهۆک و باتوفە.

**ناسراوترین عەشیرەت و بنەماڵەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری**

١: **عەشـیرەتی خۆشـناو**. بەگەورەترین عەشـیرەت نـاوزەد دەکرێن، سنووری جوگرافیایان لەشەقلاوە وە دەست پێدەکات، تادەگاتە سنووری قەلادزە و بەشـێکی زۆریان لەهەولێر نیشـتەجێبوونە بەر لەسەدەیەک زیاتـر، بەلام چەنـد مەرجەعێکی عەشـیرەتیان هەیە و سـەرۆکایەتی عەشیرەتەکە دەکەن.
٢: **شێروانی سۆرانی**: ئەم عەشیرەتە بەشێوەزاری سۆرانی قسە دەکەن و تێکەڵن لەگەڵ شێروانی بادینان و خزمایەتیان هەیە و لەشاری هەولێر نیشتەجێبوونە و وەکو هەندێک لەشارەزایانی خۆیان دەڵێن" لەئێرانەوە هاتوون"
٣: **عەشـیرەتی سـیان**: ئەم عەشیرەتە تەنها لە سنووری شاری هەولێر ژیاون و سۆرانین.
٤: **عەشـیرەتی هەرزانی** : ئەم عەشیرەتە لەشاری هەولێر و دەوروبەر دەژین و تادەگاتە بناری قەرەچوغی سەر بەشارۆچکەی مەخمور.
٥: **عەشیرەتی دزەیی**: ئەم عەشیرەتە پێشتر ئاغا بوونە و جوتیار لەژێر دەسـتیان کاری کشـتوکاڵیان کردووە، بەلام دوای شۆڕشی جوتیاری سـاڵی ١٩٥٦ و ١٩٥٨ هاتنـە نێـو شـاری هەولێر و نیشـتەجێبوون و

بەیەکێک لەگەورە عەشیرەتەکان دەژمێردرێن.
٦: **بنەماڵی ماجدی**: بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێرن و خەریکی بازرگانی بوونە تائێســتاش بەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێر ناسراون.
٧: **بنەماڵەی قەساب** : ئەم بنەماڵەیە کوردن هەندێکیان بەزمانی تورکمانی قسەدەکەن و بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شاری هەولێر ناسراون.
٨: **بنەماڵەی دەباغ**: بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوون و وەک هەر بنەماڵەیەکی تر خۆیان لەخەڵکی جوتیار و کرمانج جیا کردۆتەوە.
٩: **بنەماڵــەی عەلاف**: بەهەمان شــێوەی بنەماڵەکانی تــر دەوڵەمەند و بازرگان بوونە و لەهەولێر ژیاون.
١٠: **بنەماڵــەی جامبــاز**: ئەم بنەماڵەیە وەکــو بنەماڵەکانی تر دەوڵەمەند بوونە و ســنووری گوندەکەیان دەکەوێتە ناوچەی شەقڵاوە و زۆربەی خوێنەواربوونە.
١١: **عەشــیرەتی گەردی**: ئەم عەشــیرەتە بە دوو شــێوەزار سۆرانی و کرمانجی قسە دەکەن و هەرچی سۆرانییە هاوسنووری زرارییەکانن و کرمانجییەکانیش لە ناوچەی بارزان و نزیک چیای شیرینن.
١٢: **عەشیرەتی زراری**: ئەم عەشیرەتە لەسنوری خوارووی رۆژئاوای هەولێــر دەژین و کار و پیشــەیان کشــتوکاڵی بووە و ســنوورەکەیان بەرفراوان دەبێتەوە بۆ سنووری ناوچەکانی هەرکی و گۆران.
١٣: **عەشــیرەتی گۆران**:  ئەم عەشــیرەتە کەپێکهاتووە لەچەند تیرەیەک ســنووری جوگرافیــان دەکەوێتە ئەوپەڕی زێی کەڵەکی یاســن ئاغا و بەچەند شێوەزارێک قسە دەکەن.
ســەرەنجام لێرەوە لەپێکهاتــەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری کوردی تێدەگەین کە زۆربەی بنەماڵە و عەشیرەتەکان، بەرەسەن خەڵکی

کوردســتانی عێراق نین، وەکو مێژوو ناســە لۆکاڵیەکان باسی دەکەن، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەنەتەوە چۆن پێکدێت.

ئەمە جگە لەوەی کەبەشــێکی زۆر لەو بنەماڵە و خێڵ و عەشــیرەتانەی کەناویــان نەهاتووە و بەدەســت نەکەوتوون، یان قــەوارەی بنەماڵە و عەشــیرەتەکە بچوکترن لەقەوارەی عەشــیرەتە گەورەکان، پێشتر یان لەشــوێنێکی ترەوە هاتوونەتە کوردســتان، یان ئەوەتــا جیا بوونەتەوە لە عەشــیرەت و بنەماڵەکانی تر کەناویان هاتووە، هەرچی عەشــیرەت و بنەماڵەی بەشــەکانی تری کوردســتانی گەورەیە و ناویان نەهاتووە، بۆشــایەک دروســت دەکات لەپێکهاتــەی کۆمەڵایەتی نەتــەوەی کورد، بەڵام لەهەندێ بەشــی کوردســتان بنەماڵە و عەشــیرەت نەماون، یان ئەوتا بەپێی نەریت یان بەپێی هەلو مەرجی سیاســی و رۆشــنبیری و هۆشیاری خەڵک لەبەین چوون، بۆیە نەتوانراوە ناوی هەموو عەشیرەت و بنەماڵەی هەر چوار پارچەی کوردستان بەیان بکەین.

## رژێمی کوردی لەسیاسەتدا

سیاسەتێک کە کوردەکان بەقەناعەتی خۆیان تیاهەڵدەسوڕێن و لەسەدەی بیست و یەکدا زیاتر دەرکەوتن، هەروەها وەکو رژێمێکی سیاسی خۆیان نمایش دەکەن، نەئەوەتا ستایلێکی کلاسیک بێت کەپێشتر مۆدێلی شمولی بوو لەسەردەمی سۆڤیەتی بەناو سۆسیالیستی هەبوو، نەئەوەتا ستایلێکی مۆدێرن بێت کەئێستا مۆدێلی ئامریکیە و جهانگەرایی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، مەبەستم لەوەیە رژێمەکانی سەردەمی سۆڤیەت کەرژێمی کۆنترۆڵکەری تەواوی کۆمەڵگە بوو، بەناوی سۆسیالیستیەوە هەرچی قودرەتێکی هەبوو بۆخاتری کۆمەڵگە وەگەریدەخست، هەرچی هەبوو بەخزمەتی خودی دەوڵەت بوو کەخەڵک تێیدا لانی کەم کەس هاولاتی پلەدار نەبێت، یاخود لانی کەم قەناعەتێکی فکری لەپشتەوە بوو خەڵکیش تاڕادەیەک تێیدا دەژیان، ئەوەش کەمۆدێلی مۆدێرنەیە و لەئێستادا ئامریکا و رۆژئاوا سەرمەشقین، دیسان هاولاتی تێیدا لانی کەم هۆشیار کراوەتەوە لەمافە مەدەنیەکانی خۆی، هەر لەوەی کەلەسەر چارەنووس و ئایندەی کۆمەڵگە پرسی پێدەکرێت، تادەگاتە ئەوەی سیاسەتێکی واقیعبینانە دەکات لەگەڵ دۆستان و نەیاران و ولاتە دراوسێکانی خۆی، یان ئەوەی کەهیچ شتێک لەدەرەوەی دەستوور و یاسادا رەوایەتی وەرنەگرتووە و قەدەغەکراوە، بەلام بەشێکی زۆر لەفەیلەسووفەکان دەڵێن "دەبێ هەموو حاکمیەتێک لەبەرژەوەندی مەحکومەکان بێت، مەبەست لەوکەسانەیە کەسەرکردایەتی خەڵک

دەکەن، لەبەرئــەوەی مەحکومەکان بەرزترن لەوانــەی حاکمن، چونکە ســتراتیژەکە ئەوەیــە کەگرنگــی بــەم لایەنــە بدرێت، لەلایەکــی ترەوە حاڵەتێکی تر هەیە کەهەردوولا واتە گەل و پاشــا ملکەچی یەکتر دەبن، بۆئەوەی گەل بەجەستە ئیتاعەی پاشا بکات، ئەگەریش پاشا دەسەلاتی خــراپ بەکارهێنا، ئــەوا دەوری ملکەچی ببینێ بۆگــەل، چونکە حاڵەتی یەکەم سەنگی مەحەکە بۆحاڵەتی دووەم.“*

رژێمــی کــوردی لەبــەر ئــەوەی رژێمێکی مۆدێــرن نیە و بۆخۆشــی وێنــەی خۆی بینیوە، رەنگە لەوپنتەدا هەڵوەســتەیەک بکات و نەیەوێت لەژێر ئەو ناونیشــان و زاراوەیەدا پێناســە بکرێــت، وەئەگەر مۆدێرن بــوون بەئەوە بزانی کەپارلەمانی هەیــە و خۆی ئیدارەی خۆی دەدات، یــان ئافــرەت بەرێژەیەکی زۆرتر لەجــاران خزاوەتە نێــو حکومەت و پارلەمانــەوە، یاخوود بوون بەوەزیر و لەســلکی پۆلیســدا کار دەکەن، یان ساختومانی بالابەرزیان قیت کردۆتەوە، یاخوود بەبیانووی ئەوەی کــە گەنج توێژێکی کارا و چالاکە و دەبێ پشــکی هەبێ لەنێو مەحفەلی سیاســی کوردیــدا، یاخوود ئەو حیزبیەتە شــێوێنراوەی کەهەیە و ئەو حەشــاماتە لەرۆژنامە و میدیا بەگشــتی هەیە بەدەســتکەوتێکی گرنگی فرەیــی و ئــازادی رادەربڕیــن دەزانێ، جگــە لەوەهمی تێگەیشــتن بۆ دیموکراســی و مۆدێرن و کۆمەڵگەی کــراوە هیچی تر نیە، چونکە ئەو ئەزموونــە زیاتر لەجارێک هەم لەنێو هەناوی حزب و هەم لە نێو دامو دەزگای حکومــی و رێخراوەکانــی بەنێــو کۆمەڵگــەی مەدەنی بینرا کە کەمترین راســتیان تێدایە، مەگەر لەئایندەدا ببینین ئەم ســتایلە ببینرێ و دەســەلاتداریێتی کورد بگەنە ئەو قەناعەتە، چونکە سیســتمێکی وەها

* تاریخ الفکر السیاسی. من المدینه الدوله الی الدوله القومیه. جان جاک شوفالیه. ت. د. محمەد عرب صاصیلا . ل٣١٧

سیاسی کەفۆڕمی سیاسی کوردیە، کارێکی ئاسان نیە تاکو تێگەیشتنی عەقلیەتـــی کوردی بگــۆڕێ، ئەگــەر وەک گریمانەیــەک وەریبگرین کە کورد نەتەوەیەکە گەرەکیەتی خۆی بســەلمێنێت کەهەیە، دەبێ خاوەنی پڕۆژەیەکــی نەتەوەیــی بێت، مەبەســتم لەو پڕۆژە تــەواو نەکراوانەیە کەبەر لەئێستا لەڕێگای شۆڕشەوە هەبوون، ئەو یۆتۆپیایەی کەدووبارە کردنەوەی خەونەکانی بن نەک لیپا و لیپ لەئەو خەونانەی کە رابردوو دوبارە بکەنەوە بەستایلێکی تر، ئەم مەبەستە رۆح کردنە بەر ئەو کیانە مردووەیە کە لەرابردوودا نەیتوانیوە زیندوو رابیگرێت، چونکە بارودۆخ رێگــەی پێنەداوە و ئەزمونیشـــی لێوەر نەگرتـــووە، لەحاڵێکدا دەیهەوێ کەڵک لەرابردووی کلاسیکی رۆژئاوا وەربگرێت و زەمەنیش تێپەڕیوە، گرنگترینیــان ئەو مامەڵە سیاســیەیە کە لەســەر مۆدێرنەدا نەتەوەکان، یان بابڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی پڕۆژەیان بۆی هەبوو، ئەمەش پێویستی بەتێفکرین هەیە، تێفکرین لەکێشــە ئاڵۆزەکان و گوتاری سیاســی، نەک تێفکرین لەکۆک بوونی گشتی کەلەژێر کاریگەری تێفکرینی نەتەوەکانی تــر، مەبەســت لەفارس و عەرەب و تــورک، چونکە ئــەوان کودەتایان لەســەر تێفکرینــی خۆیــان کردۆتــەوە، کودەتایان لەســەر پڕۆژەکانی رابردووی خۆیان کردووەو لەپنتێکی نوێ تردا راوەستاون ..

"شرۆڤەکردنی سیستمەکان کەمەودای تێگەیشتنی لەحکومەت فراوانتر کردووە، بەهۆی جەخت کردنە سەر کارلێکی ئاڵۆزی نێوان حکومەت و کۆمەڵگەیەکی کراوەیە، چونکە سیســتم بریتیە لەدەستەیەکی رێکخراو، کۆمەڵە بەشێکی پێکەوە لکێنراون قەوارەیەکی لەخۆ گرتووە، کەکیانێکی بەکۆمــەڵ پێکدەهێنێــت، کەواتــە شــرۆڤەی سیســتمەکان تێڕوانینێکی پلەبەندی بۆسیاســەت رەتدەکاتەوە، چونکە گشت واتە هەموو گرنگترە لەتاکــەکان، وێڕای ئەمەش جەخت کردنە لەســەر گرنگی پەیوەندیەکان

و ئـــەوەش دەگەیێنێت کەهەر بەشـێک بەپێی ئەرکەکانـی لەنێو هەموان واتە خۆی هەیە"* ئەم شـرۆڤەکاریە بۆسیستماتیک کردنی حکومەتێک کەبەفۆرم لەخەڵک پێکهاتبێت، نەک تەنها ئیشـکالیاتی سیاسی دروست دەکات و کۆمەڵگــە ئاڵــۆز دەکات، بەڵکــو بەهــاکان و پێناســەکانیش دەشـێوێنێ، هەروەها پرۆســەی سیاسی کەبەشـداری کردنی تەواوی کۆمەڵگەیــە لەنێــو دەزگا جۆراو جــۆرەکان، داواکاریــەکان لەهەردوو ســەرەوە زیاتــر رەتدەداتــەوە لەنێــو حکومەتــدا، یەعنــی لەخەڵکەوە بۆدەسەڵات و لەدەسەڵاتیشەوە بۆخەڵک کەئەرک و ماف لەیاسا دیاری کراوە، بەڵام لەغیابی ئەم فەزا سیاســیە و دەرکەوتنی دەســتەبژێرێک لەنێــو رژێمێکی سیاســی و ونبوونی خەڵک لەنێو ئەو پرۆســەیە، نەک هــەر رژێمەکە دەکەوێتە حاڵەتی مەترســیەوە، بەڵکو خودی ئەو نیمچە کیانــەش دەکەوێتە مەترســیەوە کەمولکی تــەواوی کۆمەڵگەیە. رژێمی سیاســی کــوردی هیــچ کات نەلەکاتی ئارامــی و نەلەکاتــی نائارامیدا رەچاوی ئەم خاڵەی نەکردووە، بۆیە وێنەی ناتەواوی خۆی نابینێ...

ســەرباری ئــەوەی کەئەگــەر شــرۆڤەکاریەکی بێلایەنانــە و دوور لەرۆمانســیەت بــۆ نەتەوەی کورد بکەین، هەروەک چۆن شــرۆڤەکەی رێنــان بۆنەتەوەکانی ئەوروپا کردوویەتی و بنەماڵە و عەشــیرەتەکان بەخاتــری تــرس لەمەنانیان یەکگرتوو بوون و جــودای کردوونەتەوە، دواتر نەتەوەیەکیان دروســت کــردووە و دواتریش هەر ئەم نە تەوانە چەنــد لەت بــوون و نەتەوەیــی تر دروســت بــوون و جوگرافیای تر دروســت بوون، هەروەک پێشــتر لەپێکهاتەکاندا بۆمــان دەرکەوت کە بەشێکی نەتەوەی کورد لەکوێوە هاتوون.

ئیدی بەتەماشــا کردنی ئــەوە کوردیش بەم شــێوەیە کەدەیان بنەماڵە

* تیئۆری سیاسی. ئاندرۆ هێیود. وەرگێڕانی بۆکوردی . گۆران ساڵح. دەزگای ئاراس ل١٢٤

و خێڵ و عەشـیرەتی تێدایە، نەتەوەیەکیـان پێکهێناوە، هەم لەکولتوور و هــەم لەشـێوەزار و هــەم لەجوگرافیـا و هــەم لەنەریتــی پێکهێنانی خێـزان و هــەم لەرووی ئاینیەوە زۆر جـوداوازی تێدایە، بەم پێیە بێت نەتــەوەی کوردیش وەک تورک و فارس، رەســەنایەتیەکەی دەکەوێتە ژێـر پرسـیارەوە، چونکە مێژووەکەی نەنوسـراوتەوە، یان وەک چۆن دەڵێن تاکو ئەم دواییەش کورد لەدەرەوەی مێژو بووە کەئێستا خەریکە دەکەوێتە نێو مێژووی سیاسیەوە ..

ئــەوەی کەرژێمی کوردی خسـتۆتە ژێر پرسـیارێکەوە کەوەڵامەکەی لاوازە، مەسەلەی مامەڵەکردنە لەگەڵ نەتەوە و کیانە جیاوازەکانی تەک خۆی، باشــتر بڵێــم مامەڵەکردنی لەناوەوە و لەگــەڵ نەتەوەی عەرەبی ســوونە و شیعە مەزهەب و تورکمان و کلدو ئاشوری و هتد لەلایەک، لــەدەروەش بەناوی دبلۆماسـیەوە لەتــەک دەوڵەتانــی وەک تورک و فارس لەلایەکی تر، لەهەردوو بارەکەدا هیچ رۆشنییەک بەکارە سیاسی و دبلۆماسـیەکانەوە دیارنیــە، بەزۆر دۆسـتایەتی کردنــی ئامریکاش لەشــوێنێکی تر بووەسـتێت، ئــەو دبلۆماسـیەتەش کەلەتــەک وڵاتانی دەروبەر دەیکات، جگە لەوەی بەزەرەری ستراتیژی تەواو دەبێ هیچی تــر بەرهەمناهێنێ، چونکە مەرجە سیاســیەکانی ئەو وڵاتانە لەویســت و دواکاری خەڵــک و خودی شۆڕشـێک کەمترن کەســاڵەهایە خەباتی بۆدەکرێت..

ئەگەر بیانوو بۆسەردەمی جەنگی نێوخۆیی کورد لەساڵەکانی سەدەی رابردوو هەبوو، ئەوەبێ کەهەلومەرجی سیاسی بۆنەتەوەی کورد لەبار نەبــوو، یاخود ئەو نیمچــە قەوارەیەی کەلەدوای بەهاری ســاڵی١٩٩١ دروســت بوو هیچ جۆرە شــەرعیەتێکی وەرنەگرتبــوو، بۆیە نەیتوانی کەڵکــی لێوەربگرێــت، ئــەوا ئیتر هیــچ بیانوویەکی تر نەمــاوە لەدوای

روخانـی رژێمـی بەعـس لەسـاڵی ٢٠٠٣ کەچەند سـاڵێکی بەسـەردا تێپەڕیوە، هیچ بیانوویەک نەماوە بۆئەوەی گوایە بوار نیە بۆسیاسـەت کردنێکـی شـارەزایانە چ لەناوەوە و چ لـەدەرەوەی وڵات، هەر لەوەی ناسـیونالیزمی کـوردی بەشـێکی گەورە لەپرۆسـەی سیاسـی عێراق پێکدێنێت و چەندین پۆستی هەستیاری هەیە لەحکومەتی نێوەندی عێراقی، فراکسیۆنی هەیە لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی، پشکی تەواوی خۆی هەیە لەبودجەی حکومەت، بەهێزی پێشـمەرگە بەشـدارە لەسوپای عێراقی، سەرچاوەی تایبەتی ئابوری هەیە لەنێو جوگرافیای خۆی و هتد، کەچی لەچـاو فراکسـیۆنەکانی تر و کیانە سیاسـی و مەزهەبیەکانی تر لاواز دەبینرێت، بەرادەیەک کەلەهێزێک ناچێت سەرۆکی کۆماری دەوڵەتەکە لەفراکسـیۆنەکەیدا بێـت، بۆیـە هەمیشـە وەکو نیمچە ئۆپۆزسـیۆنێک دەبینرێ زیاتر لەوەی کەبەشێکی گرنگ بێت لەحکومەت..

ئەلێرەوەیـە کەرژێمـی کـوردی دەکەوێتـە ژێـر پرسـیارەوە، بۆچی لەمێـژووی خۆیـدا کەهێشـتا نەبۆتـە خـاوەن ئیـدارە وحکومـەت، نەیتوانیوە لەدانوسـتانەکاندا مەرجە سـتراتیژیەکانی بسەپێنێت بەسەر بەرامبەرەکەیدا، بۆچی ناتوانێ بڕواو متمانە بەهێزە سیاسـیە نێوخۆیی و دەرەکیەکان بەدەست بێنێت کەکێشەکەی رەوایە، شتێک کەکورد زۆر دەستی پێوەگرتووە و وەکو کارتێکی بەهێز کاری پێدەکات دەستووری هەمیشـەیی عێراقە، کەچی نەبەدەسـتوور دەتوانێ خۆی بسـەلمێنێ و مافـە نەتەوەییەکان بەدەسـت بهێنـێ، نەدەتوانێ خـۆی جیابکاتەوە و دەسـتووری خۆی کار پێبـکات، نەهێزێکی نێونەتەوەیـی گەورە هەیە پاڵپشـتی داواکاریەکانی بکات، سـابا ئەو هێـزە ئەوروپی یان ئامریکی یان وڵاتانی عەرەبی بێت، نەبوونی ئەم پاڵپشتیەی کەکورد خوازیارێتی، نەبوونی متمانەیەکی سیاسـیە کەکـورد نەیتوانیوە لەماوەی حاکمیەتی

خۆیدا، چ وەک بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی و چ وەک خاوەن کێشەیەک لەناوچەکەدا، نەتوانیویەتی شێوە رەسمیەتێک بدات بەئیدارە و حکومەتەکەی، نەتوانیویەتی قەناعەت بەدۆست و نەیارەکانی بێنێت کەخاوەنی ئالآیەکی لەمێژینەیە، ئەمە جگە لەوەی کەنموونەیەکی باشی سیستمی خۆ بەڕێوەبردن پێشکەش نەکردووە، لەحاڵێکدا ئەو نوسینگە نوێنەرایەتیانەی دەوڵەتان و باڵیۆزەکانیش تائێستا تەنها لەپێناو وەگەر خستنی کۆمپانیاکانیان کوردستان بەواقیع تەماشا دەکەن، نەک دانپیانانێکی سیاسی و حکومەتێکی فەرمی.

دیسان هەر نەبوونی ئەو متمانەیەشە کەکیانە سیاسیەکانی عێراق، بەمەزهەبی شیعە و سوونە و پێشکەوتووخوازەکانیشەوە جێگەی خۆی نەکردۆتەوە، یان لانی کەم مەترسیەکانی بوونی بەنیمچە قەوارەیەکی نەتەوەیشی پێ رەوا نابینن، لەحاڵێکدا هەر ئەو حیزب و کیانە سیاسیانە بوون کەبەر لەروخانی رژێمی بەعس لەپەنای کوردەکان بوون، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەزموونی لەو شێوەیەیان نەبوو کەئیدارەی حکومەتێک بەرێوەبەرن لەگەڵ کوردەکان، ئەگەرچی شەرعیەتی کوردەکان زیاترە لەکیانە عەرەبەکان، هیچ نەبێ کوردەکان بەهەموو کەموکوڕیەکانیانەوە خاوەن ئەزموونن و هاوکاری زیاتری ئامریکا بوون بۆداگیرکردنی عێراق...

## تێکەڵ کردنی ئاین و عەلمانیەت

جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت، یەکێکە لەو دروشمانەی کەحزبی مۆدێرن و حکومەتی مۆدێرن کاری لەســەر دەکات، بۆئەمەش لەسەرتاکانیەوە دەســتپێدەکات، واتــە هەڵوێســتی عەلمانی و هەڵوێســتی ئاینی بەهۆی چەندین هۆکاری سیاســی و فکری لەیەکتــر دوور دەکەونەوە، لێرەوە هەلومەرجی ملمڵانێ لەنێوانیاندا دروســت دەبێت کەهیچ پاساوێکی نیە، ئیدی لێرەوەیە کەســەرەتای دەستپێکردن بۆ دروست کردنی دەوڵەتی عەلمانــی، بــەر لــەوەی پێویســتی بەو ملمڵانێیــەوە هەبێت، پێویســتی بەخوڵقاندنــی فەزایەکــی لەبــار و ژینەگەیەکی لەبــاری رێکخراوەیی و جەمــاوەری هەیە، یەعنی ئۆرگانیزە کردنی هەمــوو ئەو توانایانەی کە بۆشاییەکی سیاسی پڕدەکەنەوە، هەماهەنگی لەگەڵ یاساکان و میدیای پێشــکەوتوو ببنە هۆکار بۆ ئەو فەزا سیاســیە، ئەگەرنا جیاکردنەوەی دەولــەت لەئایــن لەکۆمەڵگەیەکــی فیودالیزم کەهێشــتا بەفــۆرم لەنێو دیمەنە شارســتانیەتەکاندا خۆی دەردەخات، کارێکی ئاسان نیە بەبڕیار جێکەوتەبێت.

بەپێــی ئــەو پێشــەکیەی ئاماژەم پێــدا، سیاســەتی کوردی ئاســتێکی دیاریکراوی نیە کەبتوانێ بەپێی پێوەر و تیئۆر مامەڵەی لەتەکدا بکەیت، بەوپێیەی کەوەها مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات کەنە دەسەڵاتێکی تەواو مەزهەبیە، نەدەســەڵاتێکی تەواو عەلمانیە، یەعنی لەپنتێکدا کەپێویســتە بەلانس بکات لەنێوان عەلمانیەت و مەزهەبگەرایی، بەپێچەوانەی رەوتی

سیاسی خۆی هەڵسوکەوت دەکات، هەر ئەوەی دامودەزگاکانی لەسەر شـێوەی حیزبێکـی مۆدێرن فۆڕمـی وەرگرتووە، کەچـی لەناوەڕۆکدا لەحکومەتێکـی مەزهەبی و کولتـووری دەچێت، لەهەمان کاتدا ئەوەندە پابەنـدە بەکولتـوورەوە، تائەو جێگەیەی کەلەهەندێ شـوێن و هەندێ دامودەزگای حیزبی و حکومیدا، پرنسیپی کولتووری کۆن جێگیر بووە و کاری پێدەکرێ، یان ئەوەی لەشێوەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی خۆی نمایش دەکات، کەچی دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵیە و هیچ شتێک بەبێ فلتەری حیزبی تێناپەڕێت، ئەم سـتایلە کەجێگای لەهیچ دەستوور و ڕێسایەکی دونیادا نابێتەوە، لەسیاسـەتی کوردیدا وەها ڕەنگیداوەتەوە، کۆمەڵگەی گیرۆدە بەسـەدەها کێشـەی جۆراو جۆر کردووە، ڕەنگە بەشێکی زۆر لەئەندامانی حیزبە باڵادەست و حیزبەکانی خوارەوەش، نەزانن کەئەمە بەڵانسی سیاسی نیە. بەقەد ئەوەی ڕازی کردنی کولتوورە جیاوازەکانی خێڵ و بنەماڵە و کەسایەتیەکان و مەحسوبیەتە، ئەم قەناعەتەش لەخۆڕا دروسـت نەبووە کەهەم تـەواوی کۆمەڵگە و هـەم تاکەکانی ڕاهێناوە، لەوێوە هاتووە سـامانێک کەلەبەردەسـتیدایە نەیتوانیوە سیسـتماتیکی بکات، یاسایەک کەلەئیدارەکەیدا کاری پێدەکات، نەیتوانیوە سەربەخۆی پێبـدات و بۆهەمـوو کـەس چـوون یـەک بێـت، لەبری ئـەوەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی حیزبیەت تەماشـای هاوڵاتیـان بکات، هیچ هاوڵاتیەکی سـەربەخۆ و بـێ ئینتیمای حیزبـی بەفەرمی ناناسـێ، هەروەها لەنێو دامودەزگا حکومیەکانیش کاری بۆمەیسـەر ناکات، ئەمە لەحاڵێکدا ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستیە کەمێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەشۆڕش کردن بەرامبەر ڕژێمە سیاسـیەکانی لەهەر وڵاتێکدا، نەتوانیویەتی ببێتە خاوەن گوتارێکی سیاسـی و پڕۆژەیەکی نەتەوەیی، نەتوانیویەتی بنکە جەماوەریەکەی گۆش بکات بەناسیۆنالیزمێک کەئیدیعای بۆدەکات.

لەبورای پەروەردەییەشدا پرۆژەیەکی سیاسی نەتەوەیی نیە کەنەوەکان بزانن بۆچی دەبێ ئینتیما بۆناسیۆنالیزم بکەن، بەپێچەوانەشەوە بۆچی ناسیونالیستبن، چونکە عەقلیەتی حزبی و ئیدیۆلۆژیای سیاسی رووت بەسەر زمانی سیاسیدا زاڵە، ئەم ئیدیۆلۆژیا سیاسیەش تائەو جێگەیە توانیویەتی بڕ بکات کەمەنفەعەت دێتە پێشەوە، مەبەستم لەمەنفەعەتێکە بۆگشت، نەک مەنفەعەتێک بۆ دەستەبژێرێکی سیاسی لەپەنا ناسیونالیزم و نەتەوەخوازی، گوتاری رۆمانسیانەی کوردیش نەیتوانیوە جێگەی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کەلەزهنی تاکی کوردیدا هەیە، هەر بۆیە ئیدیۆلۆژیاکانی تری وەک ئاین و بنەماڵە و خێڵ لەبەرامبەر گوتاری سیاسی نەتەوەییدا زاڵتر دەبینرێت..

دونیاگەرایی کەبریتیە لەعەقلیەتێک بۆخۆ رزگار کردن لەئاین، واتە خۆرزگار کردن لەکاریگەری دەستەو تاقمێک یان ئیدیۆلۆژیایەکی جێکەوتە لەسەر کۆمەڵگە کەئاین مەرجەعی یەکەمە، کارکردنە بۆناساندنی مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان، هەروەک چۆن رۆژئاواییەکان کاریان بۆئەوە کرد، چۆن کۆمەڵگە ئاشنا بکەن بەوەی چۆنێتی ئاین لەچەندێتی ئاین جیا بکەنەوە، هەروەها هۆشیارییەکی تەواو بدەن بەکۆمەڵگە کەجگە لەئاینی ناسراو واتە مەسیحیەت و یەهودییەت، ئاینی تری وەک (بوزی زەردەشتی و هیندۆسی و کۆنفۆشیۆسی و هتد هەیە)، وە دەبێت لانی کەم کۆمەڵگە بیانناسێت و خوێندنەوەیان بۆ بکرێت لەلایەن رۆشنبیرەوە، بۆئەوەی بچێتە نێو میتۆدەکانی خوێندنی باڵاوە، یاخود لەنێو ئینستیتۆکانەوە کەقوتابی خوێندنی باڵا کەڵکی لێوەرگرن و رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، ئەم ئەزموونە لەوکاتەوە سەرچاوەی گرتووە کەرۆژئاوا جیاوازی نێوان (کاسۆلیک و پرۆتستانت و لۆسەری) کردە باو، بەڵام لەبەر ئەوەی عەرەب نەیتوانی

جیاوازی نێوان مەزهەبەکانی خۆی کە سوونە و شیعەیە و مەزهەبی دیکە هەن، بوو بەمۆدێلێک بۆ کوردیش کەنەتوانێت ئەو رۆشنبیرییە بکاتە باو بۆخوی و لەنێو بزووتنەوەی ناسیونالیزمیشدا ئەم جیاوازیە بکات، بۆیە ئاین و عەلمانیەتی لەیەکتر بۆ جیاناکرێتەوە، بەڵکو تێکەل بەیەکتری کردوون.

ئەگەر وایدابنێین کەئاین یەکێکە لەبەربەستەکانی سیستمی بەڕێوە بردن، ئەوا دەبێت کورد چەند جارێک ئەم پڕۆسەیە پراکتیک بکات، چونکە لەفرەیی مەزهەبی و کولتووریدا ژیانی سیاسی دەکات، لەلایەک سوونە مەزهەبی ئیسلامیە و دراوسێ دەوڵەتیەکانیشی رازی بکات، لەلایەکی تر دەبێ پرسیار لەهۆکارەکانی ئەم بەربەستە بکات کەرێگرە لە عەلمانی بوونی دەوڵەت، واتە بەو چەشنە تەماشای کۆمەڵگە نەکات کەزۆرینە ئینتیمایان بۆ یەک ئاین هەیە، هەروەک لەگەڵ هاتنی جەمال عەبدولناسر جۆرێک سەر کەوتن بەدەستهات، لەگەڵ ئەوەی کەتەوژمی ئاینی لەلایەن زانایانی ئاینی هێڵی سەلەفیەت پێیان لەسەر ئیسلام بوونی کۆمەڵگە دادەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەوژومی عروبە و سەلەفییەت جیاکرابۆوە، بەڵام ئەم خۆ دابڕانە بەرلەوەی خۆدابڕان بێت لەئاین، خۆ دابڕانە لە عەقلیەتی فیودالیزمی و بیری پاشکەوتووی خێڵ و عەشیرەت، ئەمەیە خۆ رزگار کردن لە داگیر کاری و هاوسەنگی نێوان دیسپلین و ئازادی لەبەرامبەر ئەو نەیارانەی کە کورد بەزۆرە ملێی دەزانێ.

## دابەشکردنی کار لەرژێمی کوردیدا

تــەواوی ئــەو ئەرک و مافانەی کەلەرژێمی کوردیدا قســەی لێدەکرێ، بریتین لەدانانی دوو چینی دیاریکراوی سەردەســت و ژێردەســت، ئەو توێژانــەش کەدەکەونــە نێو ئــەم دوو چینەوە، ئەو کارانــە دەگرنە بەر کەلەپەراوێزی چینەکاندا هەن، یەعنی کار بۆدەســتەبژێرێکی سیاســی و رۆشــنبیر، جیاوازی هەیــە لەگەڵ کارێک کەبۆ جوتیــار و کرێکار و قوتابی و فەرمانبەر و پیشــەوەرەکان دانراوە، ئەمانە دواتر دەبنە دوو چینــی دیاریکــراوی نێو کۆمەڵگەیــەک کەلەهیچ شــوێنێکی دونیادا بەو ستایلە کار ناکرێت..

رژێمی کوردی دروست لەو رژێمەی هیپۆدام دەچێت کەلەپێش ئەفلاتۆندا و لەئەسینای کۆن دایڕژتبوو، ئەم رژێمە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی چینەکان و تێڕوانینی بۆچینەکان، هەم جێگەورێگە، هەم دەســەڵاتەکانی دیاریکردبــوو، فەلســەفەی ئــەم دابەشــکردنەش لەوێوە ســەرچاوەی گرتووە کەهەرەمێک لەدەســەڵات دروســت بــکات، بەومانایەی کەهەر یــەک لەوچینانە دەبنە بەشــێک لەو پلانانەی کەبۆدەوڵەت شایســتە و لەبارە، رەنگە لەوتێڕوانینەی هیپۆدام ەوە بتوانین هەمان دابەشــکردنی کار لەســەر رژێمی کوردی پراکتیک بکەین کەبریتین لەم چینانەی لای خوارەوە ...

بەپێــی ئەو پۆلین کردنەی ســەرەوە بێت، پیاوانی دەســتەبژێر و پیاوە بەهێزەکان و پیاوانی بەرهەمهێنمان جیاکردۆتەوە، کۆمەڵگە دابەشدەبێتە

ســەر دووچیــن، چینێکیــش لەنێوەراســتدا وەکو چینی ئەرســتۆکرات دەردەکــەون، چینــی پیــاوە بەهێــزەکان ئــەو چینەن کەچارەنووســی خەڵــک دیاری دەکەن لــەرووی سیاســیەوە، هەموو پیداویســتیەکانی ژیانیشیان بەزۆرەوە بۆدابین کراوە، هەر لەراگرتنی بەلانسی کولتوورە جیاوازەکانــەوە بگــرە کەبەخزمەتی خۆیــان کۆتایی پیدێــت، تادەگاتە هەڵبژاردنی زەوی و ماشین و ئارەزووەکانی تری ژیان، بۆنموونە هیچ زەویەک نیە کەموڵکی دەوڵەت و نەتەوە بێت هاوڵاتی بڕیاری دروستی لەسەر بدات، یان هیچ سەرمایە گوزارییەک نیە کەهاوڵاتی سادە بتوانێ دەستی بۆببات، بەبێ ئەوەی پیاوانی چینی فەرمانڕەوا رەزامەندیان لەسەر بێت، یان لانی کەم پشکی تێدانەبێت، هیچ پڕۆژەیەک نیە سەرمایەدارێک بەبێ ئینتیمای حیزبی و مەحسووبیەتی دەسەلاتداران بتوانن بەئەنجامی بگەێنن، تەنانەت ئەو پڕۆژە رۆشــنبیریانەش کەرۆشنبیرێک بۆخزمەتی خەڵک و بەرژەوەندی گشــتی، بیــەوێ بەئەنجامــی بگەێنێت، کەم جار وارێکەوتووە کەماستەر نامە یان دکتۆرایەک بدرێت بەکەسێکی لێهاتوو، کەچــی پیاوانی دەســەلاتدار یان کوڕی پیــاوە دەوڵەمەندو حیزبیەکان زۆرترین بەهرەمەندی ئەم بوارەن، تەنانەت حیزب بەرادەیەک دەســتی خســتۆتە نێو ئەم مەحفەلە مەعریفیەوە، تائەو جێگەیەی کەراگری کەم کۆلێــژ هەیە لەهــەردوو حیزبی دەســەلات دار نەبێ،ئەمــە ئەو تێۆری مەنفەعەتەیە کەمیل باســی دەکات و تەنها دەســەلاتداری دەســتەبژێر لەبەرچاوی دەگرن، لێرەوە دەتوانین ئەو تیئۆرە پۆاکتیک بکەین لەسەر رژێمی سیاسی و کارگێڕی کوردی..

***دەستەبژێری سیاسی***
***پیاوانی باڵادەستی حیزبی و سیاسی پیاوانی ئیداری و بەرپرسە حکومیەکان***
***پیاوە بەهێزەکان***
***دەوڵەمەندەکان خاوەن کارەکان هاوکارانی حکومەت***
***کارگەر و بەرهەمهێن***
***کرێکار جوتیار پیشەوەر***

**چینی دەستەبژێری پێشڕەو**

**پیاوانی باڵادەستی حیزبی و سیاسی** | **پیاوانی ئیداری** | **بەرپرسە حکومیەکان**

**چینی پیاوە بەهێزەکان**

**دەوڵەمەندەکان** | **خاوەن کارەکان** | **هاوکارانی حکومەت**

**چینی کارگەر و بەرهەمهێن**

**کرێکار** | **جوتیار**

### ١: چینی دەستەبژێری پێشڕەو

پیاوانی نێو ئەم چینە بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان رابردوو ئێستا بکەن، بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان توانای مەعریفی و رۆشنبیری بکەن، تەنها لەیەک شوێندا جیاوازی دەبینن، ئەویش جیاوازی نێوان بەرژەوەندیەکانی خۆیان و خەڵکە، تائەو جێگەیەی کەلەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان، پاشەکشە لەستراتیژی نیشتیمانیش دەکەن، پاشەکشە لەپرنسیپە دیموکراسیەکانیش دەکەن کەئیدیعای بۆدەکەن، ئەم دەستەبژێرە چارەنووسی نەتەوەیەکیان خستۆتە نێو جانتاکانیانەوە و لەتەک دەوڵەتان و کیانە سیاسیەکانیش مامەڵە و سەودای پێدەکەن، بازنەیەکیان دروست کردووە بۆکایە کردن لەنێو سیاسەتدا، هیچ کەسێک و دەستە و گروپێکی تر بۆی نیە تخوبی ئەو بازنەیە بشکێنێ، قەناعەتێکیان دروست کردووە بۆخۆیان خەڵک، کەهەر ئەوان راعین و دەبێ رەعیەتیش خەڵک بێت، لەحاڵێکدا سەرهەڵدان و دروست کردنی رەهبەر لەهەناوی خەڵک و کۆمەڵگەوە دێتە کایەوە، ئەم دەستەبژێرە بەئاگا و بێ ئاگا دەست لەم ستایلە کارکردنە بەرنادەن، بۆیە چینەکانی تر بەئۆتۆماتیکی دەچنە پەراوێزیەوە...

### ٢: چینی پیاوە بەهێزەکان

چینی پیاوە بەهێزەکانی کورد، تەنها لەپیاوە سیاسیەکاندا کۆنەبۆتەوە، بەڵکو لەو پیاوانە پێکهاتووە کەبەپاڵپشتی پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی نێو حیزب و خێڵ و عەشیرەت هێزیان پەیدا کردووە، ئەم چینە جگە لەوەی کە لەڕووی داراییەوە سوود مەندن، لەچوارچێوەی یاساشدا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە و یاسا ناتوانێ کۆنترۆڵیان بکات، بۆنموونە پیاو کوشتن و ژن کوشتن و تەجاوز کردنی زەوی و قۆرخ کردنی کۆمپانیای

تادەگاتە پێشێل کردنی یاسای هاتووچۆ نایانگرێتەوە، بەلەبەرچاو گرتنی ئەم حاڵەتە شــازە حکومەتیش دووچاری حاڵەتێکی شەرمهێنەر بۆتەوە و ناتوانێ بەریــان پێبگرێت، یەکەم لەبەر ئەوەی خاوەن ئۆتۆریتەیەکی جەماوەرین، دووەم لەبەر ئەوەی خاوەن سەرمایەیەکی بەشدارن لەگەڵ بەرپرســانی کوردســتان، ئیدی لەخانــەی پیاوە بەهێزەکانــدا جێگەیان بۆکراوەتەوە، چونکە چینێکی ترهەن کەبێهێزن، هەم لەڕووی ماددیەوە، هــەم لــەرووی مەعنەوەییەوە کەهیچ کالآیەکی ماســولکەیی و عەقڵیان لێناکرێدرێت لەلایەن حزب و حکومەتەوە.

**٣: چینی کارگەر و بەرهەمهێن**

ئــەم چینــە کەهەرچی ئەرکە قــورس هەیە کەوتۆتە سەرشــانی، نەک هەر ناتوانێ لەو فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتیانە رزگاری بێت، ناشتوانێ وەک کارەکتەرێکــی چــالاک لەوبوارەی خۆیدا بەرهەمــی خۆی ببینێ، تەنانــەت ئەو چینەش کەلەپەراوێــزی بەرهەمێنەکاندان، ناتوانن خۆیان ببیننــەو لەوەک هاوڵاتیەکی ســادە و ئاســایی، بەمانایەکــی تر ناتوانن لەبۆنە و رۆژە ئاساییەکانیشــدا ئینســانی ئاســایی بن، بەپێچەوانەوە بەچاوی جیاواز تەماشــا دەکرێت و ئەم وێنەیەشــیان خستۆتە بەردەم خەڵکیشەوە، بۆیە هەمیشە لەخوار چینەکانی ترەوەن.

ســەرەنجام رژێمــی کــوردی بۆمانــەوەی خــۆی لەو دۆخە شــازەدا، نەدەتوانــێ جارێکی تر متمانەیەکی تەواو دروســت بکات لەتەک خەڵک و تەواوی کۆمەڵگەدا، نەدەتوانێ چارەســەرێکی ریشەیی بۆبدۆزێتەوە و چاکسازی بکات لەنێو دامودەزگا فەرمی و نافەرمیەکاندا، بۆیە وەک رژێمێکی شاز دەمێنێتەوە.

## توندو تیژی نێو بزووتنەوەی ناسیونالیستی

هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی کەسنوری جوگرافیاکەی لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە ئابلۆقەدرا بێت، یاخود ستراتیژ و گوتارە سیاسیەکەی، مەترسی خستبێتە سەر سیستمی ئەو دەسەڵاتەی کەلەکێبەرکێدایە لەتەکیدا، رووبەڕوی ئیشکالیاتی ئەمنی و سیاسی و تەنانەت فەرهەنگیش دەبێتەوە، مەبەست لەئەمنی و سیاسی و فەرهەنگی، دەستێوەردانی دەرەکیە لەناوەخۆ و تەشکیلاتی ئەو رەوتگەلەی کەیەک ستراتیژی سیاسیان هەیە بەرامبەر بەدوژمن یان نەیارەکانیان، سابا ئەو رەوتانە هەڵگری هەر پڕۆگۆامێکی سیاسی فکری بن لەراستەوە تا چەپ، لەسیاسەتدا دەست بردن بۆهەر کارتێک بەپێی میتۆدەکەی (نیکۆلا میکاڤیلی) بۆسیاسەت کەلەکتێبی میردا ئاماژەی پێدەدات، جۆرە شەرعیەتێکی هەیە، بەوبیانووەی کەبەرگری کردن لەئەمنیەت و قەوارەی نیشتمانی، بەرگری کردنە لەسەروەرێتی یاسایەک کەپێشتر کاری پێکراوە و بڕیاری لەسەر وەرگیراوە، سا بائەو دەوڵەتە یان ئەو بزوتنەوە سیاسیانە، خاوەنی هەر ستراتیژیەتێک بن، لەسەر هەق بن یان ناهەق، ئەم کێبەرکێیە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و دەوڵەتدا هەبووە و توندوتیژی لێبەرهەمهاتووە، هەندێ جار لەپێناو چاکسازی و هەندێ جاریش لەپێناو دەسەڵات گرتنە دەست بووە، بۆئەمەش هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی هەیە..

**ا: هۆکارە دەرەکیەکان**

بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەرەوتە سیاسیە نەتەوەییەکان، جگەلەکاری تەنزیمی و بنکەی جەماوەری نێو شار و کێبەرکێی نێوان تەوەکان هەبوو، لەسنوور دەرچوونی جوگرافیا جیاوازی جموجۆڵی سیاسی کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەک ستراتیژی سیاسی ئەمنیمان پێ دەناسێنێ، ئەویش هەوڵدان بووە بۆ بەدەسەتهێنانی ئەومافە سیاسی و فەرهەنگی و یاساییانەی کەلەمیللەتێک زەوت کراوە، یەکگرتنەوەی ئەو جوگرافیایەی کەپارچە پارچە کراوە و داگیر کراوە، سابا ئەو داگیرکارییە لەژێر کۆنترۆڵی هەر دەوڵەتێک بووبێت، بۆنموونە کوردەکان دابەشی سەر دەوڵەتانی عەرەب و فارس و تورک بوونە، ئەو رەوتە سیاسیانەی کەگوتاری نەتەوەییان زیندوو کردۆتەوە لەژێر پەرچەمێکدا، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و چەکداریان کەجموجۆڵی پارتی زانیان کردووە، بەناچار چاوەڕوانی هاوکاری سەربازی و لۆجستیان لەهەر یەک لەووڵاتانە کردووە کەبارەگاکانیان کەوتۆتە نێو خاکی ئەو دەوڵەتانەوە و پەنایانداون، یان لەنزیک سنووری ئەو دەوڵەتانە بوون، لەبەرامبەر ئەم هاوکارییەشدا جۆرە داواکاریەک هەبووە لەو رەوتە سیاسیانە، سەرەنجام توندو تیژی لێبەرهەمهاتووە، سابا ئەو توندو تیژیە، سەربازی یاخود موخابەراتی بووبێ، هەرلەوەی حیزبەکان بەهەر بیانوویەک بوو بێت، کاریان لەسەر یەکتر کردووە و زیان و زەبری مادی و گیانیان لەیەکتر وەشاندووە، هەرچی تاکەکانی نێو ئەو رەوتانەشە، هەم لەباری فکری و هەم لەباری ئۆتۆریتەی کەسی و سیاسی و جەماوەریەوە، بەدەر نەبوونە لەو گەمە سیاسیانەی هەریەک لەودەوڵەتانە کەڵکیان لێوەرگرتوون.

هەڵبەت ئەم تەکتیکە تەنها لەکوردستان و لەنێو بزووتنەوە سیاسیە

کوردیــەکان نابینرێــت، بەڵکو لەزۆربــەی ئەو شۆڕشانەشــدا هەبووە کەلەنێــو کایــەی سیاســیدا هەڵســوڕاوو ڕەوتــی جیاوازیــان هەبــوو بۆچارەسەر کردنی ئیشکالیاتە سیاســیەکانیان، نمونەش شۆرشەکانی نیکاراگــوا و ڤێتنــام و کوبا و فللەند و هتد، ئــەم داتا کەمە ئەوەمان بۆ دەســەلمێنێ کەلەسەردەمی جەنگی ســارددا هەبوون، سابا ئەو جۆرە دزە کردنە ئەمنیە لەپێناو ئیدیۆلۆژیا بوو بێت، یان لەپێناو بەرژەوەندیە ئابوری و ســەربازی و سیستمە حوکمڕانیەکان بووبێت، بەڵام بۆکورد ئەم فەزا نەشازە هەمیشە لەبارتر و گونجاوتربووە، لەبەر ئەوەی کورد وەکــو پێشــتر ئاماژەم پێــدا، لەلایەن چوار دەوڵەت و چوار سیســتمی حوکمڕانــی و چوار ئیتنیکی جیــاوازەوە خاک و کولتورەکەی کۆنترۆڵ کــراوە، هەریەک لەودەوڵەتانە کەڵکیان لەنەیــاری دەوڵەتەکەی جیرانی وەرگرتــووە، بۆنمونــە عێراق کەڵکی لەئۆپۆزســیۆنی ئێــران و تورکیا وەردەگــرت بۆراگرتنی ئەمنی نیشــتمانی و دەوڵەت، ئێرانیش بەهەمان شــێوە کەڵکی لەئۆپۆزســیۆنی تورکیا و عێراق وەردەگرت و تورکیاش کەڵکی لەئۆپۆزســیۆنی ئێرانی و عێراقی وەردەگرت کەتائێستاش کورد نیمچــە قەوارەیەکــی هەیە، ئەم گەمە سیاســیە لەدۆخێکــی کۆنکریتیدا بەردەوامی وەرگرتووە، یان هەر یەک لەودەوڵەتانە کەڵکیان لەوکەسانە وەردەگرت کەلەبزوتنەوەکە زویر ببوون و دەبوون بەپیاوی حکومەت، ســا یــان دەبــوون بەپیــاوی موخابــەرات، یــان بەجاش و بەســیج و چەکــدار و پیاوی کارگێڕی و کاری هەســتیاری حکومی، یان دەبوون بەسەرکردایەتی سیاسی بەعس، لەوانەش دەزگای تەنفیزی و تەشریعی حوکمی زاتی کەچەند کوردێک دەیان برد بەڕێوە، یان حیزبی کارتۆنیان بۆدروســت دەکردن بەهەمان ئەو ناوانەی کەحیزبە کوردیەکان لەشاخ هەیانبوو، دیســان بەمەش کەڵک لەمێژوویەک وەرگیراوە کەلەرابردوو

مێژووی کوردا حیکایەتی جۆراو جۆری لێکەوتۆتەوە.
ئەگــەر فــلاش باگێــک بکەین و باگراوندی ئەم پرســە تەماشــا بکەین، مێــژووی کورد پڕە لەکێبەرکێی میرنیشــین و بنەماڵە و خێڵ و گروپی جیاجیای دژ بەیەکتر، لەوانەش میرنیشــینی سۆران و بابان، لەسەدەی بیستەمیش کاتێک عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کرابوو، لەسەردەمی شــێخ مەحمــود کەعەشــیرەت هەبــوون دەبــوون بەجاشــی ئینگلیز و دژایەتی شۆڕشــیان دەکرد، لەســەردەمی (بارزانی) هەندێ عەشیرەت هەبــوون، بەبیانــووی نەگونجان لەگەڵ عەشــیرەتی بــارزان، دژایەتی شۆڕشــیان دەکرد و دەبوون بەجاشــی حکومەت، تائێســتاش بەشێک لەو سەرۆک عەشــیرەتانە جاشی نێو دەوڵەتین و خەریکی پیلانن، لەم دواییەشــدا ســۆرانی و بارزانی و حیزبی چەپ و راســت و کلاسیکی، ســەرهەرڵدانی جەنگی نێوخۆیی رەوتە کوردیەکان، درێژە پێدەری ئەو کێبەرکــێ ناعادیلانەیە بووە کەرەگوڕیشــەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە، جەنگــی نێوخۆیی ئــەم دوواییەی کــورد، ئەگەرچــی تەفاوتی هەبووە لەگــەڵ جەنگە نێوخۆییەکانــی تر و جاربەجار لەترســی دوژمنەکانیان دانوستانی تیا کراوە، لەسەدەی ١٩ وە تاسەدەی ٢٠ و ٢١ یش درێژەی کێشــاوە، بــەلام توندوتیژیــەک کەلەســەدەی ١٩ هەبــووە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەسەرکردەکان و مێژوو نوسەکان نوسیویانە، جیاوازی زۆری هەیــە لەتــەک ئەوەی کەلەم دواییەدا بینیمان، پێشــتر بەشــێکی زۆری توندو تیژییەکان لەسەر ئاستی تاکە سیاسیەکان کەڵەکە کرابوو، رەنگە بەکوشــتن و پاشــەقول گرتــن لەیەکتر کۆتایــی پێهاتبێت، بەلام لــەم دواییــەدا رۆچووە نێو خەڵــک و ئەو گروپانەی کەســەر بەلایەنە حیزبیەکان بوون، ئەمانەش بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بوبێت، لەنێو گەمەیەکــی ئەمنــی و موخابەراتی هەڵدەســوڕان، یەعنی رێکخســتنێک

لەدژی ڕێکخستنێکی تر، دەزگای چاودێری موخابەراتی پێکدەهێنا، زۆرجاریش سیناریۆی بۆدادەڕێژرا کەخودی سیناریستەکانیش، پەییان بەو ڕێورەسمانە نەدەبرد کەمایەی قەناعەت پێکردنی خەڵک بوون. نەوشیروان مستەفا لەسەرەتای کتێبەکەی بەناوی (خولانەوە لەناو بازنەدا) باس لەوە دەکات کەچەندین جۆر گفتوگۆ کراوە لەسەر ئاشتەوایی کردنی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی کەئیبراهیم ئەحمد ساڵی ١٩٦٦ سەرکردایەتی دەکرد، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کەخودی بارزانی (مەلامستەفا) سەرکردایەتی دەکرد، ئەم دوو هێزە پێشتر لەنێو یەکتردا بوون، بەڵام دواتر ئینشیقاقی تێدەکەوێت، تاساڵی ١٩٧٠ کەبەموفاوەزاتی ١١ ئازار ناسراوە کۆمەڵێک دەستکەوتی بەدەستهێناوە کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەعس، هەرپێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلول شکست بخوات، حیزبی شیوعی لەگەڵ حیزبی بەعس بەرەیەک دروست دەکات، ئەم بەرەیە بەسە بۆئەوەی لەگەڵ پارتی تێکبچن و بکەونە وێزەی یەکتر و تەقە لەیەکتر بکەن بۆماوی چەند ساڵێک، دواتر حیزبی شیوعی لەگەڵ بەعس تێکدەچن و دچنەوە شاخ و هێزی پێشمەرگەیان تێگەڵ بەهێزەکانی پارتی دەکەن و دەبێتە هێزی شۆرشگێری کوردستان، دوا بەدوا ئەمە کە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ساڵی ١٩٧٠ شۆڕش لەڕێگەی موفاوەزاتەوە ئۆتۆنۆمی بەدەست دێنێت و چەند ساڵێک دەخایەنێت، اکو ساڵی ١٩٧٥ جارێکی تر موفاوەزات تێکدەچێت و شەڕ دەکەوێتە نێوان پارتی و بەعس و شۆرش سکست دێنێت و دەچنە ئێران، نەوشیروان مستەفا دان بەوەدا دەنێت کە وڵاتانی وەک ئێران و عێراق و سۆڤیەت نێوانی کردوون، ئەگەرچی بەرلەوەی شۆڕشی ئەیلول سکست بێنێ، هەردوو باڵەکە یەکدەگرنەوە، دواتر بەکودەتایەک کەڕێکەوتنی نێوان جەزائیر و عێراق و ئێران شکست

بەو شۆڕشـــە دێنــن و بەكودەتـــای جەزائیــر لەقەڵەم دەدرێــت، بەڵام دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیســت دروســت دەبێت كەعەلی عەسكەری و دكتۆر خالید ســەركردایەتی دەكەن، ئەوكات قیادە موەقەتە نازناوی پارتی بوو كەدواتر ناویان شۆڕشی گوڵان و كەمانای پارتی كۆن بوو، هەریەک لە سامی عەبدولرەحمان جەوهەر نامیق سەركرداتیان دەكرد، زۆربــەی خەڵكی پارتی ئاوارەی ئێران بوون، هەر لەو ســەرو بەندەدا كۆمەڵە وەک رێكخراوێكی جیاواز لەبزووتنەوە و پارتی دروست دەبێت رێبازی ماویزمی ماركسیزمی دەگرنە بەر، جگە لەوەی كەحزبی شیوعی هێشــتا وەک تەنزیم و پێشــمەرگەش لەناوشــار هەر مابــوون، لێرەوە جەنگی نێوخۆیی دروســت دەبێت، هەروەها بزووتنەوەی ئیســلامی و پارتی سۆسیالیســتی كوردســتان (پاسۆک) دەچنەوە شاخ، بەڵام لەبەر ئەوەی كەرێكخراوی كۆمەڵە و یەكێتی نیشــتیمانی كوردستان، كەپێیان دەگوترا خەتی پان، زۆربەی گۆڕەپانەكەیان بەدەســتەوە دەبێت، ئیدی جەنــگ دروســت دەبێت لەهەر كوێیــەک ئەم هێزانە یەكتــر ببینن تەقە لەیەكتر دەكەن، ســەرەتا لەیەكێتی و پارتیەوە دەست پێدەكات، شەڕی هەكاری كەعەلی عەسكەری و دكتۆر خالید دەكوژرێن لەگەڵ كۆمەڵێک پێشــمەرگەی تــر، دواتر لەناوچــەی ئاغجەلەر كۆمەڵێک پێشــمەرگەی سەرەتایی یەكێتی لەو ناوچەیە دەبن، لەوێ هەندێ پێشمەرگەی پارتی لەوناوچەیە ماونەتەوە، ئیدی بەبیانووی دانوستان و گفتوگۆ لەشوێنێک یەكتــر دەبینن، بەڵام هەردووﻻیــان نیازیان باش نابێت بەرامبەر یەكتر و كۆمەڵێكیــان ئەویتریان دەكوژن و تەســلیم بەرژێمــی بەعس دەبن، ئیدی ئەمە بەسە بۆئەوەی جەنگی نێوان ئەم دوو هێزە تاكۆتایی ساڵی هەشتاوهەشــت كەنزیک بەپرۆســەی ئەنفال دەبێت ئاشــت دەبنەوە و بەرەیەک پێكدێنن بەناوی بەرەی كوردستانی كەبریتی دەبێت لەشیوعی

و پارتـی و سۆسیالیسـت و پاسـۆک و ئیسـلامیەکان، دواتر لەدوای راپەرینەوە بەتایبەت لەدوای هەڵبژاردنەکانی سـاڵی ١٩٩٢ کەحکومەتی هەرێـم دروسـت کـرا، جارێکی جەنگـی نێوخۆیی دەسـت پێدەکات و بۆماوەی دەسـاڵ بەردەوام دەبێت، ئەم پەرەگرافەی کەتایبەتم کردووە بەجەنگی نێوخۆ کەبەشـێکی سـەرەکی بوونە بۆشکستی شۆڕشەکانی کـورد، چیرۆکی زۆر دڵتەزێنی تێدایە، هەروەک لەکتێبی یادەوەریەکانی سەرکردەکاندا نوسراونەتەوە، بۆنمونە کتێبی (ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک) کەنوسینی حەمەی حاجی مەحمودە و سێ بەرگە و لەم دواییەشدا قەدەغە کرا لەبەر ئەوەی زۆر نهێنی ترسـناکی تێدایە، کتێبەکانی نەوشـیروان مستەفا (خولانەوە لەنێو بازنەدا و پەنجەکان یەکتر دەشکێنن و لەخڕی ناوزەنگەوە بۆکەناری دانوب و یادەوەریەکانی کورد و هتد) کتێبەکەی سەید کاکە کەپێشتر سۆسیالیست بوو بەرلەوەی یەکگرتن بکەن لەگەڵ پارتی و ببێتە سـەرکردایەتی پارتی و ئەندام پەرلەمان لەسـاڵی ١٩٩٣ نوسـیویەتی. بیروەریـەکان (بەهادیـن نوری). یادەوەریەکانی (پشـکۆ نەجمەدین) و (مەلابەختیار) کەپێشتر لەریزی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو، دواتر دەبێتە سـەرکردایەتی ئالای شۆڕش و یەکێتی لێیان دەدات و بەدیل دەیگرن، هەروەها کتێبە شەش بەرگیەکەی (مەسعود بارزانی) کەکۆمەڵێک دیکۆمێنتی گرنگی تێدیە، یاداشتەکانی د. عەبدولستار تاهیر شـەریف کەلەسـاڵی ١٩٧١ تا١٩٨٣ لەدوو بەرگدا نوسیویەتی و پێشتر خۆی سکتێری پارتی دیموکراتی کارتۆنی بوو لەگەڵ حکومەتی بەعس و تاسـاڵی ٢٠٠٣ لەگـەڵ حکومەت بـوو چەند جارێک پلـەی وەزیر و مودیر عام و ئەندام تەنفیزی هەبووە و ساڵی ٢٠٠٨ لەشاری کەرکوک کـوژرا، دەیەهـا چیرۆکی تـری دڵتەزێنی تێدایـە کەبزووتنەوەی بەناو ناسیونالسیتی کوردی چەندە توندوتیژ بوونە بەرامبەر بەیەکتر، رەنگە

هەڵە نەبين ئەگــەر بڵێين بەبارتاقەی ئەوەی رژێمەكانی ئێران و عێراق و توركيــا و ســوريا لەكورد كوژراوە، ئەوەنــدەش لەنێوان بزووتنەوە سياســی و حزبە سياســيەكان كوژراوە بەپێی دانپيانانەكانی خۆيان و ئەوانــەش كەئاشــكرا نەبووە، رەنگە نموونە هێنانــەوەی گەرەك نەبێت بۆســەلماندنی توندوتيژی نێوان كوردان، بەقەد ئەوەی ناو هێنانی ئەو كتێــب و نوســەرەكانيان، تەنها وەبيرهێنانەوەيەك و پشــتگيری كردنی ئەو باســەيە بەناوی توندو تيژی بزووتنەوەی ناسيوناليزمی كوردی و هيچی تر ...

**ب: لەدەرەوەی كوردستان**

دەسەڵاتە يەك لەدوای يەكەكانی عێراق، ئەوەی لەكوردستان و عێراق پێيان كرابێت كردوويانە، ئەوەش كەبەوپێەی بەشــێكی ســەركردايەتی حيزبە سياسيەكان لەدەرەوەی كوردستان دەژيان، رووبەڕووی توندو تيژی بوونەتەوە، يان خۆيان توندوتيژيان بەكارهێناوە بەرامبەر بەيەكتر، دەزگا موخابەراتيەكانــی بەعــس، چەنديــن جار هەوڵی تيــرۆر كردنی سەركردەی سياسيان داوەتەوە، ياخوود ئامانجەكەيان پێكاوە، ئەوەش كەنەيانپێكاوە هەوڵی تيرۆر كردنی مەســعود بارزانی ســەرۆكی پارتی ديموكراتی كوردســتان بووە لەڤييەننای پايتەختی نەمسا، لەمدواييەش هەوڵــی تيــرۆر كردنی جــەلال تاڵەبانی ســكرتێری يەكێتی نيشــتمانی كوردســتان بوو، بەڵام جگە لەئاشــكرا بوونی پيلانەكە، ئامانجەكەشی نەپێــكا، بەڵام ئــەوەی كەهەندێ جار ئامانجەكەی پێــكاوە و هەندێكيان ئاشكرا بوون و دۆسيەكانيان لەدوای راپەڕين و روخانی ريژيمی عێراق ئاشــكرا بوون، هەندێكيان تائێستا ئاشكرا نەبووە چ هێزێكی سياسی و نێودەوڵەتی كاری تێداكردووە، بۆنموونە هەوڵی تيرۆر كردنی ئەندامانی

مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی لەوڵاتانی سۆڤیەت و لەنێو عێراقیش. ئەوەش کەئامانجی پێکاوە، تیرۆر کردنی دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو و دکتۆر شەرەف کەندی بوو، کەهەردووکیان سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوون، یان دەسگیر کردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بوو..

**توندوتیژیە خۆبەخۆییەکان:**

ئەوکاتەی حیزبە نەیارەکانی کوردستانی عێراق، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، لەکوردستانی ئێرانیش حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەو لەمدواییەشدا حیزبی دیموکرات بۆدووپارچە و کۆمەڵەش بۆ چەند پارچە، لەکێبەرکێی ناعادیلانە بوون دژ بەیەک، زۆربەی هەوادار و دۆست و ئەندامانی ئەم حیزبانە، چ لەکاتی ئاسایی واتە ئاشتی نێوان بووبێت یان لەکاتی ئاهەنگدا بووبێت، چ لەکاتی جەنگدا بووبێت دەستیان بۆتوندو تیژی بردووە، جا چ بەدەست بووبێ یان بەچەکی سپی، مەبەست لەچەکی سپی بەکار هێنانی چەقۆ و دار و کەرەستەی زامدارکەر بووە، یان دەست بردن بووە بۆ کاری نائەخلاقی، یاخود کار کردن بووە لەسەر کەیسی سیاسی یەکتر لەدەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیتەکانی پەنابەری، ئەم جۆرە توندوتیژیە هەڵگری ئەو گوتارە رقاویە بووە کەباگراوندەکەی لەمێژووی شۆڕشەکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەراستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆیەکتر سڕینەوە، دەستیان بردوو بۆدوژمنەکانیان لەئێران و عێراق و تورکیا، هەندێ جار لەکاتی موفاوەزات دژایەتی یەکتریان کردووە، هەندێک جاریش بەهۆی دووبەریەکی و قەبوڵ نەکردنی جیاوازی فکری و سیاسی نێوانیان

بــووه و ســەرەنجام کۆمەڵگە و هێــزی پێشمەرگەشــی کردۆتە چەند بەشێکەوەو دوژمنەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە..
ئەو توندوتیژیانەش کەلەدەرەوەی کوردســتان کــراوە، یەک جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئەوەی ناوخۆی کوردســتان، ئەویــش نەبونی بارەگای حیزبی و ئیداری بووە کەبەپەلە کارەکان رایی بکات، بەمەش نەتوانراوە دەقاودەق نەخشــە دارێــژراوەکان جێبەجێ بکرێ، بــەڵام کاریگەری و لێپێچینەوەکــەی دواجــار گەڕاوەتــەوە بۆکوردســتان کەهەندێکیــان تائێســتاش ئاســەواری ماوە. هەروەها کاریگەریــە نێگەتیڤەکانی وەک ئەوەی ناو کوردســتان نەبووە و رەنگبداتەوە لەسەر سەتحی کۆمەڵگە و زووتر هەواڵەکان ئاشکرا بکرێن..

**هۆکارە ناوخۆییەکان ...**

ئــەو دیکۆمێنتانەی کەدەیســەلمێنن توندو تیژی رەگو ریشــەی هەیە، وەکــو پێشــتر باســمان کــرد بەشــێکی زۆری لەنێــو هەنــاوی دەزگا موخابەراتیەکانــەوە ســەرچاوەیان گرتبــوو، لەوانــەش نەخشــەدانان بۆکوشــتن و ژەهــراوی کردن و تێوەگلان بەکێشــەی ئەخلاقی و هتد، بەشــەکەی تری ئەو یەکتر قەبوڵ نەکردنەی نێو حیزب بووە کە دواتر ئینشــقاق و جیابوونەوەی باڵەکانی حیزبــی لێکەوتۆتەوە و بەناوی تر حیزب دروســت بووە، هەڵبەت بۆئەمەش بیانوویەک هەبوو، کەسانێک هەبوون وەکو رۆشنبیری سیاسی دەردەکەوتن و سیاسەت و تەکتیکی حیزبەکەیــان پێی قەبوڵ نەبــوو، لەبەرامبەریشــدا ئەلتەرناتیڤی خۆیان هەبوو، ئەمــەش لەگرەوی ئەو گومانەدا دەســوڕایەوە کەســەرکردەو ئەندامەکانــی مەکتەبــی سیاســی حیزبەکان لەســەر یەکتــر هەیانبوو، ئەگەرچی هەندێ جار دوژمن خۆی ئەو دۆســیانەی دروســت دەکرد،

بۆئــەوەی ئۆپۆزســیۆنێک کەبەیەک چاو تەماشــای دەکــردن هێزێکی یەکگرتــوو نەبــن، نمونەش ئەو جەنگــە نێوخۆییە بوو کەلەســاڵەکانی شەســت لەنێــوان پارتــی و حیزبــی شــیوعی و دواتر پارتــی و باڵی مەکتەبی سیاســی کەبەباڵی جەلالیەکان ناونراوە روویدا، لەســەرەتای هەشتاکانیشەوە لەنێوان پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی سۆسیالیست و حیزبی شــیوعی و بزوتنەوەی ئیســلامی و پاسۆک و ئالای شۆڕش و هتد بینیمان، هەرلەهەمان ئەو سالانەدا جەنگی نێوخۆیی لەنێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات هەبوو، توندو تیژی نێوان ئەم رەوتانە گەیشتبووە رادەیەک، زیندانەکانیان هیچی لەشــێوەی زیندانەکانی ئەمن و ئیتلاعات و میتــی تورکی کەمتر نەبــوون، بەرادەیەک کەســانێک هەبوون لەبەر ئــەوەی بەکۆنە قینــی رابردوو کاری کردووە، وەکــو جەلاد مامەڵەیان لەگــەڵ نەیارەکانیــان یــان دیلــەکان دەکرد کەپێشــتر هاوســەنگەر و هاوچارەنوسی یەکتر بوون، بەتایبەت ئەو رێکخستانەی کەلەحیزبەکانی خۆیان دابڕابوون و دەســت هێزە سیاســیەکانی تر دەکەوتن، نمونەی ئەو ئەشــکەنجە و کوشتنانە زۆرن کەناکرێ ناویان بهێنین و ئامارێکی وردمان لەبەردەســتا نیــە. لەهەر چوار پارچەی کوردســتان هەبوون، ئەگــەر کوردســتانی ســوریا پانتاییەکــی لەبــاری نەبوو بۆشۆڕشــی چەکــداری، بەلام لەرێــگای مەکتەبی پەیوەندیەکانیانــەوە توندو تیژیان بەرامبــەر بەیەکتــر بەکاردەهێنــا، بــەلام زیندانیەکانی (کانی ماســی و ناوپردان و پشتئاشان و خواکوڕک و سەرگەڵو و راژان و قەندیل و هتد) بگرە. تادەگاتە بێســەرو شوێن کردن، شێوەیەکی تری ئەو ستایلە بوو کەدوژمنی ئەم بزوتنەوانە کاریان پێدەکرد، رەنگە هەندێ چیرۆک هەبن کەلەســەر زاری جەلادەکانەوە بیستومانن بۆئێستا هەم شیاو نەبێت و هەم جێگای باوەڕیش نەبێت و مانایەکی تری پێبدرێت، کەچۆن ئازاری

دیل یان زیندانی یان خەڵکی گوندەکانیان دابێت، مەبەستم لەحیزبی هەر چــوار پارچەکەی کوردســتانە، هەندێ جار ئەگەر ئازاری جەســتەیش نەدرابــن، ئــازاری ســایکۆلۆژی دراون، یاخود زیانی مادیــان بەیەکتر گەیاندووە، ئیتر هەر لەگرتنی بارەگا و ســوتاندنی دەغڵ و دان و تاڵان کردنی موڵک و دەســتدرێژی کردنە سەر ئافرەت و ناچار بەڕاگواستن کردن بەرەو شار لەگوند و شوێنەکانی خۆیان هەڵکەندرێن، کەدەتوانین ناوی شێوە راگواستنێکی لێبنێین.

رێگە نەدان بەرێکخستنێک کاری خۆی بکات لەناوچەیەک و لەناوچەیەکی تر بەهەمان شــێوە، ستایلێکی تری توندو تیژی سیاسی بوون و دواتر رۆدەچوونــە نێــو وردەکاری ژیانی ئــەو تاکانەوە کەسیاســیەتیان بۆ حیزبێــک دەکــرد، یان ئینتیمایان بۆحیزبێک هەبــوو، هەر لەوەی پارتی رێگەی بەرێکخســتنی یەکێتی نەدەدا، یەکێتیش بەهەمان شێوە، حیزبی شیوعی جاری واهەبوو، لەبەرامبەر توندو تیژی هەردوو حیزب بوارێکی بۆ چالاکی سیاســی نەمابــوو، هەڵبەت ئەوانیش قســوریان نەکردووە لەبەکارهێنانی توندو تیژی و کوشتن و راوەدوونان و جەبهە دروست کردن، لەکوردستانی ئێرانیش حیزبی دیموکرات رێگەی بەکۆمەڵە نەدەدا، کۆمەڵــەش بەهەمان شــێوە، پەکەکە رێگەی بەپارتــی و یەکێتی نەدەدا، پارتی و یەکێتیش بەهەمان شــێوە رێگەیان نەدەدا و زیندانی تایبەتیان بۆ دروست کرابوو. بزووتنەوە ئیسلامیەکانیش کەرەوتێک بوون دوای جەنگــی ســارد زیاتر گەشــەیان کرد، جگــە لەدژایەتــی کردنی حیزبە سیاسیە بەناو عەلمانیەکان، رێگەیان بەخەڵکی پێشکەوتوو خوازەکانیش نەدەدا، رێگەیان بەژیانی ئاســای نــەدەدا کەخەڵک بەئارەزووی خۆیان بژیــن، ئەوان دەوڵەتێک و سیســتمێکی ســەربەخۆیان هەبوو، ئەمەش لەبۆشــاییەکی گەورەی سیاســیەوە کەڵکی لێوەرگیرابوو، بەڵام ئەوەی

کەتەنهـا تونـدوو تیژی بەرامبـەر کراوە و لەبەرامبەر ئەوەدا دەسـتی بۆهیچ توندو تیژیەک نەبردووە، حیزبە رادیکاڵە کۆمۆنیستیەکان بوون کەبڕوایان بەئاڵوگۆڕی ریشەیی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی هەبوو، ئەمانـەش لەنێو خۆیاندا بەبیانووی جیاوازی فکری، دەیان کاری توندو تیژیـان بەرامبەر بەیەکتـر بەکاردەهێنا، هەموو ئەمانـەش هەم خەڵک شایەتی واقیعەکەین، هەم تاکەکانی نێو ئەم بزوتنەوانە و هەم دیکۆمێنت هەیە کەراستیەکان دەیسەلمێنێ.

## ا: باڵارۆیی

کولتورێـک کە لەنێو رەوتە سیاسـیە کوردیەکان هەبوو کولتوری باڵا رۆیی بوو، ئەم کولتورە هیچ بورایێکی بۆ هێز و توانای تاکە کەسی تر نەدەدا، یەعنی کەسـانێک هەبوون توانایان لەسـەرکردەکان زیاتر بوو، لەرووی دیبلۆماسـی و ئۆتۆریتەی جەماوەری و گوتار بێژی سیاسـی و ئەزموونەوە، بەڵام وەختێک پێوەرەکان پێوەری دیموکراسی نەبوون لەنێـو قاعیـدە و قەواعیدی حیزب، بەپێچەوانـەوە بەرژەوەندخوازی و کۆنترۆڵ کردن و قۆرخ کردنی سەرکردایەتی بوون، تادەگەیشتە ئەوەی کەسـی کاریزمای سیاسی دروست بێت، بەمەش توندو تیژی لێبەرهەم دەهات دژ بەوسـتایلە کارکردنە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیەک بۆئەوەی جێگەی سەرکردەکەی بگرێتەوە دەستی بۆکاری ناشەرعی و ناسیاسی دەبرد، یان بۆسـەی جیاوازی چەکداری و تەکتیکی سیاسی و ئەمنیان دەرهەق بەیەکتر بەکار دەهێنا، لەکاتێکدا ئەمە لەپرنسیپە ئەخلاقیەکان و کولتوری سیاسـی بزووتنەوەیەک نەدەوەشایەوە، کەکێشەی میللەتێکی چەند ملیۆنی لەئەستۆ گرتبوو خۆیان بەناسیونالیست بزانن..
زۆربەی ئەو سـەرکردە کوردانەی یاداشتی خۆیان لەکتێبێکدا نوسیوە

و بڵاویــان کردۆتەوە، باس لەناتەبایی حیزبی دەکەن لەگەڵ یەکتر، یان باس لەو ڕێگریانە کراوە کەئازادی بیرکردنەوەی بەرتەسک کردۆتەوە، بــەڵام هیــچ کامیان بــاس لەجیاوازی فکــری سیاســی و ئەلتەرناتیڤی سیاســی عیلمی ناکــەن، چونکە جیــاوازی فکری ناگاتە ئاســتی توندو تیــژی، بەپێچەوانــەوە ڕێگــە لەتوندو تیژی دەگرێــت و ڕێگەی گفتوگۆ بەچارەسەر دەزانێ، ئەوەش کەتوندو تیژی لێبەرهەم هاتووە، لەئەنجامی رق و کینــە و یەکتــر ســڕینەوە بــووە بەبێ ئــەوەی هیــچ بەڵگەیەکی مەلموسیان خستبێتە بەردەست، مەبەستم لەبەڵگەی مەلمووس ئەوەیە، ئەوکەســەی تموحی لەرابەرایەتی هەبووە یان خۆی بەموســتەحەق تر زانیوە، دەســتی بردووە بۆشتی ناشەرعی، ناشەرعیەتیش کاردانەوەی ناشەرعی لێدەکەوێتەوە.

هۆکارێکــی تری باڵارۆیی نێو حیزبە کوردیــەکان، ئەوەبووە کەرایەڵی سیاسی پتەوتری بەدەستەوە بووە لەرووی نێودەوڵەتیەوە، یان پێگەیەکی باشــتری هەبووە لەکن ئــەو دەوڵەتانــەی کوردســتانیان ئابلۆقەداوە، ئەمەش ســەرەنجام کارێکی وەهای کردووە شتەکان بەنهێنی بمێننەوە و شــەفافیەت نەبێــت لەنێو تەشــکیلاتدا، نەمانی شــەفافیەتیش لەکاری سیاسیدا گومان دروست دەکات، گومانیش زەمینە بۆرکابەرییەک خۆش دەکات لــەدەرەوەی پرنیســپە حیزبیــەکان کەتــەواوی ئەندامان حیزب لەســەری کۆکــن، بەمانەوەی ئــەم دڵەڕاوکێیە لەچارەنووســی خودی کەســەکان و حیــزب و خەڵک، دیســان زەمینە بۆجــۆرە کارێک خۆش دەکات کەســەرەنجام بەناچار کەسەکان لەکەسی شۆڕشگێڕ و پاکەوە دەگۆڕێــن بۆکەســی توندو تیژ بۆمانەوەی لانی کــەم خودی خۆیان و دوور کەوتنەوە لەمردن.

هۆکارێکــی تری توندوتیژی، دەگەڕێتــەوە بۆتەکەتولاتی فکری و هێڵی

سیاسیە لەنێو حیزب، هەندێ جار ئەم رەوشە کاری وەهای کردوە لەنێو جەرگەی جەنگدا لەگەڵ دوژمن، تاکەکان برادەری زۆر خۆشەویستی خۆیان لەپشتەوە بکوژن، یان موئامەرەیان بۆیەکتر دروست کردووە، هەڵبەت چیرۆکی لەم بابەت زۆرە کەچەند کەس لەپشتەوە کوژراوە و دواتر زانراوە، بۆیە کاتێک کەحیزب یان بنەماڵەی کوژراوەکە پێیان زانیوە، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوونە تۆڵە لەبکوژەکە بکەنەوە، یان هەوڵیان داوە تۆڵە لەحیزبەکە بکەنەوە لەرێگای دوژمنەوە بێت یان لەرێگای حیزبی نەیارەوە بێت، نمونە هێنانەوە بۆسەلماندنی ئەم راستیانە لەکتێبی بیرەوەریەکانی سەرکردەکان باشتر دەسەلمێنرێت، بۆیە بەپێویستم نەزانیوە چیرۆکە دڵتەزێنەکان لەزاری سەرکردەکانەوە جارێکی وەربگرم و بینووسمەوە.

**ب: هۆکارە سایکۆلۆژیەکان**

ئەو بەرزە منەی کەلەتاکی نێو رەوتە سیاسیە کوردیەکاندا هەبوو ئێستاش پاشماوەکەی ماوە، ئەم ستایلە کارکردنە کاریگەری ستایلی سیستمی بەعس بوو، ئەمەش گرێیەکی سایکۆلۆژی وەهای دروست کردووە کەلەگرێی کەسی ئاسایی ناچێت، ئەو تاکانە بەجۆرێک توندوتیژیان لێ ببوو بەنەریت کەبەشە سیاسیەکەشی خستبۆ پاڵ ئەو بەشەی کەوەکو سەربازێک هەڵسوکەوتی پێدەکرد، ئیتر هەرلەوەی کەلەبەرامبەر دوژمنەکەی چۆن رەفتاری کردووە، بەهەمان شێوە لەبەرامبەر حیزبە نەیارەکەی کردوویەتی، چونکی جێگەیەکی نەهێشتبۆوە بۆقەبوڵ کردنی بۆچونی سیاسیانە و ئەلتەرناتیڤێک کەلەبەرامبەرەکەی دەیبیست، ئەمەش کاردانەوەیەکی توندوتیژی بەرهەمدەهێنا، ئیتر توندوتیژی دەگەیشتە رادەی یەکتر کوشتن، یان راوەدونان و زیندانی کردن و

ئەشــکەنجەدانی یەکتر، ئەم خەسڵەتەش بەشــێکە لەو نەریتە کلاسیکیە سیاسیەی کەئیدیۆلۆژیای سیستمە تۆتالیتاریەکان کاریان پێیدەکرد، ئەم جۆرە ســایکۆلۆژیایە لەلای تاکی سیاسی کوردی بەبێ ئەوەی هەستی پێبــکات، رۆدەچــووە نێــو گروپــە کۆمەڵایەتیەکان و ئەوانــەی کەبنکە جەماوەریەکانی حیزبیــان دەوڵەمەنتر دەکــرد، بەڕادەیەک توندوتیژی پەڕەی سەندبوو، دوژمنی سەرەکی پشتی لێدەکرا و لەبیر چبۆوە، ئیتر هــەر لەبەکار هێنانی زمانی ناشــرین و بیانــوو بەیەکتر گرتن و زیانی ئابــوری و بەرژەوەندیە ئیداریەکانەوە بگرە تادەگەیشــتە زیانی گیانی وەکو پێشــتر ئاماژەمان پێــدا، ئەم ســایکۆلۆژیایە ئەوەندە جەماوەری ببوەوە کەهەرتاکێکی پێشــمەرگە یان کادری سیاسی رەفتاریان لەیەک دەچوو، جۆرە قەناعەتێک دروســت ببوو کەمادام ئەوان لەنێو رەوتێکی سیاســیدان و گیانی خۆیان بەخت کــردووە، ئیتر خەڵک مافی کەمتری هەیە بۆچوونی خۆی بەرامبەر بەئەدائی سیاسیەکان دەبڕێت، بەڕادەیەک کەخەڵک ترسی هەبوو لەوەی لەتەک پێشمەرگەیەکدا موناقەشەی فکری بکات.

### ج: راگەیاندنی حیزب

بەشــێکی زۆری کاری راگەیانــدن و خــودی ئــەو کارەکتەرانەی نێو میدیای شــاخ و شــاری حیزبەکان، جگە لــەوەی هاندەرێکی باش بوو وەکو ماشینێک بۆبەرهەمهێنانی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بەدوژمن، بەڵام بەشــێکی بۆئەوە تەرخان کرابوون و لەهەوڵی ئەوەدابوون توندوتیژی بکەنە شــتێکی باو و شــەرعیەت پێدراو، بەکارهێنانی دروشمی نابەجێ و ئیتفزازی و رەتکردنەوەی دروشــمی حیزبی بەرامبەر و شــێواندنی قســەی ســەرکردەکان و ناشــرین کردنــی ســلوکی تاکەکەســی و

بەکارهێنانی کارەکتەری مێینە بۆناشیرین کردنی سەرکردەیەک و هتد، لەتریبۆنی حیزبەکانەوە دەبوون بەقسەی سەرزاری خەڵک و جێکەوتە دەبوون، یەعنی دەبوون بەقسەی عەوام، یان هەوڵی دروست کردنی گروپ و هاوکاری گروپ گەلێکی تر لەدژی حیزبی بەرامبەر، بەشێکی تری ئەوکارانە بوون کەراگەیاندن هەم بەنوسین و هەم لەرێگای رادیۆوە، تەشهیر کردن بەئاین و مزگەوت و پیاوانی ئاینی لەگوندەکان و ئازاردانیان لەلایە چەکدارەوە بەناوی فکری مارکسی و چەپەوە، بەشێکی تری ئەو توندوتیژیە بوو کەلەسلوکی بزووتنەوەی چەپ و ئازادیخواز جێگەی نابێتەوە.
زۆربەی ئەو ستایلە توندوتیژیانەی لەسەردەمی شۆڕش لەشاخ کاری پێدەکرا، لەشەڕی ناوخۆی دوای راپەڕین دووبارە بووە، بەڵگەش بۆئەمە ئەگەر ئەوانەی شاخ لەبیری نەوەی نوێدا نەبێت، خۆئەدائی راگەیاندنی شەڕی ناوخۆی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەبیری ئەم نەوەیەدایە، رێگە نەدان بەگفتوگۆ کردن لەسەر جیاوازیەکان و پەخش نەکردنی قسەی سەرکردەی یەکێک لەحیزبەکان لەرادیۆکان و رۆژنامەکانەوە، بەشێکی تری ئەو وەزیفەیە بوو کەراگەیاندن دەیانبینی، یان تەشویش خستنە سەر شەپۆلی رادیۆی یەکتر، بەشێکی تری ئەو توندو تیژیە سیاسیە بوو کەپارت و رەوتە سیاسیە کوردەکان کاریان پێدەکرد، ئەمە جگە لەوەی دوژمنانی بزووتنەوە سیاسیەکان لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، سانسۆرێکی ئەمنی و تەکنۆلۆژیان دانابوو لەسەر هەریەک لەو راگەیاندنانەی کەلەسەر دەمی شۆڕشی شاخ، فاکتەرێک بوون بەهاندانی خەڵک دژی سیستمی دیکتاتۆری حکومەتەکانی بەعسی عێراقی و سوری و جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیای کەمالیست، بەم شێوەیە راگەیاندن بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ببوو بەبەشێک

لەو فاكتەرە نێگەتیڤانەی كەدەنگی راگەیاندنی بزووتنەوە سیاسـیەكان بەئاسانی نەگاتە خەڵك، ئەمە جگە لەوەی بڵاوكراوە و بەیاننامەی هەر حیزبێكـی نەیار بەحزبێك كەلەناوچەیەك باڵادەسـت بووە، بەدەسـت كەسـێكەوە بگیرابا، سـزای كەمتر نەبوو لەو خۆفرۆشـانەی كەسـەر بـەدەزگا ئەمنـی موخابەراتیەكان بوون، بەم شـكڵە راگەیاندن هەرچی زیاتر توندوتیژیەكانی كەڵەكە دەكرد و كۆمەكی جدی پێدەكرد كەخەڵك متمانەیان بەشۆڕش لاواز بێت و ئینتیمایان كەمتر بێتەوە.
ئەوەی لەمدوایەشـدا كەلەرێگـەی راگەیاندنی حیزبەكانـەوە بەتایبەتی پارتـی و یەكێتـی كاری پێدەكـەن، دانانـی چەنـد یـۆپ سـایتێكە دژ بەسیاسەت و كەسایەتی و سەركردایەتی یەكترن، ئەم یۆپ سایتانەش كەبەنـاوی سـەربەخۆوە كاردەكەن، هەم بەكارهێنانـی زمانیان و هەم بەدەست هێنانی ئەو دیكۆمێنتانەی بڵاوی دەكەنەوە و هەم ئەو نوسین و هەواڵـەی بڵاوی دەكەنەوە، لەتوانای كەسـی سـەربەخۆ و سـلوكی كەسی سەربەخۆ و كادری راگەیاندن ناچێت كەرێز لەقەڵەم بگرێت.
ئەگەرچـی بۆخۆیـان ناوبەناو كەیسـی یەكتر بڵاودەكەنەوە و پاسـاو بۆخۆیان دێننەوە، بەڵام شـتێكی ئاشـكرایە كەئەم سـتایلە توندوتیژیە تەكنۆلۆژیە نوێیەی كەدەسـتیان بۆبردووە، خڵتەو خاشـە و كۆنە قینە شـەڕی سـاردی پێدەكەن، بەدەلیلی ئەوەی كەلایەن و كەسـایەتیەكان كۆبوونـەوەی تایبـەت دەكەن بۆرێگـە گرتن لەو سـتایلە راگەیاندنەی كەلەدەرەوە و لەناوەوەی كوردسـتان بووەبە مۆدێلێكی سیاسـی، ئەم كۆنـە قینـە ئەگەر لەتوانایـدا بوایە و فەزاكـە وەكو جـاران واڵابوایە، لەبری دەسـت بـردن بۆئینتەرنێت و بڵاوكراوەی تـر، بەهەمان چەكی جاران درێژەیـان بەجەنگ دەدا، چونكە توندوتیژی نێو ئەم بزووتنەوە سیاسـیانە، لەسنووری ئەوە دەرچووە توانای كۆنترۆڵ كردنی هەبێت،

یـان لەخەیاڵدانی خۆیانـدا وەدەری بنێن، بێ متمانەیی بەسیاســەت و بڕیاری یەکتــر و ئیلتیزام نەکردن بەتەوجیهاتی ســەرکردایەتی یەکتر، باشترین سەلمێنەری ئەو راستیانەن.

## د: گاڵتەجاڕی

زمانــی نوکتەکــردن و گاڵتەجــاڕی کردن بەیەکتر و دروســت کردنی کاریکاتێــری تەلەفزیۆنــی و گاڵتەجــاڕی بەشــێوەزارە جیاوازەکانــی کــوردی، بەشــێکی تری ئەو ئاراســتە سیاســیە ناڕاســتەوخۆییە بوو کەسەرکردایەتیە سیاســیەکان، وەکو چەکێکی سپی دەستیان بۆدەبرد، بۆنموونە نوکتە کردن و گاڵتەجاڕی پێکردن بەخەڵکی شــاری هەولێر، یــان گاڵتەجاڕی بەشــێوەزاری بادینی و هەورامــی، یان رەتکردنەوەی عادەتــی کۆمەڵایەتــی ســلێمانی لەلایەن هەولێــرەوە و هتــد. زمانێکی ناڕاســتەوخۆی سەرکردایەتیە سیاســیەکان بوو، تاکو رۆدەچووە نێو کۆمیتــە و لــق و ئۆرگانەکانی تــری حیزبەوە، ئەم شــێوە توندوتیژییە لەجۆرەکانــی تــر ناخۆشــتر کاری پێدەکــرا، چونکــی ئەگەر کەســێک رووبــەرووی توندوتیژی ببوایەتەوە لەلایــەن حیزبێکە، لەبەر ئەوەبوو ئینتیمای بۆتەکتیک و سیاسەتێک هەبوو کەبڕیاری لەسەر دابوو، بەڵام گاڵەجاڕی و نوکتە کردن لەسەر شارێک و ناشرین کردنی شێوەزارێک، بۆکەســێک کەهیــچ پەیوەندیەکی بەسیاســەت و حیزبایەتیــەوە نەبوو، جەنگێکی ســایکۆلۆژی بــوو بەبێ ئەوەی پشــکداربێت تێیدا، باجەکەی دەدایەوە ئەمە لەکاتێکدا کەسەکان هیچ تاوانێکیان نەبوو لەوەی بادینین یان هەورامی یان هەولێری و ســلێمانی، لەم نێوەندەدا ئەوەی کەزیاتر قسەی ئەمنی ناشــرینی بەردەکەوت، خەڵکی شاری کەرکوک بوو، ئەم خەڵکە بەحوکمی ئەوەی کەشــارەکەی جگە لەحیزبە کوردســتانیەکان،

لەژێر کۆنترۆڵی بەعس بوو تاکو روخانی، هەمیشــە ئاوارە بوون، جگە لەنــاوی ئاوارەیی ناوو ناتۆرەی تریان لێدەنــان، وەکو tnt و قەرەج و بێ ئینتیما و گێل و هتد. لێرەوە توندو تیژیەکان بەشێکی لەکۆڵ حیزب دەبووەوە، دەکەوتە نێو شــارەکانەوە، لەکاتێکدا تەواوی ئەو رێوشوێن و بەکارهێنانــی زمانە ناشــرینانە لەلایەن ســەرکردایەتی حیزبەکانەوە رێگە پێدراو بوو.

**توندوتیژی ئەدەبیاتی حیزبی**

ئەوەی کەباشــترین شاهیدی توندو تیژیەکانی نێو بزوتنەوەی سیاسی کوردیــن، ئەوەیــە کەئەدیــب و شــاعیرەکانیش بەشــیعر و چیــرۆک بەشداریان تێداکرد، ئەوانەش کەئینتیمای حیزبیان نەبوو و هەڵوێستیان وەردەگرت، نموونەیان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێت، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێست نواندنەش گەورەترین باجیان دەدا، ئەویش ناشرین کردن و بێکار کردن و نان بڕاو کردنیان بوو...
نمونەیەکی کێبەرکێی ئەدەبیاتی توندوتیژی حیزبە کوردیەکان، ئەوەبوو کەهەرکەس هەڵوێستی هەبوایە، بێبەش دەکرا لەو ڤێستیڤاڵە حیزبیانەی کەبەناوی هونەر و ئەدەبەوە شــایلۆغانی بۆدەکرا، یان بابەتیان بۆبڵاو نەدەکردەوە، یان زەمینەی کاری هونەریان بۆ فەراهەم نەدەکرد، حیزب و ئیدیۆلۆژیای حیزبی سیاسەتێک بوو بۆ پێچەوانە کردنەوەی گوتاری حیزبی و هیچی تر، یان بەرز راگرتن و بەبت کردن و بەکاریزما کردنی کەسایەتیە سیاسیەکان، بۆئەمەش ئەدیب دەبوو ئەو کارەکتەرە چالاکە بێــت کەشــیعر و وتاری فکری بڵاو بکاتــەوە لەنێو گۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیان.
هــەر ئەدیبێک لەم کایەیەدا زۆرترین چالاکــی هەبوایە، جێگە و رێگەی

سیاســی و ئیداریشــی بەردەکــەوت، یــان هاندەدرا بۆئــەوەی تموحی زیاتری هەبێت لەژیان و هەڵوێســت وەرنەگرتن لەکردەوە نەشازەکان، یەکێک لەمۆدێلە سیاسی و ئەدەبیەکان بوو، ئەم کایەیە زیاتر لەهەموو کایەکانــی تــر کاریگــەری خراپی لێکەوتــەوە، چونکە دەســتەبژێرێکی شــارەزا لەقسەکردن و هۆشیاری و رۆشــنبیری گەمەیان تێدا دەکرد، ئیــدی حزب بەهەوموو توانایەکی خۆیەوە هاوکاری ئەو کارەکتەرانەی دەکرد کە کۆمەکیان بەو سیاسەتە دەکرد.

## سەرەنجام

بۆیە بۆ هەر باسێک دەرەنجاممان دیاری نەکردووە، چونکە دووچاری ئیشکالیاتی جۆراو جۆر دەبووین، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە باسەکەمان دابەشی سەر دوو چاپتەر بکەین.

چاپتەری یەکەم: کار لەسەر چەمکی سیاسەت و دەوڵەتشاری یۆنان کراوە کەفەلسەفەی سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر ناسیونالیزم، چونکە ناسیونالیزم تێکەڵی جۆرێک لەدەوڵەت کراوە، بەناچار دەست براوە بۆ یاسا و فەلسەفەی دەوڵەت، لەمڕاستایەشدا ناسیونالیزم وەک ئەو چەمکە دەرنەکەوتووە کەرۆژئاواییەکان بە داهێنانی خۆیانی دەزانن، یان ئەوەی موناقەشەی فکری و فەلسەفی لەسەر کراوە لەلایەن بیرمەندانی ئەوروپا. هەندێک لەو بیرمەندانە ڕەتی دەکەنەوە نەتەوە ڕەسانەیەتی هەبێت و ناسیونالیزم بیری سیاسی تەندروست بێت، بەقەد ئەوەی کە جیاکردنەوەی ئینسانەکانە لەیەکتر، هەروەها باس لەوە دەکەن کەئەو بۆچوونەی کارێکی وەهای کردووە ئەم چەمکە بخرێتە دەرەوەی سیاسەت و دەوڵەتی پی پێناسە بکرێت، ئەوە بووە کە لەم دواییەدا رۆژئاوا بەگشتی قەناعەتی هێنا بەوەی کەناکرێ دەوڵەتی نەتەوەیی بچەسپێت، چونکە بەپڕاکتیک گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەوڵەت دەبێت دەوڵەتی فرەیی لەکولتوور و نەتەوە و مەزهەب بێت.

هەرچی بیرمەندانی ترە کەدژە بۆچوونیان هەیە پشتگیری لێدەکەن و پاساوی بۆ دەهێننەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەجهانی دوو جەمسەری

و جەنگی سارد نەما بەسەرکەوتنی ئامریکا کۆتایی هات و سۆڤیەت روخا، ئیدی نەتەوەکانی تر کەوتنە دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. لەوانەش تاجیکستان و ئەرمنستان و قیکیزستان و ئازربایجان و ئۆکراین و ئۆزبەکستان و داغستان و روسیاسی سپی و هتد.

چاپتەری یەکەم: تیئۆری سیاسیە و لەیۆنانەوە تاکو ئەوروپا و ئێستا کەپەیوەندی بەناسیونالیزمەوە هەیە، هەروەک لەسەرەتای باسەکەماندا بەیانمان کردووە. پاشان تیئۆری سیاسی رۆژئاوا و تیئۆری رەخنەی سیاسی رۆژئاوا و قوتابخانەی فرانکفۆرت بەنمونە هاتۆتەوە.

چاپتەری دووەم: لەژێر رۆشنایی ئەو مێژووەیە کە پراکتیزە کردنی ئەو تیئۆرانەیە لەسەر چەمکی ناسیونالیزم و نەتەوەی کوردە، هەروها خوێندنەوەیەکە بۆ نەتەوەخوازی و بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستان و پێکهاتەی نەتەوەیی کورد لەناسراوترین عەشیرەت و بنەماڵەکان، گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە هەر وەک چۆن (ئێرنست رێنان و کلۆد برنارد) وەکو دوو تیئۆریستی سیاسی ئەوروپا و ئامریکا، وای بۆ دەچن کەنەتەوە هیچ بنەڕەت و رەسەنایەتیەکی نیە، بەڵکو دروستکراوی قەوارەیەکە لەقەوارە بچوکەکانی وەک خاوەن زەوی و دەرەبەگەکانەی ئەو سەردەمەی کەلە ئەوروپا هەبوون، لەبەر مەترسیەکانی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، خۆیان گرێداوە بەرێسایەکەوە کە سەرەنجام نەتەوەیەک دروست بووە، ئەم رێوڕەسمە سیاسیە لەتەواوی دونیادا بەم شکڵ و شێوەیە بووە، تەنانەت نەتەوەکانی وەک تورک و عەرەب و فارس و هتد کەهەر یەکەیان خاوەن شارستانیەتێکن لە شێوێنێکی ترەوە هاتوونە ئەم ناوچەیە و جێگیر بوون. ئەمەش زیاتر لەدوای سەرهەڵدانی قۆناغی دەرەبەگیەوە بووە بەمۆدێلی سیاسی، پاشان لەقۆناغی سەرمایەداری

و لەســەدەکانی ناوەڕاســتەوە چەمکی ناســیونالیزم گەشەی کردووە، دواتر بزووتنەوە سیاســیەکان کەڵکیان لــەم چەمکە وەرگرتووە و ئەو قــەوارە بچوکانــەی کەقەوارەی نەتەوەیــان گەورەتر کــردووە، لەژێر ئەم عینوانە سیاســیەدا دەســتیان کردووە بەخەبات دژی ئیمپریالیزمی جهانــی، دوابەدوای ئەمەش دەوڵەتانی جهان بۆ چارەســەر کردنی ئەم کێشــە سیاســیە، کۆمەڵێــک کۆنگرە بەســتراوە بۆ ئــەو نەتەوانەی کە لەژێر دەســتی نەتەوەی گەورە مافیان زەوت کــراوە، یان کەوتوونەتە ژێــر دەســتی داگیرکەرانەوە، هــەر ئەوەی کە چەندیــن بەڵێننامە ئیمزا کراوە، یان ئەوەی لەژێر کاریگەری فکری مارکسدا هاتووە کە بەشێکی سۆسیالیزم، بۆئەوە بووە کەهەموو دونیا و کۆمەڵگەی بەشەری پێکەوە بژیــن و نەتەوەی ســەردەســت و ژێر دەســت نەمێنێت، دواتر لەســەر دەمی لینین زیاتر تیئۆریزە کراوە و لەزۆر شوێنی دونیا پاڵپشتی کراوە بەپراکتیــک کراوە، دواتر لە عصبە الامم کــراوە بەکارنامە و چۆتە نێو مەحفەلی سیاسیەوە. هەروەها بەیانامەی مافەکانی مرۆڤ و کۆنگرەی پراگ و هتد.

لەبــارەی نەتــەوەی کوردیشــەوە، هەوڵمانــداوە کار لەســەر ســەر هەڵدانی بزووتنەوەی ناســیونالیزم بکەین کەســەرەتاکەی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە هاتووە، بەڵام شێوازی خەبات کردنەکە جیاوازی هەبووە لەوەی کەلەرێگای حیزبەوە داواکراوە لەدەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکان، ئەحمەدی خانی یەکەمین کەس بووە لەرێگای ئەدەبەوە گوتاری سیاسی نەتەوەیی داناوە و کاری لەسەر کردووە، لەلایەکی تریشەوە شەرەفخانی بەتلیسی وەکو مێژوو نوسیویەتی، ئەمانە بوون بەبنەڕەتی پەیدابوونی شــۆڕش و خەباتی سیاســی کورد لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا و عێراق و ئێران و ســوریا و کوردســتانی ســوور، ئیــدی بەدرێژایی

ئەو چەند سەدەیە، چەندین قۆناغی شۆڕش و ڕێکەوتننامەی بڕیوە و شکستی هێناوە، تاگەیشتووە بەوەی لەدوای بەهاری ١٩٩١ بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی بووە بەخاوەن قەوارەیەکی بچوک و هەرێمێکی کوردستانی، بەڵام ئەم قەوارەیە کە پێکهاتەکەی لەچەند حیزبێکدا کۆ دەکرێتەوە، نەیتوانیوە وەک بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی کار بۆ کۆ کردنەوەی دیکۆمێنتەکانی بکات و خەڵک لەخۆی رازی بکات، هەر ئەم هەڵسوکەوتە سیاسیەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەئەنجامی بیری ناسیونالیستی دونیای چینایەتی زیاتر زەق ببێتەوە، بەپێچەوانەوەی ئەوەی کەدەبوو لەدوای بەدەستهێنانی حەکمڕانی ئەو پرنسیپانە جێبەجێ بکات کەنەکەوێتە ژێر ئەوبارە قورسەوە کەناسیونالیزم ئەو پێناسەیە وەرنەگرێت.

# Nationalism And Its Opponents

Simko Mohamad